# به دەم ڕێگاوە گوڵچنین

## نەوەی دووەمی شاعیرانی قوتابخانەی بابان

نەوشیروان مستەفا ئەمین

کتێبی یەکەم

بەرگی سێیەم

www.nawshirwanmustafa.org

نەوشیروان مستەفا ئەمین

# بە دەم ڕێگاوە گوڵچنین

## نەوەی دووەمی شاعیرانی قوتابخانەی بابان

کتێبی یەکەم - بەرگی سێیەم

**چاپی یەکەم**
2019 زاینی

**ISBN: 978-9922-20-381-2**

**بە بێ پرسی 'لیژنەی پاراستنی ئەرشیفی نەوشیروان مستەفا ئەمین'**
**لە چاپدانەوە و لەبەرگرتنەوەی ڕێگە پێ نەدراوە.**

**نوسینی: نەوشیروان مستەفا ئەمین**
**بابەت: ئەدەبی و کۆمەڵناسی**
**چاپ: چاپخانەی ژین، سلێمانی**
**بەرگ:** Ali Khawaji

# ڕوونکردنەوە

خوێنەری بەڕێز:

ڕەوانشاد نەوشیروان مستەفا ئەمین، سەرباری سەرقاڵی و خۆتەرخانکردنی ناچاریی بۆ کاروباری سیاسی، هەر دەرفەت و هەلێکی تا ڕادەیەک لەباری بۆ ڕەخسابێ، لێبڕاوانە کاری ساغکردنەوە و لێکۆڵینەوەی زانستی ئەنجام داوە. بۆیە دەشێ بڵێین، لەم ڕووەوە سەردەقی شکاندووە؛ بەو پێیەی بە ڕێبازێکی زانستیی وردەکار بە مێژووی سیاسی و ئەدەبیی کورددا چووەتەوە و بە گیانێکی داهێنەرانەوە هەڵیسەنگاندووە و شییکردووەتەوە و لە قاڵبێکی گونجاوی پڕاوپڕی خۆیدا دایڕشتووەتەوە. بۆیە ئەتوانین بڵێین، کارەکانی لە بواری خۆیاندا یەکەمینن و پێشتر کەس بەو شێوەیە لەسەری نەنووسیون.

ئەم کتێبەی بەردەستیشت بەرهەمێکی دیکەی بڵاونەکراوەیەتی، بە ناوی "نەوەی دووەمی شاعیرانی قوتابخانەی بابان"ەوە و لەسەر چوار شاعیری هەرە هەڵکەوتووی ئەو نەوەیەی نووسیوە: حاجی قادری کۆیی، شێخ ڕەزای تاڵەبانی، وەفایی، حەریق. بەپێی دوایین دێڕی نووسینەکەی سەبارەت بە حەریق، بە دڵنیاییەوە تەواوی نەکردووە.

جگە لەوە، هەر خۆیشی پێشەکییەکی جیاوازی بە هەمان ناونیشانەوە بۆ نووسیوە، کە زیاتر وا دیارە ڕەشنووس و سەرەقەڵەم بێ و بەتەمابووبێ وردتر و فراوانتر لەبارەیەوە بنووسێ. ئێمە لەبەر ئەمانەتی زانستی و مێژوویی و بایەخی پێشەکییەکە، بە پێویستمان زانی لە سەرەتای ئەم کتێبەدا دایبنێین.

وەک لەو پێشەکییەدا دەردەکەوێ، دەبێ ڕەوانشاد بەرنامەیەکی هەبووبێ تا لەو دوادواییانەی ژیانیدا لەسەر شیعر و تایبەتمەندیی یەکبەیەکی ناوە دیارەکانی نەک هەر نەوەی دووەم، بەڵکوو نەوەی سێیەمی ئەو قوتابخانە شیعرییەش بنووسێ. بەڵام بە داخەوە مەرگ مەودای نەدا و ئەم پرۆژەی نووسینەی بە تەواونەکراوی بەجێهێشت.

هیوادارین پسپۆڕان و شارەزایانی بواری مێژووی ئەدەبی کوردی لەمەودوا ئەم کارە بەئەنجامبگەیێنن.

لیژنەی پاراستنی ئەرشیفی نەوشیروان مستەفا

2019

# ناوەرۆک


**نەوەی دووەمی شاعیرانی قوتابخانەی بابان** ........................................ 11

**حاجی قادری کۆیی** ........................................................ 19

رێچەڵەکی ........................................................ 21

**بابەتەکانی شیعری حاجی قادر** ........................................ 25

حاجی و قاڵبی شیعرەکانی ........................................ 29

حاجی و ئاوارەیی ........................................ 31

حاجی و مێژوی کورد ........................................ 32

حاجی و زمانی کوردی ........................................ 34

حاجی و ئەدەبی کوردی ........................................ 38

حاجی و دەوڵەتی عوسمانی ........................................ 39

حاجی و شێخانی تەریقەت ........................................ 47

حاجی و هۆشیاریی نەتەوەیی ........................................ 56

لە بواری پێشکەوتنی تەکنەلۆجیا ........................................ 62

لە بواری ژیانی سیاسیدا ........................................ 62

لە بواری خوێندن و فێربووندا ........................................ 64

لە بواری ئابوریدا ........................................ 65

شیر و خامە........................................ 66

**دەنگدانەوەی شیعرەکانی** ........................................ 66

**کورتەی بابەت: حاجی و دەوڵەتی کوردی** ........................................ 69

**سەرنجێکی پێویست** ........................................ 70

**شێخ رەزای تاڵەبانی، شاعیری دیاردە ناشیرینەکانی کۆمەڵی کوردەواری** ........................ 73

رێچەڵەکی ........................................ 75

**تورک و تەریقەتەکانی تەسەوف** ........................................ 76

**پلەی خوێندنی** ........................................ 76

**دو وێستگەی ژیانی:** ........................................ 77

وێستگەی یەکەم: تۆرانی لە کەرکوک ............ 77

وێستگەی دوەم: تۆرانی لە کۆیە ............ 79

**باری گوزەرانی شێخ رەزا** ............ 82

**گەندەڵی داوودەزگاکانی شێخانی تەریقەت** ............ 85

**دەنگدانەوەی شیعرەکانی** ............ 86

غەزەلەکانی ............ 87

**شێخ رەزا و ژینگەی کۆمەڵایەتی** ............ 88

دیاردەی نێربازی ............ 88

قوڵکردنەوەی ناکۆکی‌ی نێوان شار و خێڵە کوردی‌یەکان ............ 90

مەدحەکانی ............ 96

داواکانی ............ 101

هەجوەکانی ............ 104

هەجوی زەق ............ 105

هەجوی توێکڵدار............ 108

لە نێوان شێخ رەزا و شوکری فەزڵی‌دا............ 109

**سەرنجێکی پێویست** ............ 112

**وەفایی و کتێبی "تحفة المردين"** ............ 115

**رێچەڵەکی** ............ 117

**پیشەی** ............ 117

**وەفایی و شێخ عوبەیدوڵای شەمزینی (نەهری)** ............ 118

**وەفایی و تەریقەت** ............ 120

**خەونەکانی وەفایی** ............ 121

وەفایی و خەونی بڕینی پێوەندی لەگەڵ شێخ عوسمان و خانەقای بیارە ............ 121

وەفایی و خەونی مەرگی شێخ عوبەیدوڵای نەهری ............ 122

وەفایی و شەیتان ............ 125

وەفایی و کارێکی نا شەرعی ............ 125

وەفایی و کارێکی پێچەوانەی تەریقەتی پیاوچاکان ............ 125

**وەفایی و حەج** ........................................................ 126
**شێخ عوبەیدوڵڵا و شێخایەتی** ........................................ 126
**هەندێ لە لێکەوتەکانی دامەزراوەی تەریقەت:** .......................... 129
دامەزراوەی تەریقەت بۆتە دامەزراوەیەکی ویراسی ........................ 129
دامەزراوەی تەریقەت و سیستەمی دەرەبەگی لە کوردستان ..................133
دامەزراوەی تەریقەت سنوری خێڵ و ناوچەی بەزاندوە ...................... 134
پرسینەوەی سکاڵای ستەملێکراوان ........................................ 134

**حەریق** .................................................................... 137
**ڕێچەڵەکی** ............................................................ 139
**قۆناغەکانی ژیانی** ...................................................... 139
حەریق لە خانەقای بورهان .................................................. 139
حەریق لە مزگەوت دا ........................................................ 142
**قاڵبی شیعرەکانی حەریق** ................................................ 143
**بابەتی شیعرەکانی حەریق** ................................................ 145
مەدحەکانی شەمسی بورهان ................................................... 145
غەزەلەکانی ................................................................. 153
**بابەتی جۆراوجۆر** ........................................................ 156
سیغار و چا ................................................................. 156
مەکتەبی روشدیە ...............................................................157
نامە بە شیعر ................................................................. 158
**حەریق و رەخنەی کۆمەڵایەتی** ............................................ 160

## نەوەی دووەمی شاعیرانی قوتابخانەی بابان

| | |
|---|---|
| فایەق | (1806 - 1889 ز) |
| کەیفی | (1814 – 1883 ز) |
| حاجی قادر | (1824 - 1897 ز) |
| مەحوی | (1831 - 1906 ز) |
| شێخ رەزا | (1837 - 1910 ز) |
| ئەختەر | (1839 – 1888 ز) |
| وەفایی | (1844 - 1902 ز) |
| ئاهی | (1845 – 1906 ز) |
| خەستە | (1845 – 1906 ز) |
| خاکی | (1845 – 1906 ز) |
| مەلا حەمدون | (1850 – 1915 ز) |
| حەریق | (1856 - 1909 ز) |
| ئەدەب | (1859 - 1916 ز) |
| سابیری | (1882 – 1944 ز) |
| فکری | ( ؟ - 1887 ز) |
| رەمزی | ( ؟ – ؟ ) |

لە ساڵەکانی ناوەڕاستی سەدەی نوزدەهەم دا کە هەردو دەوڵەتی عوسمانی و قاجاری بەرەو پێکهاتن و بەلاداخستنی کێشە ئەرزیەکان چون و ڕێکەوتنی یەکەم و دوەمی ئەرزرۆمی لێ کەوتەوە و هەردو دەوڵەت بە ناوی ئیسلاحات و تەنزیماتەوە بەرەو مەرکەزیەتی زیاتر چون، میرنشینە کوردیەکان لە لایەن دەوڵەتانی عوسمانی و قاجاریەوە کۆتاییيان پێ هێنرا و هەمو سەرزەمینی کوردستان کەوتە ژێر ئیدارەی ڕاستەوخۆی ئەم دو حکومەتەوە: لە جزیرەی بۆتان میرایەتی عەزیزان، لە ئامێدی میرایەتی بادینان، لە ڕەواندز میرایەتی سۆران، لە سلێمانی میرایەتی بابان، لە سنە میرایەتی ئەردەڵان، لە مەهاباد میرایەتی موکریان.

سەرهەڵدان و گەشەکردن و بەردەوامیی قوتابخانەی شیعری بابان لە لایەن هەر سێ شاعیرەوە– نالی، سالم و کوردی، کە بە سێکوچکەی ئەم قوتابخانەیە دا ئەنرێن، هاوزەمان بو لەگەڵ ئەم ڕوداوانەدا.

نالی بە یەکجاری ئاوارەی حیجاز و شام و ئەستەموڵ بو، تا ئیستا ساغ نەبۆتەوە کەی و لە کوێ کۆچی دوایی کردوە. بەڵام بەڵگەکان دەری ئەخەن تا ساڵی 1266 ک: 1850 ز هەر لە ژیان دا بوە. (بڕوانە: مناظر الانشاء، تألیف محمود محمد الگیلاني، تقدیم وشرح الابیات العربیة الملا خضر النالي الشهرزوري، تحقیق ومراجعة وتلخیص الدکتور صباح محمد البرزنجي، السلیمانیة، مؤسسة ژین، 2011). ئەم کتێبە ساڵی 1266 ک نوسراوەتەوە کە هێشتا نالی لە ژیان دا بوە.

سالم لە نێوان سلێمانی و سنە و تاران دا هاتوچۆی کردوە و تا ئیستا ساغ نەبۆتەوە ئەویش کەی و لە کوێ کۆچی دوایی کردوە، بەڵام بەڵگەکان دەری ئەخەن تا ساڵی 1862 ز هەر لە ژیان دا بوە.

کوردی لە نێوان سلێمانی و تاران دا هاتوچۆی کردوە و هەر بەو بۆنەیەوە لە کوردیەوە ناوی خۆی گۆڕیوە بۆ هیجری. تا ئیستا ئەویش ساغ نەبۆتەوە کەی و لە کوێ کۆچی دوایی کردوە.

ئەگەرچی دیوانی نالی چەند جارێ چاپ کراوە، دیوانی سالم چەند جارێ چاپ کراوە، دیوانی کوردی چەند جارێ چاپ کراوە، بەرهەمی ئەدەبی، چ شیعر و چ بابەتی ئەدەبیی تری هیچ کام لەم شاعیرانە، کە پێشەنگی داهێنانی قوتابخانەی شیعری بابان بون و بە نەوەی یەکەمی ئەم قوتابخانە شیعریە دا ئەنرێن، بە تەواوی نە گەیشتۆتە ئەم سەردەمە، تەنانەت کەی و لە کوێ مردون، هێشتا نادیارە.

درێژەپێدەرانی ئەم قوتابخانەیە کە دوای ئەوان هاتونەتە مەیدانی ئەدەبیەوە، کە ئەشێ بە نەوەی دوەمی ئەم قوتابخانەیە دابنرێن، ئەگەرچی شێخ ڕەزا لە بارەی زۆری ژمارەیانەوە ئەڵێ:

**چونکە شاعیر زۆر بوە لەم عەسرەدا**

**بۆتە حەشری نێرەکەر لەم حوجرەدا**

بەڵام بە پەنجەی دەست ئەژمێردرێن، لەوانە:

لە سلێمانی: مەحوی ، فایەق، فکری، ئاهی، خەستە، خاکی، ڕەمزی، مەلا حەمدون.

لە کەرکوک: شێخ ڕەزا، سابیری.

لە کۆیە: حاجی قادری کۆیی. ئەختەر، کەیفی.

لە موکریان: حەریق، وەفایی، ئەدەب.

ژینگەی سیاسی، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی نەوەی دوەم بە تەواوی جیاواز بوە لە هی نەوەی یەکەم:

لە روی سیاسیەوە- نەوەی یەکەم، ئەگەر لە سەردەمێک دا هەڵکەوتبن کە هێشتا دەسەڵاتی خۆجێیی- کوردی لە سلێمانی و دەوروبەری و لە ناوچەکانی تر دەسەڵاتی خۆجێیی میرایەتیە کوردیەکان زاڵ بوبێ، ئەوا نەوەی دوەم لە سەردەمێکدا ژیاون کە دەسەڵاتی بێگانەی- قاجاری لە سەرانسەری رۆژهەڵاتی کوردستان و دەسەڵاتی بێگانەی- تورکی عوسمانی لە سەرانسەری باکور و ناوەڕاست و باشور و خۆرئاوای کوردستاندا، زاڵ بون.

لە روی کۆمەڵایەتیەوە، هەردو دەوڵەت کەوتونەتە ژێر نفوزی دەوڵەتانی ئەوروپی، زوڵمی کۆمەڵایەتی، روتاندنەوەی ئابوری، سەربازگیریی زۆرەملێ، راپێچانی پیاوانی کورد بۆ شەڕە شکستخواردوەکانی ئێرانی- ئینگلیزی، عوسمانی- روسی.

لە روی ئابوریەوە روتاندنەوەی خەڵک و دانانی باجی گران و لە ئەنجامی ئەوەش دا برسێتی و روتوڕەجاڵی و هەژاریی کۆمەڵانی خەڵک.

نەمانی دەسەڵاتی خۆجێیی- کوردیی میرایەتیەکان، بۆشاییەکی دروست کرد کە دەسەڵاتی بێگانە نەی توانی بە تەواوی پڕی بکاتەوە. هەروەها مەلا و مزگەوتەکان، ئاغا و خان و بەگ و سەرۆکی عەشیرەتەکان نەیان توانی پڕی بکەنەوە. لەبەر ئەوە دەسەڵاتێکی تر جێگەی بەشێکی گرتەوە کە دەسەڵاتی شێخانی تەریقەت بو. تەریقەت سنوری جوگرافی ئەبڕی، سنوری پێوەندیی کۆمەڵایەتی خێڵی ئەبڕی.

لە کوردستاندا دو تەریقەت باو بون. تەریقەتی قادری و تەریقەتی نەقشبەندی. لە سەردەمی دەسەڵاتی میرایەتیە کوردیەکاندا، دەسەڵاتەکانی شێخانی تەریقەت سنوردار بون، نەیان توانیوە دەس وەر بدەنە کاروباری وڵاتەوە. بەڵکو سنوری چالاکی و هاوکاری دارایی لە لایەن میرایەتیە کوردیەکانەوە دیاری کراوە.

لە کوردستان ناوەندە گرنگەکانی تەریقەتەکان بریتی بون لە:

خانەقاکانی نەقشبەندی لە سلێمانی:

- مەولانا خالید لە گەڕەکی سەرشەقام
- حاجی مەلا عەلی لە گەڕەکی چوارباخ
- مەحوی لە ناوبازاڕی سلێمانی

لە هەورامان:

- خانەقای شێخانی بیارە، تەوێڵە و باخەکۆن

لە شەمزینان:

- خانەقای نەهریە

لە موکریان:

- خانەقای شەمسی بورهان

ناوەندی تەکیەکانی تەریقەتی قادریش لە سلێمانی و کەرکوک و کۆیە بوە.

ساڵ بە ساڵ خانەقا و تەکیە لە زیاد بوندا بون، خەریک بوە ژمارەیان لە مزگەوت زیاتر بێ.

دەسەڵاتی بێگانە لە کوردستاندا، قاجاری لە رۆژهەڵات و عوسمانی لە بەشەکەی تردا، دەسەڵاتێکی ستەمکار، گەندەڵ، تۆقێنەر بوە، نەی توانیوە ئاسایشی ناوچەکە دابین بکا و نەی توانیوە گوزەرانی خەڵکی کوردستان لە هی سەردەمی دەسەڵاتە کوردی‌یەکان باشتر بکا، بەڵکو کوردستانیان بەرەو دابڕان و گۆشەگیری بردوە و کردویانە بە سەرچاوەی کۆکردنەوەی داهات و داگیرکردنی زەویوزاری زەویدارە کوردەکان و سەربازگیری زۆرەملێ و ناردنیان بۆ بەرە دورەکانی جەنگ.

لە روی فەرهەنگی‌یەوە کوردستان لە دنیا دابڕاوە و دواکەوتوە لەو پێشکەوتنە فەرهەنگی و زانستی‌یەی دنیای ئەو سەردەمە بە خۆیەوە دی بو. تەنانەت بێ ئاگا بوە لەو پێشکەوتنەی کە تارانی پایتەختی دەوڵەتی قاجاری و ئەستەمولی پایتەختی عوسمانی بە خۆیانەوە دی بو:

لە ئێران، جوڵانەوەی ئەدەبی بازگەشت.

لە تورکیا، تەنزیمات و دانانی دەستور و دەرچونی دەیان رۆژنامە و گۆڤار و نوێکردنەوەی ئەدەبی تورکی.

سالم لە دوای روخانی میرایەتی بابان، لە وەڵامەکەی دا بۆ نالی، لە باسی هەلومەرجی سلێمانی دا ئەڵێ:

**شارێکە پڕ لە شۆر و وڵاتێکە پڕ لە شەڕ**

هەندێ لە شاعیرەکانی نەوەی دوەم، جاروبار لە دوتوێی شیعرەکانیاندا، چ لە رێگای نالەباری ژیانی تایبەتی خۆیان و چ لە رێگای هەندێ دیاردەی خراپەوە، ئاماژەیەکی رەمزی‌یان بەم هەلومەرجە کردوە.

مەحوی، دانیشتوی سلێمانی و سەردانیکەری بەغداد و ئەستەمول، لە بارەی دادگاکانی سەردەمی خۆیەوە لە ناو غەزەلێکی دلداری دا ئەڵێ:

**عەوامێ لە عارفێکی پرسی هەواڵی مەحکەمە و نائیب**
**بە ئەنگوشتی شەهادە ئیشارەی کرد بۆ مەسلەخ و قەساب**

لە شیعرێکی تری دا کە باسی هەلومەرجی سلێمانی ئەکا، قافیەی شیعرەکانی بە ئەلعیاز (العیاذ) ئەهێنێتەوە:

**بۆتە مونیس، بۆتە مەئوا، قەوم و شارێ ئەلعەیاذ**
**دێوی بێتێ، جێبەجێ دەڕوا بە بارێ ئەلعەیاذ**
**هەرکەسێ ساتێ لەگەڵ ئەم قەومە بو بێ، تا ئەبەد**
**بێتەوە فکری، لە زاری دادەبارێ ئەلعەیاذ**

شێخ رەزای تاڵەبانی، دانیشتوی کەرکوک و سەردانیکەری بەغداد و ئەستەمول، لە بارەی دو والی بەغدادەوە دواوە:

- ساڵی 1889 ز سری پاشا بۆتە والی بەغداد، شێخ رەزا لە بارەی ئەم والی‌یەوە بە تورکی وتویەتی:

**حقی اولنجە قاضی سری اولنجە والی**
**کل باشکە رعیت ویل لکم اهالی** (عباس العزاوی، تاریخ العراق بین احتلالین، المجلد8، ص114)

- ساڵی 1896 ز عەتائوڵا پاشا کراوە بە والی بەغداد، شێخ رەزا بە تورکی لە بارەی ئەم والی‌یەوە وتویەتی:

**عمری یوزدن متجاوز نە ایدر بر والی**

**اشته بوندن بوز ولور مملكتك احوالی**
**ملكك اصلاحنه برمیتی ایلر مامور**
**افرین قوه دراكه (باب عالی)** (عباس العزاوی، تاریخ العراق بین احتلالین. المجلد8، ص126)

## بابەتە ئەدەبی‌یەکانی نەوەی دوەم

### تەریقەت

یەکێ لە ئاراستە دیارەکانی شاعیرانی نەوەی دوەم، خۆ گرێدانە بە یەکێ لە ناوەندەکانی تەریقەتەوە. هەر یەکەیان لە گەڵ یەکێ لە شێخانی تەریقەت پێوەندی دۆستانە و هەندێ جار تا رادەی شێخ و مریدیان هەبوە. ئەمەش لە شیعرەکانیان دا رەنگی داوەتەوە:

### حەریق

ماوەیەک نیشتەجێی گوندی بورهان بوە، لە پەنای شێخ شەمسەدین و خانەقاکەی دا ژیاوە. لە شیعرەکانی دا ستایشی ئەکا، ئەڵێ:

**بورهان وەکو کەنعان و شەرەفکەند کە میسر بو**
**کردت بە مەدینەی ئەمەل و کەعبەیی غایەت**
**هەم شەمسی بە ئیسناد و هەم قوتبی بە ئیرشاد**
**ئەو خەرقە بەسە بۆ نەزەری ئەهلی کیفایەت**

### وەفایی

چۆتە لای شێخ عوبەیدوڵای نەهری لە شەمزینان، لە گەڵ ئەو ماوەیەکی زۆری بە سەر بردوە. دوای دورخستنەوەی شێخ بۆ حیجاز، هەر بە هۆی ئەوەوە چەند جارێ چۆتە حەج.

لە دوای مردنی شێخ عوبەیدوڵاش، لە گەڵ شێخ عەبدولقادری کوڕی دا هەر بەردەوام بوە. تەنانەت دواجار کە بۆ سەردانی ئەو چۆتە حەج، لە رێگای گەڕانەوەدا لە بیابانی ئەوێ مردوە.

چەندین شیعری بە کوردی و فارسی لە ستایشی شێخ و لە شیوەنی دا نوسیوە. هەروەها بیرەوەری‌یەکانی لەگەڵ شێخ بە فارسی نوسیوەتەوە و بە سەدان چوارینە رازاندویەتیەوە، کە زۆری هەر لە ستایشی ئەوان دایە.

### مەحوی

ناوی محەمەد و کوڕی مەلا عوسمانی باڵخی بوە. مەلا عوسمان مەلا بوە، لە هەمان کات دا خەلیفەی شێخ عوسمانی سیراجەدینی نەقشی بوە. ساڵی 1830 ز لە سلێمانی لە دایک بوە. بۆ خوێندن سلێمانی، سابڵاخ، بەغداد گەڕاوە. موفتی زەهاوی ئیجازەی مەلایەتی داوەتێ و لە مزگەوتی ئیمامی ئەعزەم بۆتە مامۆستا. گەڕاوەتەوە سلێمانی بۆتە ئەندامی دادگا. کە باوکی ئەمرێ، دەس لە کارەکەی ئەکێشێتەوە، جێگەی باوکی ئەگرێتەوە لە مەلایەتی و ئیرشادا. لە 1883 ز چوە بۆ حەج. لەوێوە چۆتە ئەستەموڵ. عەبدولحەمید فەرمان ئەدا خانەقایەکی بۆ بکەنەوە. موچە و بەرات و وەقفی بۆ تەرخان کراوە.

### فایەق

ناوی مەلا عوسمان و کوڕی حاجی ئیسماعیلە، ساڵی 1221 ک: 1806 ز لە گەڕەکی دەرگەزێن لە سلێمانی لە دایک بوە. بۆ خوێندن چەند جێگەی کوردستان گەڕاوە، تا لە تەوێڵەی هەورامان گیرساوەتەوە. لەوێ ئیجازەی مەلایەتی وەرگرتوە و ئیجازەی ئیرشادی لە شێخی سیراجەدین، شێخ عوسمانی نەقشبەندی، وەرگرتوە. لە سلێمانی لە مزگەوتێکا کە دواتر بە ناوی خانەقای حاجی مەلا عەلی کوڕیەوە ناسراوە، بۆتە مامۆستا و پێشنوێژ، هەروەها ئیرشادی تەریقەتی نەقشی کردوە. نازناوی عیمادەدینی وەرگرتوە. ساڵی 1307 ک: 1889 ز لە سلێمانی مردوە و لە خانەقاکەی خۆی دا نێژراوە. دانراوێکی بە ناوی "جوهرة العرفان" بە زمانی عەرەبی نوسیوە.

### فکری

سەبارەت بە فکری زانیاریەکی ئەوتۆ لە بەر دەست دا نیە، بەڵام شاعیرێکی ئەوەندە بە توانا بوە حاجی قادری کۆیی لە هەڵسەنگاندنی دا ئەڵێ:

**خۆ مەلا محەمەدی فکری**

**موی دەئەنگاوت بە تیرێکی فکری**

بەڵام چەند شیعرێکی کەمی لە بەر دەس دایە کە یەکێکیانی بۆ کاک ئەحمەدی شێخ، پیری تەریقەتی قادری داناوە. تەنیا ئەوەندەی لێ زانراوە کە شاعیری ئەو بوە. بەڵام کەی و لە کوێ مردوە هێشا ساخ نەبۆتەوە.

### شێخ رەزا

خۆی کوڕە شێخە و لە تەکیەی تاڵەبانی– قادری دا لە کەرکوک گەورە بوە و لە نێوان تەکیەی قادری بەغداد و ئارامگای شێخ عەبدولقادری گەیلانی دا ژیاوە، لە بەغداد مردوە و لەوێ نێژراوە.

شێخ رەزا شاعیری داشۆرین و جنێو و سوکایەتی کردنە، لە گەڵ ئەوەش دا هەر بە هۆی بەسترانەوەی بە تەریقەتی قادری، جگە لە ستایشی بابوباپیری خۆی، یەکێ لە شیعرەکانی تەرخان کردوە بۆ پیری تەریقەتی قادری، کاک ئەحمەدی شێخ، وتویەتی:

**مەربوتە حەیاتم بە سولەیمانی و خاکی**

**خۆزگەم بە سەگی قاپیەکەی ئەحمەدی کاکی**

لێرەدا ئەبێ پرسیاری ئەوە بکرێ؛ بۆچی زۆری شاعیرانی نەوەی دوەم، بە شێوەیەک لە شێوەکان خۆیان کردۆتە گرێدراوی یەکێ لەو خانەقا یا تەکیانە؟ ئەمە حاڵەتێکی فەردی نیە، بەڵکو لەو سەردەمەدا ئەشێ وەکو دیاردە سەیر بکرێ.

**ستایشی شێخانی تەریقەت:**

وەفایی: شێخ عوبەیدوڵا، شێخ عەبدولقادری کوڕی

ئەدەب: شێخی بورهان

حەریق: شێخی بورهان، شێخی سیراجەدین

شێخ ڕەزا: شێخ عەلی برای، کاک ئەحمەدی شێخ

فیکری: کاک ئەحمەدی شێخ

حاجی قادر: مەولانا، کاک ئەحمەدی شێخ

نمونە: فایەق

**سولەیمانی نیە فایەق، نگین و تاج ڕەواجی بن**
**وەرە تەختت بە تاراج دە وەکو عوسمانی عوسمانی**

* * *

**خاڵ موشکین، خەت ڕەیحان، مەهڕوخی غونچەدەهان**
**خاصە عوسمانیە، جۆیای ئەو عوسمان دەبێ**

* * *

**سیراجودینە، فایەق، ڕوی دڵبەر**
**مەهی ئەوجە لە بورجی ناز و غەنجە**

**سکاڵا لە دەسکورتی و نەباشی گوزەران:**

حەریق: ناهەمواری ژیان و داوای خۆراک

شێخ ڕەزا: داوای کەڵەشێر، ئێستر، توتن، پارە

مەحوی: نارەزایی لە دەس کاربەدەستان

**ستایشی دینی و موناجات**

مەحوی: بەحری نور

خاکی: بەحری نور

فایەق: موناجات

**بێ بەندوباری کۆمەڵایەتی**

شێخ ڕەزا: هەجو

ئەدەب: شەوی مەشهور

وەفایی: شیرین تەشی ئەڕێسێ

حەریق: ستایشی کوڕ

**نوێکردنەوە ناوەڕۆک و شێوە**

حاجی قادر: نیشتمان

# حاجی قادری کۆیی



**(**1824 – 1897 **ز)**

**لەناو شاعیرەکانی نەوەی دوەمی قوتابخانەی شیعریی باباندا، دەنگی حاجی قادر لە دەنگی هەمو شاعیرەکانی تر جیاوازە. حاجی قادر شیعری وەکو بەیاننامەی سیاسی بۆ گەیاندنی پەیامی بیری نەتەوەیی بە خەڵکی کوردستان، بەکار هێناوە.**

## رێچەڵەکی

حاجی قادر لە مانگی حاجییاندا، لە گوندێکی شاری کۆیە، لە خێزانی جوتیارێکی هەژار، لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەمدا لە دایک بوە. وەکو خۆی ئەڵێ:

**باوکم "ئەحمەد" بو ناوی، فکرم دێ**

**خەڵقی لادێ بـو دایکی من "فاتێ"** (حاجی قادر. ل 195)

پێ ئەچێ بە منداڵی دایک و باوکی مرد بن. زانیاری زۆرتر لە سەر خێزان و بنەماڵەکەی لە بەر دەس دا نیە. لەو سەردەمە دا بە زۆری منداڵانی چینە هەژارەکان رویان کردۆتە فەقێیەتی و خوێندنی مەلایەتی، چونکە خواردن و نوستنیان لە مزگەوتەکان دا بۆ دابین کراوە. حاجی بۆ خوێندن روی کردۆتە شاری کۆیە. کۆیە شارێکی ئاوەدان بوە. لە روی ئابورییەوە ناوەندێکی گەشاوەی کشتوکاڵ و بازرگانی بوە و لە روی فەرهەنگییەوە مەلای باش و مزگەوتی ئاوەدان و ئاغای خوێندەوار و شاعیر و هونەرمەندی هەڵکەوتوی تێدا بوە.

حاجی وەکو هەمو فەقێکانی کوردستان، بە خوێندن لە کۆیە دانەکەوتوە، بەڵکو کەوتۆتە گەڕان بە دوای خوێندندا لەلای مەلا زاناکان. چۆتە باڵەکایەتی و موکریان. لە موکریان کۆتایی بە خوێندن هێناوە و ئیجازەی مەلایەتی وەرگرتوە.

فەقێیەتی و خوێندن و گەڕانی حاجی، هاوزەمان بوە لەگەڵ ساڵەکانی کۆتایی دەسەڵاتی میرایەتییەکانی کورد: میرایەتییەکانی سۆران، جزیرە و بۆتان، بابان، موکریان، ئەردەڵان.

هەر لەو سەردەمەوە دەستی کردوە بە دانانی شیعر. بەڵام پێ ناچێ حاجی لە کوردستان مەلایەتی کرد بێ، یا ماوەیەکی درێژ مەلایەتی کرد بێ، بەڵکو بە یەکجاری رۆیشتوە بۆ ئەستەموڵ و هەمو ژیانی لە ئەستەموڵ بەسەر بردوە، هەر لەوێش مردوە.

بۆچی حاجی کوردستانی بەجێ هێشتوە؟ بۆچی روی کردۆتە ئەستەموڵ؟ کەی چوە بۆ ئەستەموڵ و بۆچی چوە بۆ ئەستەموڵ؟ لە ئەستەموڵ چ کارە بوە؟ وەڵامی ئەم پرسیارانە رون نین.

حاجی قادر کاتێ رۆیشتۆتە ئەستەموڵ، ئەستەموڵ یەکێ لە پایتەختە گرنگەکانی دنیا بوە. دەوڵەتی عوسمانی بە هۆی دواکەوتویی و گەندەڵی چینی حوکمڕانەوە، لە ناوەوە لاواز و لە دەرەوە دەوڵەتانی گەورەی دنیا، بۆ دابەشکردنی، چاوی تەماعیان تێ بڕی بو، لەناو خۆیاندا لە ململانێدا بون. دەوڵەتەکەیان بە "پیاوە نەخۆشەکە" و پرسی یەکلایی کردنەوەی چارەنوسی بە "پرسی رۆژهەڵات" ناو بردوە.

دەوڵەتی عوسمانی بۆ ئەوەی هەستێتەوە و لەو بارە نالەبارە رزگاری بێ، ژمارەیەک لە پیاوە گەورەکانی هەوڵیان داوە زنجیرەیەک چاکسازی بکەن. مستەفا رەشید پاشا (1800-1858 ز) کە رۆشنبیر و سیاسی و دیپلۆمات بو، ماوەیەک لە پاریس ژیا بو و لەژێر کاریگەریی پرنسیپەکانی شۆڕشی فەرەنسەدا بو، رابەریی ئەم جوڵانەوەیەی کردوە.

ساڵی 1839 ز چاکسازی بە ناوی "تەنزیمات"ەوە بە راگەیاندنی "خەتی شەریف گوڵخانە" دەستی پێ کردوە.

ساڵی 1856 ز بۆ درێژەپێدانی "خەتی شەریف گوڵخانە"، "خەتی هومایون" بڵاوکراوەتەوە.

ئەوەندەی پێوەندی بە کوردەوە هەبێ لەم ئاڵوگۆڕانەدا، چەند شتێکە:

**یەکەم:**

سیستەمی ناوەندێتیی کارگێڕی جێبەجێ کرا. کۆتایی هێنرا بە هەمو جۆرە سەربەخۆیی و ئۆتۆنۆمییەکی بنەماڵەیی و ناوچەیی کە لەناو دەوڵەتی عوسمانیدا پێڕەوی کرا بو. بە هێرشی چەکدار هەمو "میرایەتییە کوردییەکان"ی ناو دەوڵەتی عوسمانی داگیرکران، لەوانە: جزیرە و بۆتان، سۆران، بادینان، بابان.

**دوەم:**

بە ناوەندگیری دەوڵەتانی گەورەی دنیا، دەوڵەتانی ئێرانی و عوسمانی لەسەر زۆر لە ناکۆکییەکانیان، لەوانە: کێشە ئەرزییەکانی سنور و جموجوڵی خێڵە کوردییەکان لە دو پەیماننامەدا لە ئەرزرۆم (یەکەم لە 1823 و دوەم لە 1847 دا) گەیشتنە رێکەوتن. رێگەیان لە میرەکانی کورد بڕی لەو نێوەندە دا یاری بکەن.

**سێیەم:**

دەوڵەتی عوسمانی میرەکانی کورد و کوڕ و نەوەکانی نەکوشتن، لە کوردستان دوری خستنەوە. بەشێکیان لە ئەستەموڵ جێگیر بوبون، تێکەڵاوی دەزگای بیرۆکراتی و دیپلۆماتی و سەربازی بون. لە ئەستەموڵ گروپێکی کاریگەریان پێک هێنا بو.

ساڵی 1876 ز "قانونی ئەساسی" بڵاوکرایەوە. ئەم دەستورە کە لەبەر پرنسیپەکانی شۆڕشی فەرەنسی و بە سودوەرگرتن لە دەستور و قانونەکانی ئەوان نوسرابو، دەوڵەتی عوسمانی ئەبردە ناو قۆناغێکی نوێ.

ساڵی 1877 ز پارلەمانی عوسمانی لە دو ژور پێک هێنرا، "مەجلیسی مەبعوسان" هەڵبژێردرا، کە پێک هات بو لە 71 موسوڵمان و 44 مەسیحی و 4 جولەکە و "مەجلیسی ئەعیان" لە 26 ئەندام دانرا.

ساڵی 1878 ز بە بیانوی جەنگی روسی - عوسمانی (1877-1878 ز) مەجلیسی مەبعوسان و مەجلیسی ئەعیان هەڵوەشێنرانەوە. سەردەمێ دەستی پێ کرد، پێی ئەوترا سەردەمی "ئیستیبداد".

حاجی قادر لەم هەلومەرجەدا گەیشتوەتە ئەستەموڵ.

حاجی، بەشی زۆری تەمەنی لە ئەستەموڵ ژیاوە. پیاوێکی رۆشنبیر بوە. جگە لە کوردی، زمانەکانی عەرەبی، تورکی، فارسی زانیوە. هاتوچۆی دیوەخانی کەسایەتی‌یە ناسراوەکانی کوردی کردوە، لەوانە بنەماڵەی بەدرخانی. ئەستەموڵ، ناوەندێکی گرنگی رۆشنبیری و سیاسی و دیپلۆماسی و هەواڵی دنیا بوە. رۆشنبیرانی تورک سەدان کتێبی بواری جیاوازی ئەدەب و مێژو و فەلسەفە و زانستیان تەرجومەکردوە و بە سەدان رۆژنامە دەنگوباس و زانیاری‌یان لەسەر روداوەکان بڵاوکردۆتەوە. ئەو ساڵانەی حاجی لە ئەستەموڵ ژیاوە، روداوی سیاسی و جەنگی گەورە لەسەر ئاستی کوردستان و لەسەر ئاستی دەوڵەتی عوسمانی و لەسەر ئاستی جیهان، قەوماون.

ساڵی 1871 ز هەمو میرایەتی‌یەکانی ئەڵمانیا لە یەک دەوڵەتی نەتەوەیی‌دا یەکیان گرتوە و بەرلین‌یان کردۆتە پایتەختی خۆیان.

ساڵی 1871 ز هەمو میرایەتی‌یەکانی ئیتاڵیا لە یەک دەوڵەتی نەتەوەیی‌دا یەکیان گرتوە و رۆمایان کردۆتە پایتەختی خۆیان.

ساڵی 1877-1878 ز جەنگی روسی- عوسمانی روی داوە.

دامەزراوەی دینی لە کوردستان: شێخەکانی تەریقەت و مزگەوتەکان، هانی کوردیان داوە لەم شەڕەدا بەشداری بکا. شێخەکان ژمارەیەکی زۆر کوردیان بردوە بۆ ئەم شەڕە. عوسمانی شەڕەکەی دۆڕاندوە بە روس. روسیا لە ئەستەموڵ نزیک بۆتەوە و هەڕەشەی داگیرکردنی کردوە. شەڕکەرانی کورد بە تێشکاوی پاشەکشەیان کردوە.

ساڵی 1878 ز لە ئەنجامی ئەم شکستە جەنگی‌یەدا پەیمانی سان ستیفانو سەپێنراوە بەسەر عوسمانی‌دا. مەرجەکانی پەیمانەکە بۆ نوێنەری عوسمانی ئەوەندە قورس بوە، لە کاتی ئیمزاکردنی‌دا دەستی کردوە بە گریان.

ساڵی 1878 ز کۆنگرەی بەرلین بەستراوە. پەیمانی سان ستیفانۆ گۆڕاوە بە پەیمانی بەرلین. ئەویش چەندین مەرجی قورسی بەسەر عوسمانی‌دا سەپاندوە. بە پێی یەکێ لە مادەکانی پەیمانی بەرلین، دەوڵەتی عوسمانی بەڵێنی داوە ئەرمەن لە دەسدرێژی کورد و چەرکەس بپارێزێ.

ساڵی 1880-1881 ز شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵای شەمزینی لە ناوچەکانی ئازەربایجان و موکریان هەڵگیرساوە و لە لایەن دەوڵەتی ئێرانەوە بە شێوەیەکی زۆر دڕندانە کوژێنراوەتەوە.

حسێن کەنعان بەدرخانی لە ناوچەی جزیرە شۆڕشی کردوە و لە لایەن دەوڵەتی عوسمانی‌یەوە دامرکێنراوەتەوە.

دەوڵەتی عوسمانی وڵاتێکی فرەنەتەوە، فرەدین، فرەمەزەب، بو. بزوتنەوەی نەتەوەیی و خواستی دینی و مەزەبی لەناو هەمو نەتەوە ژێردەستەکانی عوسمانی‌دا دەستی پێ کرد بو.

لە ئەستەموڵ بە سەدان ڕۆژنامە بە زمانەکانی تورکی، عەرەبی، فارسی، ئەرمەنی و زمانەکانی ئەوروپا دەر ئەچون.

ئەو روداوانە هەمویان لە رۆژنامەکانی ئەستەموڵدا دەنگیان داوەتەوە. رۆژنامەی ئەختەر کە چەند ئێرانی‌یەکی ئازادیخواز بە فارسی لە ئەستەموڵ دەریان کردوە، دەقی پەیمانەکان و بەشێکی گرنگی گفتوگۆ دیپلۆماسی‌یەکان و روداوەکانی ئەو سەردەمەیان بڵاوکردۆتەوە. ئەم رۆژنامەیە لە سنورێکی فراواندا بڵاوبۆتەوە و خوێنراوەتەوە. تەنانەت وەفایی (1844-1902 ز) کە بایەخێکی ئەوتۆی بە کاری سیاسی نە داوە، لە یەکێ لە شیعرەکانی‌دا ئاماژە بە رۆژنامەی ئەختەر ئەکا، ئەڵێ:

**حیکایاتی غەریبەی پێیە بولبول، جوملە خۆکردی**

**دەڵێی چاپاری ئێران، رۆژنامەی "ئەختەر"ی هێنا**

(دیوانی وەفایی، ل 18)

حاجی خۆیشی گرنگی رۆژنامەی زانیوە. لەسەر نوسخەیەکی دەسخەتی کۆنی مەم و زین "تەقریز"ێکی نوسیوە، کە لە ژمارەی 3ی کوردستاندا بڵاوکراوەتەوە، ئەڵێ: دنیا گۆڕینی بەسەردا هاتوە، لەچاو شیعر و شاعیردا ئیستا رۆمان و رۆژنامە باویان پەیدا کردوە:

**زەمانە رەسمی جارانی نەماوە**

**چراغی نازم و مونشی کوژاوە**

**لە دەوری ئێمە رۆمان و جەریدە**

**ئەگەرچی مەقسەدە، زانینی باوە**

**ئەمان قەدری بزانن ئەم کتێبە**

**لە دنیا ئیستەکێ هەمتای نەماوە**

**لە ئەییامی حەیاتی شێخی خانی**

**لەسەر نوسخەی خەتی ئەو نوسراوە**

**لەلای ئەربابی خۆی بۆ قەدر و قیمەت**

**خەزێنەی گەوهەرە و کیسەی دڕاوە**

**لە مەجموعی دوەل، سۆران و بابان**

**لە سایەی ئەم کتێبە ناسراوە**

**لە کوردان غەیری حاجی و شێخی خانی**

**ئەساسی نەزمی کوردی دا نەناوە** (حاجی قادر، ل 118)

لە شعرێکی تردا ئەڵێ:

**سەد قائیمە و قەسیدە کەس نایکڕێ بە پولێ**

**ڕۆژنامە و جەریدە کەوتۆتە قیمەت و شان** (حاجی قادر، ل 98)

ڕۆژنامە گرنگی‌یەکی وەهای پەیدا کردوە، یەکێ لە کوڕانی بەدرخان پاشا، دوای مردنی حاجی بە یەک ساڵ، ڕۆژنامەی "کوردستان"ی لە قاهیرە بڵاوکردۆتەوە (1898 ز). بۆیە لە قاهیرەش بڵاوی کردۆتەوە، چونکە لە ئەستەموڵ ڕێگەی پێ نە دراوە. لە ژمارەی سێیەمی‌دا هەواڵی مردنی حاجی قادری بەم هەڵسەنگاندنەوە، بە زاراوی کرمانجی‌ی سەرو، بڵاوکردۆتەوە: "عالمێک لە سۆران هەبو، ساڵی رابوردو وەفاتی کرد. ڕەحمەتی خوای لێ بێ و خوا لە گوناهەکانی خۆش بێ، ناوی حاجی عەبدولقادر بو. ئەم پیاوە تا لە ژیاندا بو، خەباتی زۆری کرد بۆ فێرکردنی عیلم و مەعریفەت. زۆری بەیت و شیعری کرمانجی ئە نوسی، ئەی ناردەوە بۆ سۆرانی وڵاتی خۆی.." لەگەڵ ئەم لێدوانەدا شیعری: "زەمانە ڕەسمی جارانی نەماوە"ی بڵاوکردۆتەوە.

## بابەتەکانی شیعری حاجی قادر

شیعرەکانی حاجی، ئەشێ بکرێنە دو بەش:

بەشێکیان، غەزەل و شیعری دڵدارییە.

غەزەل و شیعرە دڵداری‌یەکانی حاجی هیچیان کەمتر نیە لە شیعری شاعیرەکانی هاوچەرخی.

لەوانە: شیعرەکانی:

"ئەم خەیمە کە شەمسیەی":

**ئەم خەیمە کە شەمسییەی شاهەنشاهی ئەرزە**

**تا چادری نیلوفەری سەر تەپڵەکی بەرزە**

**ئەتنابی وەکو تولی ئەمەل لاموتەناهی**

**ئەوتادی وەکو کێوی ئوحود مەرکەزی فەیزە**

**.....**

**ئەوسافی وەکو خەتی دو زوڵفە بە چەپ و ڕاست**

**وەک ماری موتەلسەم کە تەسلیمی سەری کەنزە**

**وەسفی چ بکەم؟ نێوەنی گوڵ، دامەنی سونبول**

**شایستە سەناخوانی بکەم هەروەکو فەرزە**

لە کۆتایی دا ئەڵێ:

**مەئزونی ئەوەندە وەکو ئاهم بە نەزاکەت**

**لادەی سەری زوڵفی نەوەکو بیخەیە لەرزە**

**ئەم نەوعە گوڵ هەڵدەکەوێ ساڵێ لە قەڕنێ**

**نەوەک وەکو گوڵ بازاڕییە هەر ساڵە کە سەوزە**

(حاجی قادر، ل 119-120)

شیعری "لەسەر شەو ڕۆژی داناوە":

**لەسەر شەو ڕۆژی داناوە، مەڵێن فێسی لەسەر ناوە**

**لەبەر جامی یاقوتی بە مێشکی وشکی داداوە**

**لە دامێنی چیا بۆ خەرمەنی گوڵ خێوەتی خارە**

**بە دو ئەستوندەکی زیوین تەنافی زوڵفی هەڵداوە**

لە کۆتایی دا ئەڵێ:

**بە سەد خونی جگەر فێری نیاز و ناز و عیشوەم کرد**

**کەچی ئێستا کە دەمگاتێ، دەڵێ: سا لاچۆ بەولاوە**

**لە تەسویری قەڵەم موی کەوتە بەردەم نوقتەکی دانا**

**ئەوی کردە کەمەر نەققاش، ئەمی بۆ زاری داناوە**

**دەردی تۆ "کەعبە" بو "حاجی" تەوافی کرد و نەی زانی**

**چ قەوما، کەعبە کەچ بو "مسجدولئەقسا"یە روخاوە!**

(حاجی قادر، ل 140-142)

حاجی تەنانەت چۆتە مەیدانی "تەلمیع"ی شیعری حافزی شیرازیشەوە، نمونەی "دەخیلت بم وەرە ساقی، ادر کاسا وناولها"یە کە تیایدا ئەڵێ:

**دەخیلت بم وەرە ساقی "أدر كأسا و ناولها"**

**غەم و غوسسەی دڵم کەم بو "ولى افتاد مشكل ها"**

هەتا ئەگاتە:

**ئەگەر تۆ موخلیسی عیشقی "ازو غائب مشو حافظ"**

**کە "حاجی بۆ سەفەر بڕوا "دع الدنيا و أهملها"** (حاجی قادر. ل 55)

سەرەڕای ئەمانەش قەسیدە درێژەکەی "گوتم بە بەختی خەواڵو" کە لە دورە وڵاتیەوە بۆ بەهاری کوردستانی وتوە:

**گوتم بە بەختی خەواڵو: بەسە ئەتۆ بی و خودا**

**لە خەو هەڵستە زەمانێ بچینەوە ئەولا**

**گوڕەی بەهاریە، ئێستێکە شاخ و داخی وڵات**

**پڕە لە لالە و نەسرین و نەرگسی شەهلا**

**.....**

**ئەمان! کوڕانی رەفیق و برادەرانی وڵات**

**بە ئێوە هەر کە گەیی ئەم کەلامی بێ سەروپا**

**لە پاش ئەوەی کە تەسحیە و موتاڵەعەی بکرێ**

**بە یادی من لەبەری کەن لە رویی میهر و وەفا**

**هەتا لە خیتتەیی بێگانە فەخری پێوە بکەم**

**لە بەینی زومرەیی ئەحیا و مەجمەعی مەوتا**

**ونی مەکەن وەکو ئاساری "نالی" و "کوردی"**

**لە سەهوی دیدە بپۆشن، گوزەر بکەن لە خەتا**

لە کۆتایی دا ئەڵێ:

**ئیلاهی نەیخەیە بەر چەنگی مەندەبوری لەئیم**

**نقودی "حاجی" کە نەیدیوە خوسرەو و دارا**

**ئومێدی وایە نەسیبی کەریمەکی وابێ**

**بە خێری دایکی و بابی لە ڕێی خودا بیبا**

**گەلێ قسەم لە دڵا بو ، حیکایەتم مابو**

**کەچی لە بەختی کەچم خامە نوکی لێرە شکا**

(حاجی قادر. ل 38-47)

هەروەها شیعرەکەی "ئەی بێ نەزیر و هەمتا" لە "مەدحی باری"دا لە ریزی گەوهەرە نایابەکانی ئەدەبی کوردی دان.

**ئەی بێ نەزیر و هەمتا ، هەر تۆی کە بەرقەراری**

**بێ دار و بێ دیاری، بێدار و پایەداری**

**جێ و مەکانی تۆیە، بێ جێ و بێ مەکانی**

**لەیل و نەهاری تۆیە، بێ لەیل و بێ نەهاری**

**.....**

**مەعلومە بۆچی "حاجی" مەدحت دەکا بە کوردی**

**تا کەس نەڵێ: بە کوردی نەکراوە مەدحی باری**

(حاجی قادر. ل 150-151)

بەشەکەی تریان، شیعر و هۆنراوە سیاسی‌یەکانێتی.

حاجی لە ئەستەموڵ ژیاوە. لەو زەمانەدا پێوەندیی نێوان ئەستەموڵ و کوردستان لاواز بوە، چ جای پێوەندیی کەسێکی وەکو حاجی بە کوردستانەوە. لەبەرئەوە مەرج نیە هەمو بەرهەمەکانی حاجی بە ئێمە گەیشتبن. لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەندە بەرهەمەی لە بەردەس دایە، بیروبۆچونەکانی و بانگەوازەکانی حاجی کە بە هۆنراوە دەری بڕیون، لە بواری سیاسی، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی، ئابوری، تەنانەت سەربازی.. دا، ئەگەر لێک بدرێن و بەسەریەکەوە لێک بدرێنەوە، کۆی شیعرەکان ئەیان توانی ببنە ستراتیجی بزوتنەوەیەکی شۆڕشگێڕیی کوردی، یا بەرنامەی کاری ڕێکخراوێکی سیاسی شۆڕشگێڕ. بەڵام ئەو زەمانە هێشتا زەمینەی کارێکی سەخت و دژواری لەو بابەتە، نە لە ئەستەموڵ و نە لە کوردستان، ئامادە نە بوە.

## حاجی و قاڵبی شیعرەکانی

حاجی بۆ ئەوەی باوەڕەکەی خۆی بە خەڵک بگەیەنێ، بە خوێندەوار و نەخوێندەوارەوە، لە شیعرە سیاسیەکانیدا، چ ئەوی بە "شێوەی عەروز" دای ناون و چ ئەوی بە "شێوەی مەسنەوی" لەسەر کێشی خۆماڵی، یا راستتر -وەکو خۆی ئەڵێ- "بەیتەکانم"، لەسەر "شێوەی بەیت"ی کوردی هەڵی بەستون، خۆیشی ئەڵێ:

**بەیتەکان عەیبی مەکەن، خوار و کەچن**

**مەقسەدم لەم بەندوباوە دەربچن** (حاجی قادر. ل 207)

شیعرەکان و بەیتەکانی بە جۆرێ داناوە، بە ئاسانی قابیلی لەبەرکردن بن. ئەوسا دیوانەکەی حاجی بە چاپکراوی نە بوە، رۆژنامەی کوردیەیش نە بوە شیعرەکانی تێدا بڵاوبکاتەوە. رەنگە باشترین رێگا بۆ بڵاوکردنەوە لەبەرکردن بو بێ. خۆیشی چەند جارێ ئاماژەی بەوە داوە. لە کۆتایی یەکێ لە شیعرەکانیدا ئەڵێ:

**لازمە ئەم غەزەلە وەک غەزەلێ بیکەنە بەر**

**هەروەکو حاجی، ئەگەر شارە، وە گەر دیهکەدەیە** (حاجی قادر. ل 147)

لە شیعرێکی تریدا ئەڵێ:

**یا وەکو بەیتی شیرین و فەرهاد**

**شیعری حاجی لەبەرکرایە بە یاد** (حاجی قادر. ل 193)

لە شیعرێکی تریدا ئەڵێ:

**لە پاش ئەوەی کە تەسحیە و موتالەعەی بکرێ**

**بە یادی من لەبەری کەن لە رویی میهر و وەفا** (حاجی قادر. ل 45)

لە شیعرێکی تردا ئەڵێ:

**بیکە بەر دیبایی نەزمم تا قیامەت نادڕێ**

**چونکە ئەبکاری مەعانی تار و پۆیی رستوە** (حاجی قادر. ل 137)

شیعرەکانی حاجی لە هەندێ بابەتدا هەندێ بەیتی تیایە، بە چەن دێڕێکی زەق و ئاشکرا، لە شێوەی دروشما، لایەنێکی ژیانی کۆمەڵی گرتۆتەوە و مەبەستی داوە بەدەستەوە.

لە شیعرێکی دا ئەڵێ:

**تا سالیکی مەسالیکی موڵکی قەناعەتی**

**باکت نەبێ لە رێگر و ئەهلی شەقاوەتی**

**سۆفی عیبادەتی هەمو مەکر و ڕێویە**

**گەر "شێری نەڕ بە گوێ بگرێ" پەشمە تاعەتی** (حاجی قادر، ل 163)

لە شعرێکی تردا ئەڵێ:

**خانەقا و شێخ و تەکیەکان یەکسەر**

**پێم بڵێن: نەفعیان چیە ئاخر؟**

**غەیری تەعلیمی تەنبەڵی کردن**

**جەمعی ئەملاک و خەزنە کۆ کردن**

**.....**

**دەخیل شێخ و مێخ مەبن ئەبەدا**

**هیچ کەسێ رزقی هیچ کەسێ نادا**

**.....**

**تەنبەڵی کاری حیز و بێ خێرە**

**"دەستی ماندو لەسەر زکی تێرە"**

**ئەهلی جەنەت نە شوان و گاوانە**

**ساحیبی فەن و عیلم و عیرفانە**

**فائیدەی گەر بدایە زیکر و دوعا**

**دەبوە قارون گەدای سەر ڕێگا**

**.....**

**"حاجی" سا بەسیە سەد هەزار دەفعە**

**پێم گوتی: ئەم قسانە بێ نەفعە**

**رۆژی ئەوەڵ لە بەندە و ئازاد**

**خدمەتی خەڵقە قیسمەتی ئەکراد**

**لێی گەڕێ قەومی تۆ هەمو مارن**

**دز و حیز و پیاوکوژ و هارن**

**مڕی ناوداری ورچی ناو دارە**

**راستیان خوارە، خواری خونخوارە** (حاجی قادر، ل 188-196)

لە شیعرێکی تردا ئەڵێ:

**قسەیێکم هەیە دەیکەم، مەڵێ بێ تەجرەبەیە**

**باوجودی ئەو نادانە لەلای وەک گەمەیە**

**موقتەزای ئاب و هەوای خاکی دیاری رۆمە**

**ئەهلی سوتاوی مەیە، بەستەیی ئاوازی نەیە**

**حاکمی رێگری مەعمورەیە، قازیی دزی رۆژ**

**وزەرا و وکەلای گورگە، رەعیەت گەلەیە**

**سالیکی ریخە، ئەگەر شێخە ئەگەر مێخە، لەوێ**

**شێخە هەر کامێ نەدا، تا دەمرێ هەر دەدەیە**

**زانی و شاریب و لۆتی دەگرن، والی دەڵێ:**

**بەری دەن پارەی خۆی دایە، چ عەیبێکی هەیە** (حاجی قادر، ل 146)

لە شیعرێکی تردا ئەڵێ:

**ئەگەر کوردێک قسەی بابی نەزانی**

**موحەقەق دایکی حیزە، بابی زانی** (حاجی قادر، ل 152)

## حاجی و ئاوارەیی

حاجی خۆی لە شیعرەکانی‌دا دڵگرانی خۆی لە ئاوارەیی دەربڕیوە و لەژێر پەردەوە ئاماژەی بە هەندێ هۆکار داوە، بۆ نمونە، بە گلەی‌یەوە ئەڵێ:

**لە غوربەت بە شاهی لە بیر ناکرێ**

**زەمانی جوانی و یادی وڵات**

**.....**

**هەمو خزمی خۆمن، دەزانم دەڵێن:**

**لە بێ حورمەتیمان بو "حاجی" هەڵات** (حاجی قادر، ل 60-61)

لە شیعرێکی تریدا ئەڵێ:

**بۆچی یارانی وەتەن دڵ دەشکێنی حاجی؟**

**زاهیرەن ناچیەوە تۆ، باسی مەکە غوربەتی خۆت** (حاجی قادر، ل 63)

هەروەها ئەڵێ:

**مەپرسە دەردی غەریبی و لەززەتی وەتەنم**

**ئەوی لە دەستی دەگریام، ئەمێستە بۆی دەگریم** (حاجی قادر، ل 88)

بەڵام لە شیعرێکی تریدا بە خۆهەڵکێشانەوە ئەڵێ:

**مەڵێن بێکارە بو حاجی لە ڕۆما**

**ئەمن پیاوم، لە نێو شاری ژنانم** (حاجی قادر، ل 85)

## حاجی و مێژوی کورد

حاجی مێژونوس نە بوە، شارەزای پرۆگرامەکانی لێکۆڵینەوەی زانستی مێژو نە بوە، لەو سەردەمەشدا لێکۆڵینەوە لەسەر بنجوبناوانی نەتەوەی کورد بە زمانەکانی ئەوروپا دەگمەن و بە زمانەکانی ڕۆژهەڵات تێکەڵاو بوە لە ئەفسانە. شەرەفنامەی ئەمیرشەرەفخانی بتلیسی (1543-1599 ز) کە سەرچاوەیەکی گرنگی مێژوی کوردە و ساڵی 1879 ز لە شاری پیتەربۆرگی روسیا چاپ و بڵاو کرابوەوە، رەنگە نەگەیشتبێتە دەستی حاجی قادر. حاجی چەند شیعرێکی بۆ لەدایکبونی نەتەوەی کورد هۆنیوەتەوە، لەوانە لە سەرەتاکەیدا ئەڵێ:

**ئەو ڕۆژە بە ئەمری حەیی مەننان**

**ئەم عالەمە پاکی بو بە تۆفان**

**دەییارێ نەما لە جینسی زیڕوح**

**غەیری ئەمە هاتە کەشتی نوح**

**ئەو ڕۆژە گەیشتە وەقتی مەعهود**

**وەستاوە لەسەر چیایەکەی جود**

**هەر سێ کوڕی کردیانە مەسکەن**

**ئەو جێ و مەکانە میسلی گوڵشەن** (حاجی قادر، ل 197)

ئەمە یەکێکە لە چیرۆکەکانی قورئان، کە خوا لەبەر خراپەکاری غەزەبی لە مرۆڤایەتی گرتوە. تۆفانێکی بۆ ناردون هەمویانی نوقمی ئاو کردون. نوح پێغەمبەر کەشتییەکی سازکردوە، لە هەر زیندەوەرێ جوتێکی

نێر و مێ و لە مرۆڤـیش خۆی و سێ لە کوڕەکانی سواری بون. دنیا هەموی بوە بەژێر ئاوەوە، تەنیا ئەمان رزگاریان بوە. کە تۆفانەکەش نیشتۆتەوە، کەشتیەکەیان لەسەر چیای جودی نیشتۆتەوە. سەرلەنوێ مرۆڤایەتی و هەمو گیاندارانی سەر ئەرز لەم رزگاربوانە کەوتونەتەوە. حاجی ئەو شوێنە: چیای جودی کە کەوتۆتە ناوچەی جزیرەی بۆتان، بە نیشتمانی کورد و نەوەی کوڕەکانی نوح، کە لەو ناوچەیەدا جێگیر بون، بە باووباپیری نەتەوەی کورد داناوە، ئەڵێ:

**ئیستاکە جزیرە بێ موحابا**

**مەعمورەیی ئەوەڵە لە دونیا**

**ئەولادی سەحیحیان بە بورهان**

**کوردن لە مەکانی جەدی خۆیان**

**سوکانی بیلادی روبعی مەسکون**

**بیلجوملە لەمانە مونشەعیب بون**

**.....**

**وەک خەڵقی نەچونە موڵکی ئەدنا**

**جێی باوکی خۆیان کردە مەئوا** (حاجی قادر، ل 198)

**.....**

**ئیستاکە کەوا جەماعەتی وان**

**ئەسڵەن بە نەسەب کەریم و شوجعان**

**مونقادی عەجەم، موتیعی رۆمن**

**مەحکومی خەڕات و حیز و دۆمن** (حاجی قادر، ل 199)

لە شیعرێکی تریدا ئەڵێ:

**خۆ دەزانن سولالەی ئەکراد**

**لێرەوە بگرە تا دەگاتە قوباد**

**هەمو عالیم، هەمو شێخ و میرن**

**زیرەک و ژیر و ئەهلی تەدبیرن** (حاجی قادر، ل 211)

کورد کێیە و لە کوێوە هاتوە؟ رەنگە ئەمە پرسیاری زۆر کەس بو بێ، تەنانەت هی کورد خۆی. حاجی وەڵامی ئەم پرسیارەی داوەتەوە. لەم بوارەدا خاوەنی تیۆری خۆیەتی، ئەگەرچی سەرچاوەکەی و

گریمانەکەی دینی‌یە، بۆ کوردی ئەو زەمانە کە زۆرایەتی‌یان موسوڵمان بون، وەکو کەرەستەی نەتەوەسازی بە کەڵک هاتوە. تا ئیستاش، هەندێ نەتەوەی گەورەی دنیا، شانازی ئەکەن بە ئەفسانەی لەدایکبونیانەوە.

## حاجی و زمانی کوردی

بە درێژایی چەندین سەدە زمانی فارسی، لە سنوری چینەوە تا ئەستەموڵ زمانی ئەدەب و نوسینی فەرمی‌ی دەوڵەتەکان و نامەونامەکاری نێوان وڵاتان، تەنانەت نێوان خەڵک بوە. دەرباری سەفەوی زمانی فارسی بەکار هێناوە و دەرباری عوسمانیش تا ماوەیەکی درێژ لە کاروباری دەوڵەتی و دیپلۆماسی‌دا هەر زمانی فارسی بەکار هێناوە. لەپاڵ زمانی فارسی‌دا، لە مزگەوتەکاندا و بۆ بابەت و کاروباری دینی، زمانی عەرەبی بەکارهاتوە.

زمانی کوردی لە لایەن ئەمیرەکانی کوردەوە بەکار نە هێنراوە، نە لە نامەونامەکاری ناو خۆیاندا، نە لە نێوانی ئەمارەتەکاندا. هەروەها لە مزگەوتەکانی کوردستاندا، هەر عەرەبی و فارسی فێری فەقێ و مەلاکان کراون.

گەلانی موسوڵمانی ناو دەوڵەتی ئێران، فارسی و گەلانی موسوڵمانی ناو دەوڵەتی عوسمانی، فارسی و دوای ئەویش تورکی‌یان بەکار هێناوە. لەگەڵ سەرهەڵدانی هەستی نەتەوەیی‌دا، پرسی بەکارهێنانی زمان لە لایەن گەلانی نەتورک و نەفارسەوە هاتۆتە کایەوە. لەناو دەوڵەتی عوسمانی‌دا، عەرەب نەی توانیوە لە ڕێگەی دینەوە هەستی نەتەوەیی عەرەب دژی تورک بجوڵێنێ، مەسیحی‌یەکان هەڵگری ئاڵای زیندوکردنەوەی زمانی عەرەبی و بەکارهێنانی بون. زۆری ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی لە ئەستەموڵ و قاهیرە و بێروت دەرچون، خاوەن و نوسەرەکانی مەسیحی بون.

زمان فاکتەرێکی سەرەکی پرۆسەی نەتەوەسازی بوە. حاجی قادریش زمانی وەکو هەمان فاکتەری نەتەوەسازی کوردی ناسیوە، داوای بەکارهێنان و ناسینی کردوە، داوای لە شاعیر و نوسەری کورد کردوە بەکاری بهێنن و برەوی پێ بدەن.

لە شیعرێکدا کە سەرەتاکەی بە هێرشێکی توند دەس پێ ئەکا، بۆ سەر ئەوانەی کوردن و زمانی کوردی نازانن، ئەڵێ:

**ئەگەر کوردێک قسەی بابی نەزانی**

**موحقەق داکی حیزە و بابی زانی**

**وەرە با بۆت بکەم باسی نیهانی**

**تەفەنون خۆشە، گەر چاکی بزانی**

**سەلاحەدین و نورەدینی کوردی**

**عەزیزانی جەزیر و موش و وانی**

**موهەلهەل، ئەردەشێر و دەیسەمی شێر**

**قوباد و باز و میری ئەردەڵانی**

**ئەمانە پاکیان کوردن، نیهایەت**

**لەبەر بێ دەفتەری ون بون و فانی**

**کتێب و دەفتەر و تەئریخ و کاغەز**

**بە کوردی گەر بنوسرایە زمانی**

**مەلا و شێخ و میر و پادشامان**

**هەتا مەحشەر دەما ناو و نیشانی** (حاجی قادر. ل 152-153)

لە یەکێ لە شیعرەکانی تریدا ئەڵێ:

**هەر کوردە لە بەینی کوللی میللەت**

**بێ بەهرە لە خوێندن و کیتابەت**

**بێگانە بە تەرجەمەی زوبانی**

**ئەسراری کتێبی خەڵقی زانی**

**یەکسەر عولەما درشت و وردی**

**ناخوێننەوە دو حەرفی کوردی**

**ئوستادی خەتن لە ئەم سیانە**

**وەک دی لە زوبانی خۆی نەزانە**

**مومکین نیە دەربچێ لە چەنگی**

**حەتا رەقەم و خەتی فەرەنگی**

**ساحێب کوتوب و پەیامە هەرکەس**

**ئێمە نەبێ بوینە قەومی چەرکەس**

**کاکە ئێمە موئمینین، نە روسین**

**بۆچ کفرە زوبانمان بنوسین؟**

**میللەتی بێ کتێب و نوسین**

**غەیری کوردان نیە لە روی زەمین** (حاجی قادر. ل 257-258)

حاجی گفتوگۆیەکی نێوان خۆی و ناسیاوێکی کۆیی گێڕاوەتەوە. خوێندن ئەو زەمانە هەر لە مزگەوتدا هەبوە. سەرچاوە سەرەکییەکانی خوێندنی مەلایەتی، هەموی بە زمانی عەرەبی بون. مامۆستاکانیش بە زمانی عەرەبی دەرسەکانیان وتۆتەوە. حاجی لایەنگری خوێندن بوە بە زمانی کوردی. کەسەکەی تر دژی خوێندن بوە بە زمانی کوردی. حاجی پرسیاری "ئوستاد"ێکی لێ ئەکا. کابرا دوای ئەوەی باسی دواکەوتنی خوێندنی بۆ ئەکا، لە وەڵامدا ئەڵێ: زانا چاکەکانمان هەمو فەوتان، ئەوانەی ماویشن لە لێواری مردن دان:

**کەس نەماوە بە غەیری کاک ئەحمەد**

**شەیخی مەعروف و عالمی ئەرشەد**

**چاکە ئیستاکە دەکا لە بۆ کوردان**

**تەرجەمەی شەرع و ئایەتی قورئان**

**واقیعەن خزمەتی لە بۆ خوایە**

**چ دەبو گەر بە کوردی نەبوایە** (حاجی قادر، ل 236)

حاجی لە قسەکانی کابرا زۆر تورە بوە. کاک ئەحمەد، رەنگە شەرع و ئایەتی قورئانی بە کوردی بۆ خەڵک، بە تایبەتی بۆ خەڵکی سلێمانی کە بە دەگمەن هەبوە عەرەبی زانی بێ یا خوێندەوار بو بێ، لێک دابێتەوە، بەڵام ئەویش بەرهەمەکانی خۆی کە هەندێ بابەتی لاهوتیی دینی ئیسلامە، بە زمانی فارسی نوسیوە و بە ناوی "مەکتوبات"ەوە کۆکراونەتەوە.

ئینجا حاجی دێتە سەر باسی زمانی کوردی، ئەڵێ:

**کوردی ئاخر بڵێ چیە عەیبی؟**

**هەر کەلامی حەقە نیە عەیبی**

**لەفزی کوردی بڵاو نەبو ، گردبو**

**وا لە بەینی ئێمەدا تێ چو** (حاجی قادر، ل 237)

لەگەڵ زمانی ئەرمەنیدا بەراوردی ئەکا؛ ئەپرسێ: ئاخۆ زمانی کوردی ناگات بە زمانی ئەرمەنی؟ لە کاتێکدا ئەوان بە "زمانی کەچ و خەتی خوار"ەوە، بە خەروار کتێب و رۆژنامەیان هەیە.

حاجی لێرەدا بە مەبەست ئەمەی وتوە، ئەگینا ئەرمەن لە روی فەرهەنگییەوە گەلێک بون زۆر پێشکەوتوتر بون لە گەلانی دراوسێیان:

**لە فەساحەت، بلا موعەڕا بێ**

**چ قیامەت! بە ئەرمەنیش نابێ**

**بە زوبانی کەچ و خەتی خواری**

**بە جەریدە و کتێبی خەڵواری**

**چونە ریزی موعەزەماتی میلەل**

**وەقتە خۆیان حیساب بکەن بە دوەل** (حاجی قادر. ل 237)

هەروەها لەگەڵ زمانی فارسی‌دا بەراوردی ئەکا و ئەپرسێ: بۆچی فارسی راستە و کورد کەچە؟ ژمارەیەکی زۆری وشەی کوردی نزیکن لە فارسی‌یەوە. ئەڵێ، ئەگەر بە باشی لێی وردببیتەوە، ئەزانی کێ دزی لە کێ کردوە. حاجی خۆی وەڵام ئەداتەوە، کە ئەوان دزی‌یان لە کورد کردوە، چونکە بەڵگەی مێژویی هەمو دینەکان ئەی سەلمێنن کورد لە فارس کۆنترە:

**یا لەگەڵ فارسی، چ فەرقی هەیە؟**

**بۆچی ئەو راستە؟ بۆچی ئەم کەچەیە؟**

**باوجودی ئەگەر بکەی دیقەت**

**تێدەگەی کام لە کامیە سیرقەت**

**چونکە ئێمە قەدیمترین لە ئەوان**

**بە تەواریخی جوملەیی ئەدیان** (حاجی قادر. ل 237-238)

حاجی بەوەی کە پایەی زمانی کوردی لەچاو زمانەکانی تردا بەرز کردۆتەوە، مەبەستی بوە: "گرێی خۆبەکەمزانین" لە دەرونی کوردا بگۆڕێ بە "باوەڕبەخۆبون" و "گرێی خۆبەزلزانین"ی نەتەوە سەردەستەکان لەلای کورد سوک بکا.

ئینجا ئەڵێ: زانا هەڵکەوتوەکان ئەگەر خەڵکی کۆیە بوبن یان سلێمانی، ئەگەرچی لە زمانی عەرەبی و فارسی‌دا بون بە مامۆستا، "ئەم عەقڵەیان" هەبوە، بۆیە بەرهەمەکانیان بە زمانی ئەوان نوسیوە. جا چونکە زمانەکە، واتە "سەرمایە ماڵی خەڵقی" بوە، دوای مردنیان هەموی بە هیچ دەرچوە:

**ئاخر ئەم عەقڵەیان هەبو بۆیە**

**گەر سولەیمانیە وەیا کۆیە**

**بونە ئوستادی فارسی و تازی**

**تا گەیشتن بە فەخرەکەی رازی**

**چونکە سەرمایە ماڵی خەڵقی بو**

**وەقتێ مردن، هەموی بە هیچ دەرچو** (حاجی قادر. ل 238)

حاجی توانجێکی کوشندە لەو کوردانە ئەگرێ کە بەرهەمەکانیان بە زمانی بێگانە ئە نوسن. دیارە مەبەستی لە زمانەکانی عەرەبی، فارسی و تورکی بوە و ئەیان چوێنێ بەو مریشکەی هێلکەی مراوی هەڵدێنێ، ئەڵێ:

**وەک مریشکێ کە عەقڵی نەی هێنێ**

**بێت و هێلکەی مراوی هەڵبێنێ**

**وەک بگاتە کەناری جۆگەلەیەک**

**نایەتە شوێنی، بمرێ، جوجەڵەیەک**

**جێی ئەمە وشکە، جێی ئەوی ئاوە**

**تێ دەگا قینگدڕانی پێ ماوە** (حاجی قادر. ل 238-239)

## حاجی و ئەدەبی کوردی

حاجی قادر دەربارەی شاعیرەکانی کوردستان ئەڵێ:

**چەند ئەوەندەی کە عەرزی ئێوەم کرد**

**شوعەرامان هەیە بە دەستوبرد**

**شاعیری کۆن و تازەی کوردان**

**کە لە تەعدادی عاجزە ئینسان**

**ئەوی خۆم دیومە، یانەخۆ ئەسەری**

**ئەمەیە بۆت دەڵێم بە موختەسەری** (حاجی قادر. ل 220)

حاجی لە قسەکانیدا ڕاستگۆ بوە. لەو دورەوڵاتی و دورەدەستی‌یەوە ئاگاداری‌یەکی زۆری دەربارەی شاعیرەکانی کوردستان هەبوە. بەدواداچونێکی وردی کردوە بۆ بەرهەمی شاعیری کۆن و تازەی هەر سێ قوتابخانەی ئەدەبی کوردی: قوتابخانەی ئەدەبی کرمانجی، قوتابخانەی ئەدەبی گۆران، قوتابخانەی ئەدەبی بابان و ڕوانینێکی هەمەلایەنەی هەبوە.

کە باسی شاعیرەکان ئەکا، بە تەنیا باسی شاعیرەکانی زاراوەی کرمانجی خوارو ناکا، بەڵکو باسی شاعیرانی زاراوەی کرمانجی سەرو و زاراوەی گۆران ئەکا و لەو ڕوەوە دەر ئەکەوێ کە ئەم پیاوە سەرەڕای هەستێکی نەتەوەیی قوڵ، چ شارەزایی‌یەکی زۆری لە ئەدەبی کوردیدا هەبوە. جگە لەوە، هەندێ جار بە ڕستەیەکی کورت هەڵسەنگاندنێکی ڕەخنەیی- ئەدەبی بۆ شاعیرەکە و بەرهەمەکانی کردوە.

لە شاعیرانی زاراوەی کرمانجی‌ی سەرو، باسی مەلای جزیری و ئەحمەدی خانی و فەقێ تەیران ئەکا و بە گرنگی‌یەوە لە "مەم و زین"ی خانی و "ئەسپی رەش"ی فەقێ تەیران ئەدوێ. لە شیعرەکانی‌دا چەند جارێ ئاماژەی بە مەم و زین داوە و داوای کردوە کتێبەکەی بە دەست بهێنن و بی خوێننەوە، بە تایبەتی "دێباجە"کەی کە هەستی نەتەوەیی لە کوردا ئەوروژێنێ و بانگیان ئەکا بۆ یەکێتی و یەکگرتن و دروستکردنی دەوڵەتی کوردی.

لە شاعیرانی زاراوەی گۆران، باسی مەلا مستەفای بێسارانی، مەلا وەڵەدخان، خانای قوبادی، میرزا یەعقوب، مەلا خدری رودباری، رەنجوری، ئەحمەد بەگی کۆماسی، حەمە ئاغای دەربەندفەقەرە و مەولەوی ئەکا.

لە شاعیرانی قوتابخانەی بابان، باسی کوردی، نالی، سالم، شێخ رەزا، مەشوی، خەستە، فکری و وەفایی ئەکا.

ناوی گەلێ شاعیری تریش ئەهێنێ کە بەرهەمەکانیان ئیستا لە بەردەستدا نین، یا فەوتاون، یا هێشتا نە دۆزراونەتەوە.

ئەگەرچی هەمو بەرهەمەکانی ئەم شاعیرانە بە تەواوی نە گەیشتونەتە دەستمان، بەڵام تا ئیستاش ئەمانە لوتکە بەرزەکانی ئەدەبی نەوەی یەکەم و دوەمی شاعیرەکانی کوردستانن.

کۆکردنەوەی ناوی ئەم شاعیرانەی زاراوەی جیاوازی زمانی کوردی پێکەوە و لە ریزی یەکدا، نیشانەیە بۆ یەکێتی‌ی زمان و ئەدەبی کوردی و یەکێکە لە کۆڵەکە سەرەکی‌یەکانی نەتەوەسازی‌ی کوردی.

حاجی، باسی مەولانا خالید و شێخ عەبدورەحمانی خاڵسی و مەلا عەبدوڵای بێتوشی ئەکا. ئەگەرچی بە رێزێکی زۆرەوە ناویان ئەبا، بەڵام جگە لە کەمێکی بەرهەمەکانی مەولانا، سەراپای بەرهەمەکانی هەر سێکیان بە زمانی بێگانەن.

حاجی، لەپاڵ ئەدەبی نوسراودا، ئاماژە بۆ گرنگی‌ی ئەدەبی زارەکی ئەکا و ناوی عەلی بەردەشانی ئەبا، کە بەیتبێژێکی هەڵکەوتو بوە، لە ریزی شاعیرە گەورەکاندا ناوی ئەهێنێ. بایەخی "بەیتی دمدم" باس ئەکا. بەیتی دمدم نمونەی ئەدەبی بەرگری‌ی کورد بوە دژی لەشکری عەجەم.

### حاجی و دەوڵەتی عوسمانی

لەناو شاعیرانی نەوەی دوەمی قوتابخانەی باباندا، هیچ کامیان وەکو حاجی دەسەڵاتی عوسمانی نە ناسیوە و وەکو ئەو لەسەری نە نوسیوە. رەنگە یەکێ لە هۆکارەکانیش ئەوە بو بێ حاجی ماوەیەکی درێژ لە ئەستەموڵ ژیابێ و ئەوان لە کوردستان. حاجی پێی وابوە هەمو سیستەمی عوسمانی، کە ئەو بە "رۆم" ناوی ئەبا، لە سەرەوە تا خوارەوەی ستەمکار و گەندەڵە. لە شیعرەکانی‌دا هیچ پیرۆزی‌یەک بۆ سوڵتان دانانێ. جارێک بە "گای بنە" و جارێکی تر بە "گەورەکەیان" ناوی ئەبا و ئەو بە بەرپرسی یەکەمی ستەم و دواکەوتن و خراپی‌ی کاروباری دەوڵەتەکە ئەزانێ. لەم قەسیدەیەدا وا بە شارەزایی ئەناتۆم (تشریح)ی

جەستەی دەوڵەتی عوسمانی کردوە، پێویست بە هیچ لێدوانێ ناکا، مەگەر لێکدانەوەی هەندێ دەستەواژەی نائاشنا بە زمانی ئیستای کوردی.

حاجی قادر ، ئەڵێ:

**قسەیەکم هەیە دەیکەم ، مەڵێ: بێتەجرەبەیە!**

**باوجودی ئەوی نادانە ، لەلای وەک گەمەیە**

**موقتەزای ئاب وهەوای خاکی دیاری رۆمە**

**ئەهلی سوتاوی مەیە ، بەستەیی ئاوازی نەیە**

**حاکمی ریگری مەعمورەیە ، قازیی دزی رۆژ**

**وزەرا و وکەلای گورگە ، رەعیەت گەلەیە**

**سالیکی ریخە ئەگەر شێخە ، ئەگەر مێخە ، لەوێ**

**شێخە هەر کامێ نەدا ، تا دەمرێ هەر دەدەیە(!)**

**زانی و شاریب و لۆتی دەگرن ، والی دەڵێ:**

**بەری دەن پارەی خۆی دایە ، چ عەیبێکی هەیە؟**

**هێندە بێگانە لە ئیسلامن و ئەحبابی فەڕەنگ**

**موتتەقی دێوە لەلایان ، موتەشەڕیع شەوەیە**

**زوڵمیان عامە لەسەر عاممە ، رەعیەت فەوتا**

**تۆ مەکە مەنعی عەوامیل ، کە خەتای گای بنەیە**

(حاجی قادر، ل 14-147)

شوبهاندنی وەزیرەکان و وەکیلەکانی دەوڵەتی عوسمانی بە گورگ و رەعیەت بە گەلە، واتە رانەمەڕ، رادەی ستەمکاری ئەو سیستەمە سیاسیيە دەر ئەخا. چونکە گورگ کە ئەکەوێتە ناو رانەمەڕەوە، تەنیا بە خواردنی یەک نێچیر داناکەوێ، بەڵکو چەندی بتوانێ ملی مەڕەکان ئەشکێنێ و ئەیان کوژێ. وەکیلەکان و وەزیرەکانیش چەندی بتوانن ستەم لە خەڵکی وڵات ئەکەن.

بەرتیلخۆری لە هەمو ئاستەکانی کارگێڕیدا بە رادەیەک بڵاوبۆتەوە، والی سەرۆکی یەکەی کارگێڕی بوە لە ناوچەیەکی فراواندا، ئەگەر ئەو بەرامبەر چەردەیەک پارە تاوانکاری لە جۆری "زانی و شاریب و لۆتی" ئازاد کرد بێ، ئەبێ کارمەندەکانی خوار ئەو چۆن رەفتاریان کرد بێ؟

حاجی ئەڵێ: کاربەدەستان، بە گشتی، ستەم لە هەمو خەڵک ئەکەن. میللەت فەوتاوە. کەس گلەیی لە کاربەدەستی ناوچەیی نەکا، چونکە خەتای سوڵتانە.

حاجی، سوڵتانی شوبهاندوە بە گای بنە. گای بنە دەستەواژەیەکی گوندیيە، ئەو سەردەمەی ماکینەی گێرە نە بوە، گێرەیان بە چەند گایەک کردوە. گاکان بە ریز بە یەکەوە بەستراونەتەوە. لە ناوەڕاستی خەرمانەکەدا ستونێک چەقێنراوە، گەردنی گای یەکەمی پێوە بەستراوە. ئەم گایە، کە گای بنە بوە، گاکانی تری سوڕاندۆتەوە بۆ ئەوەی گەنمەکەی ژێر پێیان بکوترێ. ئەگەر ئەو گایە نالەبار بو بێ، هەمو پرۆسەکە تێک چوە. لە دەوڵەتی عوسمانیشدا کە سوڵتان خۆی خراپ بو، هەمو سیستەمی بەڕێوەبردنی خراپ ئەبێ.

حاجی زۆر بە وردی هۆی ستەمکاری لە دەوڵەتی عوسمانیدا دیاری کردوە. سوڵتان عەبدولحەمید، لەبەر زۆرداری بە "سوڵتانی سور" ناسراوە. لە سەردەمی فەرمانڕەوایی ئەودا، ئازادیخوازەکان توشی کوشتن و گرتن و راونان بونەتەوە، زۆری نەتەوە ژێردەستەکانی دەوڵەتی عوسمانی راپەڕیون و بەشێکی فراوانی سەرزەمینەکەی لە دەس داوە.

ئینجا ئەڵێ:

**هەر لە شا تا بە گەدا، توشی یەکێکی نابی**

**لێ‌ی بپرسی، بە حەقیقەت بڵێ: جەدم ئەمەیە** (حاجی قادر، ل 147)

ماوەیەکی درێژ دەوڵەتی عوسمانی، لە ناوچە مەسیحی‌نشینەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆیدا، منداڵی مەسیحی‌یەکانی بە چەند رێگەیەک لێ سەندون. لە هەر خێزانێ منداڵێ بە زۆر یان بە کڕین، یان بە فڕاندن. ئەو منداڵانە کراون بە موسوڵمان و لە قوتابخانەی تایبەتیدا بەخێو کراون و پەروەردە کراون بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری دەوڵەت. زۆری کاربەدەستە پلەبەرزەکانی سیاسی، کارگێڕی، دارایی، جەنگی... لەناو ئەم کەسانەدا هەڵبژێردراون. لە راستیدا کەسیان نەیان زانیوە باپیر "جەد"یان کێیە.

لە شیعرێکی تریدا بەو بۆنەیەوە وتویەتی:

**سەوادی ئەعزەمی قوستەنتەنیە**

**گەلێ بێ ناوی کردە سەدری ئەعزەم** (حاجی قادر، ل 83)

لە کوردستانیش پێڕەوی هەمان سیستەمی بەڕێوەبردن کراوە. دوای کۆتایی‌هێنان بە میرایەتی‌یە کوردەکان، دەسەڵاتی عوسمانی بە شێوەیەکی ناوەندی لە ئەستەموڵەوە کاربەدەستانی تورکی داناوە بۆ بەڕێوەبردنی جومگە سەرەکی‌یەکانی کاروباری کارگێڕی، دارایی، سەربازی، دادوەری.. شار و دێهاتی کوردستان، تەنانەت کارمەندە بچوکەکانیش هەر لەوان بون. حاجی لەم بارەیەوە ئەڵێ:

**ئیستەکێ ئامیرانی کوردستان**

**هەر لە بۆتانەوە هەتا بابان**

**لەم هەتیوانەی مەکتەبن، یەکسەر**

**کوردەکان باردەکەن وەکو ماکەر** (حاجی قادر، ل 259)

حاجی لەم شیعرانەدا ویستویەتی سوڵتان و سەڵتەنەتی عوسمانی لە بەرچاوی کورد ئەوەندە ناشیرین بکا و ئەوەندە دزێو پیشانیان بدا، هەمو کەس هەڵگەڕانەوە و شۆڕش و جیابونەوەی لەو دەوڵەتە بە لاوە کارێکی ئاسایی بێ.

حاجی لە شیعرێکی تریدا جارێکی تر دێتەوە سەر باسی دەوڵەتی عوسمانی. بە پێچەوانەی هەمو ئەوانەوە کە سوڵتانیان بە خەلیفەی ئیسلام و دەوڵەتی عوسمانییان بە دەوڵەتی ئیسلام زانیوە و داکۆکییان لە هەمو کارە چاک و خراپ و لە هەمو جەنگ و شەڕەکانی بە "ئەرکی دینیی" زانیوە، زنجیرەی سەڵتەنەت، گۆیا کە "واریسی شەرعی نەبەوین" بە "کەرمیز" ئەشوبهێنێ و وەزیر و وکەلا و دەستوپێوەندەکانی بە کۆیلەی بتپەرستی و گاورەکەیان کە سوڵتانە -بە لای ئەوەوە- ئەوەندە بە خراپ ناسراوە، پێویست بە باسکردن ناکا:

**ئەم سەگانە کە لە لای ئێمە وەزیر و وکەلان**

**بێنە لای تۆ، بە خودا، نایکەیە گاوان و شوان**

**ئەمە کەرمیزە، دەڵێن واریسی شەرعی نەبەوین**

**هەمو عەبدی سەنەمن، باسی مەکە گەورەکەیان**

**هەر ئەدیبێک بوە، سا خوا لە دەمی ناوە بڵێ:**

**دەوڵەتی داوە بە کەر، نیعمەتی داوە بە سەگان** (حاجی قادر، ل 92)

حاجی چیرۆکی لێقەومانی کورد لەژێر سایەی دەوڵەتی عوسمانیدا، لە زمانی کوردێکی ئاوارەی بابانەوە، بە گفتوگۆیەکی پڕ لە جۆش و خرۆش، پڕ لە سۆزی نەتەوەیی، ئە گێڕێتەوە:

**لە ڕۆما کەوتە بەرچاوم، کەسێکی هائیم و حەیران**

**بە هەیئەت تێگەییم کوردە، بە شێوەی ئەهلی کوردستان**

**کە چومە خدمەتی، پرسیم: برادەر خەڵکی کام جێگای؟**

**لە کام لا هاتووی؟ گریا، گوتی: بابان، گوتم: بابان؟!**

**دڵم داوە، گوتم: باوکە، هەمومان بێکەسین لێرە**

**چ قەوماوە، گەلێ حەیفە، مەگریە هەروەکو باران**

**گوتی: بۆ غوربەت و روتی نیە، ئەفغان و هاوارم**

**لە داغی حاکمی خۆمە، لە شان و شەوکەتی تورکان**

**گەلێکم بیستوە پەستی و بڵندی دەوڵەتان، ئەمما**

**جیهان نەی دیوە پەستی وا میسالی حاڵی کوردستان**(حاجی قادر. ل100)

ئینجا دێتە سەر گێڕانەوەی دەبدەبەی سەردەمی حوکمڕانی میرانی کورد و بەراوردی ئەکا بە هەلومەرجی کوردستان لەژێر سایەی دەسەڵاتی تورکدا، ئەڵێ:

**لە وەقتی خۆی هەمو شا بون، سەراپا بێ غەم و شا بون**

**لە جودا حاتەمی تائی، لە شەڕدا رۆستەمی مەیدان**

**لە پێشا خاکی مە، لانەی پڵنگ و شێری ئازا بو**

**ئەمیستا مار و مێرو، گورگ و ڕێوی، لێی دەکەن سەیران**

**لە کوێ ما نەعرەتەی تەقلە و جلیت و رمب و رمبازی**

**لە کوێ ما دەنگی زوڕنا و دەهۆڵ و شایی و سەیران**

**لە هاڕەی شەشپەڕ و نەڕەی سوار و بەرقی شەشخانە**

**لە تەقەی ناڵ و شەقەی سم، لە رەقەی تۆپز و قەڵغان**

**دەهاتە جونبوش و لەرزین لە ماهی بگرە تا ماهی**

**لە سەحرا چەندە وەحشی بون، لە ترسان چونە سەر کێوان**

**لە ریزی زەبروزەنگی وان کەسێکی تر نەبو هەرگیز**

**بە شیری حیشمەتی کوردە کە ماوە دەوڵەتی ئێران**

**سەرا و ئەیوانیان ئێستا کەلاوەی کوندەبو و جوغدە**

**ئەگەر مەیدان و دیوانە سەراپا بویتە جێی دۆمان** (حاجی قادر. ل 101)

حاجی ئومێدێکی گەورەی داوە بە کابرای ئاوارە، ئەڵێ:

**لەپاشی ئەو هەمو گریان و ناڵە و زاریە پێم گوت:**

**عەزیزم غەم مەخۆ هێندە، لە سایەی رەحمەتی رەحمان**

**ئەمیرێک ماوە پاشایە، گوتی: کێیە؟ گوتم: شێرە!**

**گوتی: لێرە؟ گوتم لێرە، هەتا تاران و هیندستان** (حاجی قادر. ل 102)

ئەو "شێرە"ی کە حاجی قادر باسی ئەکا، هەر لە تارانەوە تا هندستان بە تەمای بن، ئەبێ کێ بێ؟ ئاخۆ ناوی راستەقینە یا نازناوی ئەمیرێکی کورد بوە، خەریکی خۆ ئامادەکردن بوە بۆ شۆڕشێ کە لەدەس ستەمی رۆم رزگاریان بکا؟

ئەگەر مەبەستی "یەزدانشێر" بو بێ کە ماوەیەک لە ناوچەیەکی دیاریکراوی کوردستاندا ئاڵای شۆڕشی هەڵکردوە، ئەو توانایەی نە بوە لە تارانەوە تا هندستان ئازاد بکا. جوڵانەوەکەی خێڵەکی بوە، بە ئاسانی لە لایەن عوسمانییەکانەوە دامرکێنراوەتەوە، یان بۆ دڵدانەوەی کابرا و بەرزکردنەوەی ورەی ئەو بوە. ناوەکە ناوێکی "وەهمی" بوە و هەمو گفتوگۆکە حاجی خۆی دروستی کردوە، بۆ دەربڕینی بۆچونەکانی و بەهێزکردنی بیرۆکەی قەسیدەکەی؟

قەسیدەی "خاکی جزیر و بۆتان"ی حاجی یەکێکە لە قەسیدە بەناوبانگەکانی. بەیتەکانی بە چەشنێکی وەستایانە داڕێژراون، بە ئاسانی لەبەر بکرێن، بەمجۆرە دەستی پێ کردوە:

**خاکی جزیر و بۆتان، یەعنی وڵاتی کوردان**

**سەد حەیف و سەد مخابن دەیکەن بە ئەرمەنستان** (حاجی قادر، ل 93)

ئەگەرچی حاجی قەسیدەی "خاکی جەزیر و بۆتان"ی وەکو کاردانەوەیەک بۆ پەیمانی سان ستیفانۆ (1877 ز) و پەیمانی بەرلین (1878 ز) داناوە، بەم بۆنەیەوە کەوتۆتە ژێر کاریگەری پڕۆپاگاندەی تورک و کۆڕە ئاینییەکانەوە، بەڵام بە راشکاوی و بە چڕوپڕی بیر و بۆچونەکانی خۆی، لەم قەسیدەیەدا، دەر بڕیوە.

پەیمانی سان ستیفانۆ دوای شکانی خێرای عوسمانی لە جەنگی روسی - عوسمانیدا ئیمزاکراوە. بە پێی ئەو پەیمانە، دەوڵەتی عوسمانی لەژێر گوشاری روسیدا رازی بوە دەوڵەتی ئەرمەنستان لەسەر بەشێکی خاکی عوسمانی دابمەزرێنرێ. بەشێ لەو خاکە دانیشتوانەکەی تێکەڵاو بوە لە ئەرمەنی و کورد، بەڵام ئەو ناوچانە زۆر دور بون لە خاکی جزیر و بۆتانەوە. حاجی دوای ئەوەی مەترسییەکانی ئەو دەوڵەتە، لە باری سەرنجی خۆیەوە، لەسەر کورد رون ئەکاتەوە، ئەڵێ:

**مەسجید دەبێتە دێرە، ناقوسیان موئەزین**

**مەتران دەبێتە قازی، موفتی دەبێتە ڕەهبان**

**هیچ غیرەتێک نەماوە سەدجار قەسەم بە قورئان**

**پەیدابێ ئەرمەنستان، نامێنێ یەک لە کوردان** (حاجی قادر، ل 94)

هەر لەژێر کاریگەری ئەم پڕۆپاگاندە دینیە توندڕەوە دا بوە، شێخ عوبەیدوڵای شەمزینی، پیری مەزنی تەریقەتی نەقشبەندی و کاک ئەحمەدی شێخ، پیری مەزنی تەریقەتی قادری لە رێگەی شێخ سەعیدی کوڕەزایەوە، کوردیان سازداوە لەو شەڕەدا دژی روس بەشداری بکەن.

بریتانیا و دەوڵەتانی ئەوروپی فریای تورکیا کەوتون. نەیان هێشتوە وا بە کەساسی لە بەردەم روسیادا چۆک دابدا. پەیمانی سان ستیفانۆ سەری نەگرتوە. لە بەرلین کۆنگرەیەکیان بەستوە، پەیمانێکی نوێیان بەستوە بە ناوی پەیمانی بەرلین. لەو پەیمانەشدا عوسمانییەکان بەڵێنیان داوە ئەرمەن لە دەسدرێژی کورد و چەرکەس بپارێزن. حاجی ئەڵێ:

**ئەم قسەیەی کە کردم، ناگاتە چەند ساڵی تر**

**ئەم حاڵەتە دەبینن، یەک یەک بە چاوی خۆتان** (حاجی قادر. ل 95)

پێشبینی‌یەکەی حاجی نەهاتۆتە دی. دەوڵەتی ئەرمەنستان لەو زەمانەدا "پەیدا" نە بوە. بەڵام ناکۆکی ئەرمەنی و کورد زۆر قوڵ بۆتەوە، لە ناکۆکی ئەرزیەوە بوە بە ناکۆکی دینی. ساڵی 1895 ز سوڵتان عەبدولحەمید لە خێڵە کوردەکان "ئالای حەمیدی" دروست کردوە کە دواتر بەکاری هێناون بۆ قەتڵوعامی ئەرمەن.

حاجی بۆ هاندانی کورد، رابردوی نزیکی خۆیانیان بە بیر ئەهێنێتەوە، ئەڵێ:

**کوا والی‌ی سەنەندوج، بەگزادەی رەواندز**

**کوا حاکمانی بابان، میری جزیر و بۆتان**

**.....**

**کوا ئەو دەمەی کە کوردان ئازاد و سەربەخۆ بون**

**سوڵتانی موڵک و میللەت، ساحێبی جەیش و عیرفان**

(حاجی قادر. ل 96)

ئامۆژگاری کورد ئەکا پشت بە رۆمی نەبەستن. رەنگە ئەمە ئاماژە بێ بۆ شێخ عوبەیدوڵای شەمزینی کە دەستی کرد بە شۆڕش لە موکریان و ئازەربایجاندا (1880 ز). بەڵام پاش تێشکانی، لەسەر داوای ئێران، دەوڵەتی عوسمانی پشتی تێ کرد و بە گیراوی رەوانەی حیجازی کرد و هەر لەوێش مرد (1883 ز):

**ڕۆمی وەکو بەنی مون، کەس پشتیان پێ نەبەستێ**

**کەوتونە داوی خۆیان، سەرگەشتە ماون و حەیران** (حاجی قادر. ل 96)

ئینجا داوایان لێ ئەکا:

**جۆشێک بدەن وەکو هەنگ، تەگبیربکەن بە بێ دەنگ**

**ئەسبابی شەڕ پەیداکەن: تۆپ و تفەنگ و هاوان**

**پاڕانەوە و تەوەکول لەم عەسرە پارە ناکا**

**تیرە دوعایی جەوشەن، پەیکانە حیرزی مەیدان** (حاجی قادر. ل 96-97)

لە شیعرێکی تریدا هەمان بیری دوبارە کردۆتەوە، ئەڵێ:

**سەڵاحی ئێوە ئێستاکە سیلاحە**

**تەماعی گەورەیی بێ چەک نەکەن، نەک!** (حاجی قادر، ل 79)

بۆ سەلماندنی قسەکەی، نمونە لەسەر پێغەمبەر ئەهێنێتەوە کە لە شەڕدا "ئەدعیە"ی بەکار نە هێناوە. هەروا باسی خێوە و بوخارا ئەکا، کە نەیان توانیوە بە پاڕانەوە و تەوەکول وڵاتەکانیان بپارێزن.

گلەیی لە گەورەکانی کورد ئەکا کە بێ ئاگان لە روداوەکانی دنیا:

**یەکتان نەچونە گەردش، وا تێدەگەن لە دنیا**

**هەر پادشاهی رۆمە و شاهی عەجەم لە تاران** (حاجی قادر، ل 97)

ئینجا سەرەتایەکی گرنگی ستراتیجی پرۆژەی نەتەوەسازی و دەوڵەتسازی بە زمانێکی زۆر سادە باس ئەکا کە ئەویش پێکەوە گرێدانی کاری سیاسی و کاری سەربازییە، ئەڵێ:

**شیر و قەڵەم شەریکن، لەم عەسرەدا درێغا**

**شیرم قەڵەمتەراشە و کالانیە قەڵەمدان** (حاجی قادر، ل 98)

لە شیعرێکی تریشیدا هەمان بیری دوبارە کردۆتەوە، ئەڵێ:

**بە شیر و خامە دەوڵەت پایەدارە**

**ئەمن خامەم هەیە، شیر نادیارە** (حاجی قادر، ل 251)

ئینجا باس لە گرنگی رۆژنامە ئەکا:

**سەد قائیمە و قەسیدە کەس نای کڕێ بە پولێ**

**ڕۆژنامە و جەریدە کەوتۆتە قیمەت و شان** (حاجی قادر، ل 98)

حاجی باسی تەجروبەی گەلانی عوسمانی ئەکا کە چۆن بەرەو سەربەخۆیی چون:

**هەر دوێنێ ئەهلی سودان، هەستانە پێ وەکو شێر**

**ئێستێکە موستەقیلن، مەحسودی کوللی ئەدیان**

**بوڵغار و سرب و یۆنان، هەم ئەرمەن و قەرەتاغ**

**هەر پێنجیان بە تەعداد نابن بە قەدی بابان**

**هەر ئێکە موستەقیلن، کوللێکی دەوڵەتێکن**

**ساحێبی جەیش و رایەت، ئەرکانی حەرب و مەیدان** (حاجی قادر، ل99)

داوا ئەکا کورد لە ئەرمەنەوە یەکبون فێر بێ، منالّی خۆی بنێرێ بۆ ئەوروپا:

**هەم حەقیانە ئەرمەن، غیرەتکەشی یەکترن**

**وەک ئێمە نین لەگەڵ یەک، دەعوا بکەن بە شیران**

**بۆ فەنی حەرب و سەنعەت، بۆ زەبت و رەبتی میللەت**

**دەینێرنە ئەوروپا گەورە و بچوکی خۆیان** (حاجی قادر. ل 99)

حاجی لە دواساڵەکانی تەمەنیدا هێشتا هیوای بەوە بوە بۆ ئەوەی "گرێی دڵ دەفع بێ"، "ڕۆمی لە کوردستان دەفع بێ":

**میسلی شەراری کاغەزە، سوتاوە عومرمان**

**ڕۆمی کە دەفع بو، گرێی دڵ دەفع دەبێتەوە** (حاجی قادر. ل 129)

### حاجی و شێخانی تەریقەت

شاعیرانی نەوەی دوەمی قوتابخانەی بابان، ئەوانەی لە کوردستان ژیاون، هەمویان یان زوربەیان، بە جۆرێ لە جۆرەکان پێوەندییان لەگەڵ داوودەزگای شێخەکانی تەریقەتدا هەبوە:

مەحوی، (مەلا محەمەدی کوڕی مەلا عوسمانی باڵخی، 1836-1906 ز)، باوکی خەلیفەی شێخەکانی نەقشبەندیی هەورامان بوە. خۆیشی خەلیفەی شێخ عوسمانی سیراجەدین بوە لە سلێمانی و لە شاری سلێمانی خانەقای تایبەت بە خۆی هەبوە، کە سوڵتانی عوسمانی بۆی دامەزراندوە.

فایەق، (مەلا وەسمانی کوڕی حاجی ئیسماعیل، 1806-1889 ز) باوکی خەلیفەی شێخەکانی نەقشبەندیی هەورامان بوە. خۆیشی هەر لەوێ ئیجازەی مەلایەتی وەرگرتوە. خەلیفەی شێخ عوسمانی سیراجەدین بوە و لە سلێمانی خانەقای تایبەت بە خۆی هەبوە.

فکری، (مەلا محەمەدی فکری، کە وەکو حاجی بە ناسینی ئەدا: موی دەئەنگاوت بە تیرێکی فکری) خەلیفەی کاک ئەحمەدی شێخ بوە.

شێخ رەزا، (کوڕی شێخ عەبدوڕەحمانی خاڵسی، 1837- 1910 ز) باوک و باپیری، پیری تەریقەتی قادری بون. خۆیشی لە تەکیەی تاڵەبانی تەمەنی بەسەر بردوە، تا لە بەغداد مردوە.

وەفایی، (میرزا عەبدوڕەحیمی سابڵاخی، 1844-1902 ز)، دەیان ساڵی تەمەنی لە خانەقای نەهری لای شێخ عوبەیدوڵای شەمزینی، پیری تەریقەتی نەقشبەندی، بەسەر بردوە. وەک خۆی لە یادداشتەکانیدا نوسیوێتی "کاتب ئەسراری" ئەو بوە. دوای مردنی ئەویش، دڵسۆزی شێخ عەبدولقادری کوڕی بوە. هەر لە گەڕانەوەی سەردانی ئەودا بوە بۆ حیجاز، لە چۆڵی عەرەبستان مردوە.

حەریق، (مەلا ساڵحی کوڕی مەلا نەسروڵای زێوەیی 1851-1907 ز) ماوەیەکی تەمەنی لە موکریان لە خانەقای شەمسی بورهان ژیاوە و کە گوێزاویشێتیەوە بۆ یەکێ لە مزگەوتەکانی سابڵاخ، هەر بە دڵسۆزی ماوەتەوە بۆ شەمسی بورهان، تا مردوە.

پێوەندیی نێوان شاعیرانی نەوەی دوەم لەگەڵ دامەزراوەی شێخانی تەریقەت، ئەشێ وەک "دیاردە" سەیر بکرێ، نەک وەکو "حاڵەتی فەردی".

تەنیا شاعیرێ کە خۆی نەداوەتە پاڵ هیچکام لە شێخانی تەریقەت و بە ئاشکرا جەنگی ڕاگەیاندوە دژی ئەم "دیاردە"یە، حاجی قادر بوە.

لە کوردستاندا، لە سەردەمی دەسەڵاتی میرایەتییەکاندا، دو تەریقەت برەویان هەبوە: تەریقەتی قادری و تەریقەتی نەقشبەندی. میرانی کورد ڕێزیان لێ ناون. بەڵام ڕێگەیان نە داون دەس وەربدەنە کاروباری میرایەتییەکەوە.

حاجی قادر ئاماژە بۆ ئەوە ئەکا کە تا حاکم و میرەکانی کوردستان دەسەڵاتیان هەبوە، لە حوکمڕانیدا پێڕەوی شەریعەتیان کردوە. ئەوان دەسەڵاتی کارگێڕی و دارایی بون، شێخەکانی تەریقەت گۆشەگیر بون. بە واتەیەکی تر، دور بون لە دەستێوەردانی کاروباری سیاسی و بەڕێوەبردنی وڵات:

**حاکم و میرەکانی کوردستان**

**هەر لە بۆتانەوە هەتا بابان**

**یەک بە یەک حافیزی شەریعەت بون**

**سەیدی قەوم و شێخی میللەت بون**

**سەید و شێخەکان لە ترسی ئەوان**

**مونزەوی بون و زاکیری ڕەحمان** (حاجی قادر، ل 212-213)

شێخەکانی هەردو تەریقەت، ئەگەرچی ڕکابەری یەکتری بون، بەڵام هەر یەکەیان: قادرییەکان لە ڕێگەی تەکیەکانیانەوە و نەقشییەکان لە ڕێگەی خانەقاکانیانەوە، سەدان خەلیفە، کە باوەڕپێکراوی ڕێگەپێدراوی شێخەکان بون و هەزاران دەروێش و سۆفی، مورید و مەنسوبیان لەناو تیرە و هۆز و خێڵەکان و گوند و شارەکاندا پەیدا کرد بو. هەر یەکەیان بۆ خۆی ڕایەڵەیەکی فراوانی کۆمەڵایەتی لە سەرانسەری کوردستاندا دروستکرد بو کە سنوری خێڵ و ناوچەی بەزاند بو.

داوودەزگای حکومەتی تورک، بە تایبەتی دەزگای دابینکردنی ئاسایش و دەزگای دادوەریی دەسەڵاتی تورک، بە هۆی بێگانەیی لە خەڵکی وڵات و گەندەڵی کارگێڕی و دارایی، ئەوەندە لاواز بوە، ئاشتیی کۆمەڵایەتی و ئاسایشی گشتی و ئاسایشی سەروسامانی بۆ هیچ کەس و گروپێک نە دابین کردوە و نە پێی دابین کراوە. سەدان باندی بچوک و گەورەی دزی و جەردەیی و ڕاووڕوتی کاروان بە درێژایی وڵات بڵاو بونەتەوە. هەمو کەس و گروپێک بۆ پاراستنی خۆی ئەبو پشت بە هێزی خۆی ببەستێ و ئەبو خۆی

خۆی بپارێزێ. ئەوەی تونای پاراستنی خۆی نە بوبێ، بۆ ئەوەی نەبێ بە ژێر دەستوپێوە، یان خۆی داوەتە پاڵ سەرخێڵ و خێڵێکی بەهێز، یان خۆی داوەتە پاڵ شێخ و تەریقەتێکی بەهێز.

دوای نەمانی میرایەتیەکانی کورد، بۆشایی دەسەلات لە کوردستاندا دروست بوە. تورک بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی دەسەڵات بایەخی زۆری داوە بە شێخەکان. شێخەکان بونەتە کۆڵەکەیەکی بەهێزی دەسەڵاتی تورک. لەو ڕێگەیەوە بونەتە زەویداری گەورە و خاوەن سامان و خاوەن دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی و دینی.

بەڵام وەکو حاجی ئەڵێ، دوای فەوتانی "حاکم و میرەکانی کوردستان"، شێخەکان دوڕوییان دەرکەوتوە و دەستیان تێکەڵاوکردوە لەگەڵ دەسەڵاتی ڕۆم و عەجەم و هێزی مرۆیی کوردیان، لە شەڕ و لە ئاشتیدا، بۆ پشتیوانی لەوان بەکار هێناوە:

**هەر کە فەوتان، ریای ئەوان دەرکەوت**

**سەیری چۆن بونە پوش و ئاگر و نەوت**

**یەکێ لەم لاوە رودەکاتە عەجەم**

**دو لەو لاوە دەبنە دوژمنی هەم** (حاجی قادر، ل 213)

حاجی پێش ئەوەی کوردستان بەجێ بهێڵێ، دژی داوودەزگای شێخانی تەریقەت بوە. دیارە حاجی بە تەنیا لە بەرامبەر ئەم دەزگا زەبەلاحە و ئەو هەمو کەسایەتیە گەورە دەسڕۆیشتوانە، نەی توانیوە بەربەرەکانی بکا. ئامرازی بەربەرەکانی حاجی، شیعر بوە، ئەویش لەناو خەڵکدا دەنگدانەوەیەکی ئەوتۆی نە بوە. هەندێ لەوانەی لەسەر ژیانی حاجیان نوسیوە، ئەڵێن: لە سۆنگەی ئەم ناکۆکیەوە بوە کە حاجی کوردستانی بەجێ هێشتوە.

حاجی ئەگەرچی دژی دەزگای شێخایەتی بوە بە گشتی، بەڵام لە هەندێ لە شیعرەکانیدا زۆرتر روی لە یەک شێخە، کە بە ناو ناوی هێناوە و چەند جارێ دوبارەی کردۆتەوە. لە کاتێکدا لەو زەمانەدا بە دەیان شێخ هەبون، کە وەکو ئەو خانەقا و تەکیەیان هەبوە و هەمان کار و رەفتاریان کردوە. شیعرەکان هەمویان ناوەرۆکی کۆمەڵایەتیان هەیە، فڕوفێڵ و دەسبڕینی شێخەکان ریسوا ئەکەن. بەڵام ئەچنە خانەی "هەجو"ی کەسیەوە.

لەم شیعرەدا کە هەڵچون و تورەبونی پێوە دیارە، باسی ئەوە ئەکا، گوایە شێخ نەخۆشی تادار بە بەنگرێدان چاک ئەکاتەوە و هەر کەس پارەی زۆرتری بداتێ، کۆشکی خۆشتری لە بەهەشتدا پێ ئەدرێ:

**وشکە سۆفی! بڵێ بە شێخی تەرەس**

**با بە سەرما نەیە، میسالی هەرەس**

**عەجەبا شاعیری نەناسیوە؟**

**شێر و عەنقا دەکاتە مور و مەگەس**

**کەر نەبێ، کام پیاوی پێ غەڵەتا**

**بەنگرێدان و تابڕین و نەفەس**

**.....**

**حەزدەکەی تێ بگەی لە بێ دینی**

**ببە دەروێشی شێخەکان بە هەوەس**

**.....**

**چەند پولێ ئەگەر بهێنی**

**قەسرت خۆشتردەبێ لە ئی هەر کەس**

**بۆچی حاجی نەخوێنێ وەک توتی**

**ئەم زوبانە هەزاری خستە قەفەس** (حاجی قادر. ل 72-73)

لە شیعرێکی تریدا باسی لاپرەسەنگی ژیان و هەڵسوکەوتی شێخەکان ئەکا لەگەڵ ژن:

**کە دەیگوت شێخی من: من دەستگیرم**

**لەلام وابو لەبەر جەهل و جوانی**

**کە پیر بوم، تێگەیشتم دەستی گرتم**

**لە کەسب و کاری تەحسیلی مەعانی**

**بەڵێ، شێخ قوتبە، ئەمما قوتبی ئاشە**

**بە ئاو و نیعمەتی خەڵقە گەڕانی**

**لە بۆ ژن دێ لە کۆڵان وەک سەگی هار**

**لە ژن هەڵدێ، بە میسلی کەر لە خانی**

**بلێ بەو سەرکزۆڵەی کوزپەرستە**

**بە چاوی کلدار و ریشی پانی**

**کە نەفعێکت نەبێ بۆ دین و دەوڵەت**

**بە من چی "نەقشبەند"ی یا نە "مانی"** (حاجی قادر. ل 153-154)

هەندێ لە شێخەکانی تەریقەت پێڕەوی فرەهاوسەرگیریی‌یان کردوە، چەند ژنێکیان هێناوە. سەرەڕای خۆشی دنیایی، لەو ڕێگەیەوە پێوەندی کۆمەڵایەتی‌یان لەگەڵ بنەماڵەی ناسراو و سەرانی دەسەڵاتداری خێڵ و ئاغاکان دروست کردوە. حاجی لەم شیعرەدا ناوی شێخەکەی نەهێناوە، بەڵام باسی ڕەفتاری ئەکا.

یەکێ لە شێخە بەناوبانگەکانی کوردستان، شێخ عوسمانی سیراجەدین (1195-1283 ک: 1781-1866 ز)، جێنشینی مەولانا خالید و پیری تەریقەتی نەقشبەندی، وەکو لە ژیاننامەکەیدا نوسراوە، 18 ژنی هێناوە.(یادی مەردان. ل 28)

حاجی خۆشەویستی‌یەکی تایبەتی هەبوە بۆ سروشتی کۆیە و خەڵکی کۆیە، تەنانەت بۆ ئاغاکانیشی. ئەو خۆشەویستی‌یەی لە چەندین شیعرا دەر بڕیوە. لە هەمان کاتدا لۆمە و سەرزەنشتی کردون، لەبەرئەوەی پێڕەوی شێخەکان ئەکەن:

**گەلێ ساڵە ئەهالی شارەکەی کۆ**

**شەو و ڕۆژی لەگەڵ شێخانی بێ پۆ**

**میسالی ئاگر و ئاگرپەرستن**

**دەسوتێن و هەمیسان دەیپەرستن**

**لە عەهدی کەر نەبی تا دەوری گاکوێر**

**لە گوێی گا نوستون زۆر حەیفە بۆ شێر**

**لەکن خۆتان فلان ئیبنی فلانن**

**لە دنیا ئاین و ئۆین دەزانن**

**کەچی کەچمەشرەبێکی بێ دیانەت**

**بە حیلە مل دەنێتە بەر عیبادەت**

**شەریعەت گەر بزانێ یا نەزانێ**

**وەکو کەر دەچنە بن باری گرانی** (حاجی قادر. ل 253-254)

لە شوێنێکی تردا دیسان سەرزەنشتی خەڵکی کۆیە ئەکا کە ئەرکی نەتەوەیی‌یان بەجێ نە هێناوە:

**لە قۆچ پاشاوە تا ئیستا، ئەمیرێک**

**لە کۆیە پەیدا نەبو، یاخود وەزیرێک**

**لەبەر بێ ئیتتیحادی بونە مسکێن**

**لە ئاخردا وەکو زانیومە هەڵدێن**

**لە مابەینی کڵاوسور و کڵاوڕەش**

**پەرێشان و دیارن میسلی گای بەش**

**لەبەر ئەم ناتەبایی و کینەجۆیی**

**لەلای ڕۆمی زەلیلن مەردی کۆیی** (حاجی قادر، ل 251)

تۆڕی ڕێکخراوەی تەریقەت، هاوشێوەی تۆڕی ڕێکخراوەی "حیزبی هەرەمی" ئەمیش هەرەمی بوە. پیر یا شێخی تەریقەت لە لوتکەی هەرەمەکەدا بوە، خەلیفەکان لە ناوەڕاستدا و هەزاران سۆفی و دەروێش لە بنکەکەیدا بون.

لە جەنگی روسی-عوسمانی (1877-1878 ز)دا، شێخەکانی کوردستان بۆ بەدەنگەوەچونی فتوای جیهاد، ئەمانیش لە هەمو لایەکەوە فتوای جیهادیان داوە و هێزیان کۆکردۆتەوە بۆ بەشداری لە "غەزا"ی روسدا. شێخ عوبەیدوڵای شەمزینی لە باکوری کوردستان و کاک ئەحمەدی شێخ لە باشوری کوردستان، فتوایان داوە. تەنانەت کاک ئەحمەد، شێخ سەعیدی نەوەی ناردوە بۆ شەڕەکە و شێخ عوبەیدوڵاش خۆی سەرکردایەتی بەشێ لە موجاهیدەکانی کردوە. بە هۆی تۆڕی ڕێکخراوەیی تەریقەتەکانیانەوە، بە ئاسانی هەزاران کەسیان سازداوە. هێزی نارێکوپێکی خێڵەکانی کورد، جگە لەوەی بە درێژایی ڕێگا رواووڕوت و تاڵانیان کردوە، لە شەڕەکەدا رۆڵی باشیان نە بوە. هەمەوەند کە خێڵێکی شەڕکەری باشوری کوردستان بوە، بۆ بەشداری لەم شەڕەدا لەمسەر بە رم و زەرگ و خەنجەرەوە رۆیشتون، لەوسەر بە تفەنگی مارتینییەوە هاتونەتەوە:

**دو هەزار ژن فەساد کرا لەملا**

**بونە قاتیل ئەوانی تر لەولا**

**یەک بە یەک بونە نائیبی هەمەوەند**

**ساحێبی مارتین و ماری گەزەند**

**میللەتیش هێند کەرن وەکو جاران**

**دەستیان ماچ دەکەن، دەڵێن قوربان** (حاجی قادر، ل 213-214)

حاجی قادر لە یەکێ لە شیعرە درێژەکانیدا کە یەکێتی بابەتی تێدا نیە، بەڵام هەندێ مەبەستی داوە بەدەستەوە، سەرەتا "تاجی بیسمیلا" بۆ "دەفعی شەیتانی رەجیم" لە سەر دا ئەنێ، ئینجا بە تێکەڵوپێکەڵی ئەکەوێتە هۆنینەوەی بابەتە جیاوازەکانی:

**تاجی بسم الله الرحمن الرحیم**

**نامە سەر، بۆ دەفعی شەیتانی رەجیم** (حاجی قادر، ل 202)

پاش ئەوەی باسی ئەوە ئەکا کە خوا کەعبەی بۆ کردون بە ڕێنمون، پێغەمبەریش چاکەی بنیاتنانی مزگەوتی پێ وتون:

**باز فەرموی: سەربەسەر روی زەمین**

**مەسجیدە بۆ زیکری ڕەبەلعالەمین**

**یەعنی هەر ماڵێ کرابێ بۆ خودا**

**کەعبەیی عەلیایە بۆ زیکر و دوعا** (حاجی قادر. ل 203)

حاجی ناڕاستەوخۆ ئاماژە ئەکا بۆ ناکۆکی نێوان مزگەوت وەکو دامەزراوەی دینی و خانەقا و تەکیە وەکو دامەزراوەی تەریقەت، یا ناکۆکی نێوان مەلای مزگەوت و شێخی تەکیە، کە هاتوچۆی یەکتریان نە کردوە.

گەلێ لە زانایانی ئاینی دژی دامەزراوەی شێخایەتی تەریقەت بون، پێیان وا بوە ئەوە "بیدعەت"ە و کارێکە پێچەوانەی باوەڕی ئیسلامە:

**شکڵی تەکیە و خانەقاهی شێخەکان**

**واقیعەن ڕەنگینە ئەمما بۆ ریان**

**لەم هەمو شێخ و موریدانەی ریا**

**فەردەکی ناچێتە مزگەوتی خودا**

**مەسجید و میحراب و مینبەر بێکەسە**

**هەر مەپرسە حاڵی چۆنە مەدرەسە** (حاجی قادر. ل 203)

حاجی ئەوە بەبیرئەهێنێتەوە کە پێغەمبەری ئیسلام، سەرەڕای "موعجیزە و کەشف و کەرامات و دوعا"، لە شەڕی کافرەکاندا بریندار بوە و دانی شکاوە، بۆیە شەڕ بە دوعا و های و هو نابڕێتەوە:

**موعجیزە و کەشف و کەرامات و دوعا**

**بۆچی نەی بو فەخری عالەم مستەفا؟**

**جیسمی نورین و ددانی گەوهەرین**

**ئەو شکا، ئەمیان بوە جێگای برین**

**سەبحە و میسواک و خەرقە و تەیلەسان**

**بونە پابەندی جیهادی غازیان**

**ئەم هەمو شەهبازە بونە کوندەبو**

**خەڵوەکێشان و چلە، سودی نەبو**(حاجی قادر. ل 204)

حاجی وێنەی کاریکاتێری لەشکری نارێکوپێک و دواکەوتوی شێخەکانی کێشاوە، کە وەکو زەمانی کۆن چەکداربون بە زەرگ و مەتاڵ و روشتە و تەور و پێست و کەشکۆڵ و تاج و کەمەر. بە ئاوازی دەفلێدانەوە بە روتی و بە پێی پەتی، بە هاندانی شێخەکان و پشتئەستور بە دوعای ئەوان، بەرێ کەوتون بۆ شەڕی ماکینەی جەنگی روس کە لەچاو سەردەمی خۆیدا تازەترین جۆرەکانی تفاقی جەنگی بەکار هێناوە:

**سەیری ناکەن تائیفەی ئەو شێخەکان**

**وەک صەحابە و عادەتی پێشینان**

**روت و پێخاوس بە زەرگێک و مەتاڵ**

**باوکی بۆ دو پول دەردێنێ لە چاڵ**

**.....**

**یا کەمەندم روشتەیە، تیغم تەبەر**

**پۆست و کەشکۆڵ و دەفە و تاج و کەمەر**

**کام حەدیس و ئایەتی موعیزنوما**

**هاتوە بۆ رەغبەتی رەقس و سەما؟** (حاجی قادر. ل 205-206)

ئینجا باسی های و هوی شێخەکان ئەکا. تەجروبەی مێژویی رابوردوی وڵاتانی ئیسلامی بەبیرئەهێنێتەوە کە ئیسلام بە های و هو و دوعای شێخەکان وڵاتەکانیان لە بەرامبەر داگیرکەرانی کافر "ئەوروپایی"دا لە دەس داوە، لە بەرامبەر روسیشدا هەمان روداو دوبارە ئەبێتەوە:

**ناکرێ بەم های و هویە دەفعی روس**

**هەروەکو شێخی بوخارا و ئەندەلوس**

**میسلی ئێوە پاڵیان دا بە دوعا**

**ئاخری کافر بە ریشیاندا ریا**

**پشتیان دا هیمەت و شەیخوخەتی**

**تا فەرانسز پاکی کردە میللەتی**

**مەرقەدی ئەقتاب و قوبەی ئەهلی راز**

**بۆتە جێگەی گاگەل و مۆلگەی بەراز**

**هیند و داغستان و قازان و قەرم**

**خێوە و هیند و بوخارا و خوارەزم**

**یەک بە یەک وەک ئێوە بون و زێدەتر**

**سەربەسەر بۆ باری کافر بونە کەر** (حاجی قادر. ل 203-204)

لەشکری موجاهیدینی کورد لەچاو لەشکری زەبەلاحی عوسمانیدا شتێکی ئەوتۆ نە بون، تەنانەت نرخێکی رەمزیشیان نە بوە. هێزەکانی دەوڵەتی عوسمانی توشی شکستی سەخت هاتون، تەنانەت ئەستەموڵ پایتەختی سەڵتەنەت، کەوتۆتە ژێر هەڕەشەی داگیرکردنەوە. دوعا و نزای شێخەکان بێ سود بوە.

حاجی، رەنگە هەندێ لەو شیعرانەی باس کران، لەژێر کاریگەریی شکستی عوسمانی لە بەرامبەر لەشکری روس و شکستی شێخ عوبەیدولای شەمزینی لە بەرامبەر لەشکری ئێراندا دانابێ. بەڵام پێش ئەو روداوانە و دوای ئەو روداوانەش، دژی داوودەزگای شێخانی تەریقەت بوە، زۆر بە توندی هێرشی کردونەتە سەر. تەنانەت بە سوکایەتی پێ کردنەوە ناوی هەندێ لە شێخە دەسڕۆیشتوەکانی هێناوە. حاجی ئەپرسێ: قازانجی تەکیە و خانەقاکان چیە؟ جگە لەوەی خەڵک فێری تەمەڵی و کارنەکردن ئەکەن و بۆ شێخەکانیش بونەتە مایەی دەوڵەمەندبون و دەسبەسەراگرتنی زەویوزار و کەڵەکەکردنی پارە و سامان. بۆچی نایەن جارێک تاقییان بکەنەوە، بزانن ئەوانە چین: رێگرن یان رێبەرن؟

**خانەقا و شێخ و تەکیەکان یەکسەر**

**پێم بڵێن، نەفعیان چیە ئاخر؟**

**غەیری تەعلیمی تەنبەڵی کردن**

**جەمعی ئەملاک و خەزنە کۆکردن**

**دەفعەیە ئیمتیحانیان ناکەن**

**تێ بگەن زەهرە، یانە تریاکن**

**لە مەحەکی بدەن ئەگەر وەکو زەڕ**

**تێ دەگەن رێگرن، وەیا رەهبەر**

ئینجا بە دەنگی بەرز ئەڵێ:

**دەخیلی شێخ و مێخ مەبن ئەبەدا**

**هیچ کەسێ رزقی هیچ کەسێ نادا** (حاجی قادر. ل 188-189)

## حاجی و هۆشیاریی نەتەوەیی

کۆمەڵگای کوردی ژێر دەسەلاتی رۆم و عەجەم، لە نیوەی دوەمی سەدەی نۆزدەهەمدا، لە روی خوێندەواری، کۆمەلایەتی، ئابوری و سیاسی‌یەوە، کۆمەڵێکی دواکەوتو بوە. لە کوردستانی عوسمانی‌دا کاربەدەست و فەرمانبەری تورک و لە کوردستانی ئێرانی‌دا کاربەدەست و فەرمانبەری عەجەم، دەسەلاتدار بون. رێژەی زۆری دانیشتوان لە لادێدا ژیاون. جوتیاری کورد لەژێر باری ستەمێکی زۆر قورسدا بوە. سەرەڕای باجی زۆر و بەرتیل، بە زۆر کێش کراوە بۆ سەربازیی ناچاری. زۆری ئەوانەی براون بۆ سەربازی، جارێکی تر نە گەڕاونەتەوە. شارەکانی بچوک و دواکەوتو بون، بێبەش بون لە قوتابخانە و نەخۆشخانە و تۆڕی رێگاوبان. هەردو دیوی کوردستان دابڕاو و بێئاگا بون لە پێشکەوتنی دنیا و روداوەکانی.

حاجی روی دەمی کردۆتە ئەو خەڵکە. شیعرەکانی بۆ ئەوان هۆنیوەتەوە و هەوڵی داوە کار لەوان بکا. هەر بۆیە قاڵبی شیعرەکانی بە جۆرێ دارشتوە، بۆ لەبەرکردن ئاسان بن.

حاجی دابەشبونی کورد و کوردستان بەسەر ئێران و عوسمانی‌دا بە یەک بەیت دەر ئەبرێ:

**لە مابەینی کلاوسور و کلاوڕەش**

**پەرێشان و دیارن میسلی گای بەش** (حاجی قادر. ل 251)

**کلاوسور:** مەبەستی "قزڵباش"ە کە کلاوی سەفەوی‌یەکان بوە و دامەزرێنەری دەوڵەتی ئێرانن.

**کلاوڕەش:** مەبەستی تورکە کە دامەزرێنەری دەوڵەتی عوسمانین.

گای بەش: کاتی خۆی کە جوت و گێرە بە گا کراوە، چەند جوتیارێکی هەژار پێکەوە بە هاوبەشی گاجوتێکیان کڕیوە و بە نۆرە و هەندێ جار بە زۆر و نۆرەبڕی، چەندی توانیویانە، بێ ئەوەی بەزەیی‌یان بە گاکەدا بێتەوە، کاریان بە گاکە کردوە تا پڕوکانویانە. ئەمە دەستەواژەی گوندی‌یان بوە. حاجی دابەشبونی کوردی لە نێوان رۆم و عەجەمدا چواندوە بەو گایە.

حاجی، سەرەڕای ئەوەی سالانێکی دورودرێژ لە کوردستان دور بوە، لە شیعرەکانی‌دا چەردەیەکی باش پەند و دەستەواژەی کوردیی پەتی بەکار هێناوە. دیارە تێکەلاوی‌یەکی زۆری هەبوە لەگەڵ کوردەکانی نیشتەجێی ئەستەموڵ و پرسیاری هەمەجۆری لێ کردون، وەکو خۆی ئەڵێ:

**لەبەر دوری لە ئەقران و لە ئەمسال**

**لە کوردانم دەپرسی زەربولئەمسال**(حاجی قادر. ل 227)

حاجی لەم شیعرەدا رو ئەکاتە خوا و چوار یاری پێغەمبەر: ئەبوبەکر و عوسمان و عومەر و عەلی و ئەپاڕێتەوە کە کورد لە خەوی بێ ئاگایی بێدار بکاتەوە، رۆم لە وڵاتەکەی دەربکا و رەوانەی "دەرەکی ئەسفەل"، سەختترین شوێنی دۆزەخی بکا:

**یا ئیلاهی بە ئایەتی مونزەل**

**بە چوار یاری ئەحمەدی مورسەل**

**بێنەوایانی موڵکی کوردستان**

**هەر لە گاوانی تا دەگاتە شوان**

**لە خەوی جەهل و مەستی و غەفڵەت**

**بەخەبەربێن بە نەغمەیی رەحمەت**

**پاکی دەرچن لە کاری نابەمەحەل**

**رۆمی رافڕێنن بۆ دەری ئەسفەل!** (حاجی قادر. ل 196)

لە شیعرێکی تریدا دیسان رو ئەکاتەوە خوا. سوێندی ئەدا بە هەندێ فریشتەی خۆشەویست، لە نێوان دو چیای کۆیەدا ئاڵای کورد هەڵ بکا:

**لەمەوپێش شەمەیەک عەرزی ئەتۆم کرد**

**بڵاوە فیکر و عەقڵم وەسوەسی کرد**

**کە وابو چاکە جامەی خۆم قەبا کەم**

**بەری دەست هەڵبڕم، روی خۆم لە خوا کەم**

**بڵێم: ئەی رازیقی مێشولە و فیل**

**بە حەقی جوبرەئیل و هەم سرافیل**

**هەڵی کەی بەیرەقی کوردی لە دەوران**

**لە مابەینی کەکۆن و هەیبەسوڵتان** (حاجی قادر. ل 246)

حاجی لە شیعرێکی تریدا هۆشداری ئەدات و ئەڵێ:

**کوڕێکی وا نەبو، هەستێتە سەر پێ**

**بزانێ خەڵقی چۆن کەوتونە سەر رێ**

**بکا سەیری جەریدە و حاڵی میللەت**

**کتێبی تازە و تەئریخی دەوڵەت**

**بزانێ تا چ قەوماوە لە ئەتراف**

**سەراپا ئاگرە ئەتراف و ئەکناف**

**ئەگەر کارێک نەکەن لەم بەینەدا زو**

**مەمالیک کاتەکی زانیت لەدەست چو** (حاجی قادر، ل 229)

ڕۆم و عەجەم بە چاوی سوک سەیری کوردیان کردوە. ژمارەیەکی زۆر هەژاری کورد بۆ کارکردن رویان کردۆتە ئەستەموڵ. کوردیان بە نەزان و گەوج و گێل زانیوە، کاری سوکیان پێ سپاردون. کاربەدەستانی ڕۆم و عەجەم، لە کوردستانیش بە چاوی سوک سەیری کوردیان کردوە. ئەو کاتە هێشتا چەمکی هاووڵاتی بون دانی پێدا نە نرابو، تا دیاری بکرێ کورد هاووڵاتی پلەی چەندەم بوە. بەڵام، بێگومان زۆر لە خوار "ڕەعیەت"ی ئاسایییەوە سەیری کراوە. حاجی لەمە بە چاکی تێگەیشتوە، ویستویەتی ئەم دۆخە دەرونییە هەڵگێڕێتەوە.

حاجی بۆ ئەوەی گرێی "خۆبەکەمزانین" لای کورد نەهێڵێ و گیانی "باوەڕبەخۆبون" و "بەخۆوەنازین"یان بکا بە بەردا و لە بەرامبەردا "گرێی خۆبەزلزانین"ی ڕۆم و عەجەم، عوسمانی و ئێرانی، لە بەرچاوی کورد و لە باوەڕی کوردا بکاتە فشەی بێ بنەما، حاجی لە شیعرەکانیدا تا سنوری زیادەڕەوی ستایشی کورد و ئازایەتی و پیاوەتی و لێوەشاوەیی کردون و سوکایەتی بە ڕەوشت و خوی تورک و عەجەم و ڕەگەز و باووباپیریان کردوە:

**هەر لە شا تا بە گەدا، توشی یەکێکی نابی**

**لێی بپرسی بە حەقیقەت بڵێ: جەدم ئەمەیە** (حاجی قادر، ل 147)

حاجی ویستویەتی "گیانی باوەڕبەخۆبون" بکا بە بەر تاکی کوردا، نەک تەنیا بە بەر شێخ و مەلا و گەورەکانیاندا، بەڵکو بە بەر جوتیار و سەپان و گاوان و شوانەکانیشیدا:

**لە گاوان و شوانی کوردەکان یەک**

**بەسە بۆ لەشکری سەد کەڕڕە دو لەک**

**فیدای جوتیارتان بێ، حاتەمی تەی**

**بە قوربانی سەپانتان، ئالی بەرمەک**

**مریشکی ئێوە سەییادی شەهێنە**

**لەکن عەنقا فڕوجە حاجیلەکلەک**

**شوانی مێگەلی کوردان لە شەڕدا**

**وەکو قەسابە، دوشمن مێگەلی شەک** (حاجی قادر. ل 77-78)

دیسان بۆ باوەڕبەخۆبونی کورد ئەڵێ:

**خۆ دەزانن سولالەی ئەکراد**

**لێرەوە بگرە دەگاتە قوباد**

**هەمو عالیم، هەمو شێخ و میرن**

**زیرەک و ژیر و ئەهلی تەدبیرن** (حاجی قادر. ل 211)

دیسان بۆ چەسپاندنی گیانی "باوەڕبەخۆبون" باسی ئاوەدانی و فراوانی کوردستان ئەکا و بە ئازایەتی و بەخشندەیی و وەفا و پەیمانداری کوردا هەڵ ئەدا:

**وەسەتی پانی پازدە رۆژ رێیە**

**پڕ لە رەشماڵ و خانە و دێیە**

**بە درێژی لە قاف کە رابوردن**

**تا بە شیراز و ئەسفەهان کوردن**

**شەهسوارن، پیادەیان ئازان**

**بەری نیشان و کۆلکی مەیدان**

**دان و بەخشینیان لەلا باوە**

**خونی مەیدانیان لەکن ئاوە**

**بە شەجاعەت هەمو وەکو رۆستەم**

**بە سەخاوەت هەمو وەکو حاتەم**

**لە وەفا سەموئیل و ئیسماعیل**

**عەهد و پەیمانیان چیای قەندیل**

**گوردی شانامە پاکیان کوردە**

**کافی ئەم سافە، کافی ئەو وردە**

**لە شەڕا زۆر دەفعە قەوماوە**

**رۆمییان چلۆن جەواب داوە**

**حاجی دەمرێ لە داخ و هاوارە**

**کوردی بێچارە دەبنە ئاوارە** (حاجی قادر. ل 211-212)

حاجی لە شیعرەکانیدا هەمیشە رەخنەی لە دوبەرەکی و ناکۆکی ناوخۆیی کورد گرتوە و داوای "ئیتیفاق" و "ئیتیحاد"ی لێ کردون:

**چوار ملیۆنە کوردستان نفوسی**

**بە قسەی ئەهلی تەخمین کە نوسی**

**هەمویان شێری بێشەن، حاتەمی جود**

**لە شەڕدا کێوی جودی و بەحری مەمدود**

**وە لێکین فائیدەی چی، هەرجومەرجن**

**لە دەعوادا لەگەڵ یەکتر بەمەرجن**

**لە گوێی گا نوستون، هەرچەندە شێرن**

**وەکو کەروێشکی چاو راماو و کوێرن** (حاجی قادر. ل 228)

**.....**

**کوردی ئێمە نەزان و پاشکەوتن**

**پێکەوە پوش و ئاگر و نەوتن**

**بێ، ئەگەر دەستی یەک بگرن**

**وەک سکەندەر جیهان دەگرن** (حاجی قادر. ل 192)

**.....**

**لەبەر حیزەبخۆیی و ناتەبایی**

**لەژێری حیزی حیزان بوینە دۆشەک**

**هەتا وەک ئاگری بنکان لەگەڵ یەک**

**ئەگەر تۆفان بێ لەشکرتان، بە پوشەک** (حاجی قادر. ل 78)

**.....**

**هەر کوردن، ئەگەرچی پاکی مەردن**

**پامالّی زەمانە، میسلی گەردن**

**هەر مانەوە بێ نەوا و مەزلوم**

**وەک بومی خەرابەزار، مەشئوم**

**گەر باعیسی ئەم دەپرسی کامە**

**شەرتێکە کە بۆ هەمو تەمامە**

**ئەو شەرتە بە کوللی ئیتیفاقە**

**گەر مەرعەش و وانە، گەر عیراقە** (حاجی قادر. ل 201)

حاجی سەرنجی کورد را ئەکێشێ بۆ ئەو چەوساندنەوەیەی توشی بوە و چۆن هەردو دەوڵەتی ئێرانی و عوسمانی ئەی ڕوتێننەوە. ئەڵێ: ئێمەی کورد، وەک هەڵی ئەسەنگێنم، وەکو کرمی ئاوریشم و هەنگ واین، شەو و رۆژ سرەوتمان نیە، تا ئاوریشم و هەنگوین بەرهەم ئەهێنێن، کەچی رۆمی کە ئێمە بە مەیمون ئەزانێ، ئاوریشمەکە ئەکاتە جل و لەبەری ئەکا و ئێرانی‌یەکەش، کە زۆڵە، هەنگوینەکەمان ئەکاتە شەربەت و ئەی خواتەوە. لێرەشدا حاجی بۆ ئەوەی "گرێی خۆبەکەم زانین" لای کورد برەوێنێتەوە، سوکایەتی بە رۆم و عەجەم ئەکا:

**حاسڵی ئێمە وەک دەکەم تەخمین**

**کرمی ئاوریشمین و مێشهەنگوین**

**نیە ئارام و راحەتی و خەوتن**

**شەو و رۆژێ هەتا دروستی دەکەن (!)**

**کەچی رۆمی کە ئێمە دەیناسین**

**وا دەزانێ کە ئێمە نەسناسین**

**یانە ئێرانیەک کە مەعلومە**

**دایکی موتعە، باوکی مەوهومە**

**ئەمە دەیکاتە کاسە، دەینۆشێ**

**ئەو کەوای لێ دەکات و دەیپۆشێ** (حاجی قادر. ل 226)

حاجی هەوڵی داوە زانیاری نوێ لە بوارە جیاجیاکانی ژیاندا، کە بۆ کورد نەزانراو بون، بدا بە وەرگری شیعرەکانی.

## لە بواری پێشکەوتنی تەکنۆلۆجیا

باسی قوللەی ئیڤڵ ئەکا، کە سەری بۆ ئاسمان چوە، بە پێچەوانەکەیەوە خەریکی هەڵکۆڵینی ناخی ژێرزەمینن. تونێڵ لێ ئەدەن، بە دوای کانزادا ئە گەڕێن. باسی پێشکەوتنی گەلانی ئەوروپایان بۆ ئەکا:

**ئەی خەریکی رموز و ناز و نیاز**

**ئەوروپا فەنی گەیوەتە ئیعجاز**

**قوللەیی ئیڤڵ لە ئەفلاکە**

**عەکسی ئەو گەردشی لەژێر خاکە**

**کورەی ئەم زەمینەیان پێوا**

**خاتری تۆ بێ، چونە جەوی سەما** (حاجی قادر، ل 189)

لە بواری فێربونی زانستدا ئەڵێ:

**تۆ وەرە فەننێ فێربە، چیتە لەوە**

**گاورە، هیندوە، وە یاخود جوە** (حاجی قادر، ل 190)

بۆ سەلماندنی بۆچونەکەی خۆی، نمونەی لەسەر چین و ژاپۆن هێناوەتەوە، ئەڵێ:

**بە قسەی موخبیر و موئەرریخی کۆن**

**میللەتی چینە چارسەد ملیۆن**

**سەربەسەر هەمو دەوڵەتی ژاپۆن**

**زۆر بە زەحمەت دەگاتە چل ملیۆن**

**ئەهلی ژاپۆن بە فەن و سنعەتی چاک**

**سەیری چۆن چینی گرت و کردیە خاک** (حاجی قادر، ل 192)

## لە بواری ژیانی سیاسیدا

پرنسیپەکانی شۆڕشی فەرەنسی سەبارەت بە ئازادی و داد و یەکسانی، بەشداریپێکردنی هاووڵاتییان، سەرەڕای جیاوازی چینایەتییان، لە ژیانی گشتیدا، لەناو رۆشنبیرانی تورکدا باوبوە. تەنانەت قانونی ئەساسی بەشێکی رەنگدانەوەی ئەو سەرەتایانە بوە، حاجی یش لەژێر کاریگەری ئەو پرنسیپانەدا، بە

زمانێکی سادە، گەلی کوردی بانگ کردوە بۆ دەسپێکردنی پرۆسەیەک کە بە زمانی ئەم زەمانە "گرێبەستی کۆمەڵایەتی" لێ ئەکەوێتەوە:

**لەم بەینە ئیتیفاقێ پەیدا بکەن بە مەردی**

**فەرقی نەبێ شوان و جوتیار و میر و گاوان** (حاجی قادر، ل 95)

لە شیعرێکی تریدا، هەمان بیروبۆچونی دوبارەکردۆتەوە و باسی تەجروبەی گەلان ئەکا کە توانیویانە دەوڵەتی خۆیان دابمەزرێنن، چونکە هاووڵاتیانیان بەبێ جیاوازی، بەشداری ژیانی دیمۆکراتی بون:

**بە غەیری رۆمی و ئینگلیز و روسی**

**بێ حەدن دەوڵەتان ناویان بنوسی**

**لە جێی خۆیان هەڵستاون بە غیرەت**

**لە دنیا ناوی خۆیان ناوە دەوڵەت**

**سەراپا ساحێبی سکە و سوپاهن**

**وەکو جەم ساحێبی تەخت و کولاهن**

**لە تەدبیری ئوموری موڵکی خۆیان**

**شەریکن پینەدۆز و شاهـ و گاوان**

**لە وەقتێ یەکێکی بێتە هاوار**

**لە جوتیار و شوان و ئەهلی بازاڕ**

**لە جۆشین و لە نێشا مێشی هەنگن**

**بە من چی کافرن، یانە فەڕەنگن** (حاجی قادر، ل 230-231)

ئینجا رێوشوێن بۆ کورد دائەنێ: ئەمانیش، دانیشتوانی شار و لادێ، لە سەرانسەری کوردستاندا، هەوڵ و تەقەلای خۆیان وەکو یەک کەس یەک بخەن:

**وەکو بیستومە بۆ دەفعی مەسائیب**

**ئەمە تەدبیری کورت و فیکری سائیب**

**لە دەشت و دێ و ولایەت ببنە ئەحباب**

**وەکو شەخسێکی واحید بن لە هەر باب**

**لە بۆتان تا بەبان و سەرحەدی رەی**

**لە ئەولاتر وەها نۆش بێتە سەر دەی**

**ببینە یەک لە تەعلیم و لە نوسین**

**جلوبەرگ و زوبان و ڕەسم و ئایین** (حاجی قادر. ل 231)

## لە بواری خوێندن و فێربوندا

لە زەمانی حاجیدا، خوێندن لە کوردستاندا تەنیا خوێندنی دینی هەبوە لە مزگەوتەکاندا. ئەویش بە شێوەیەکی زۆر کۆن و دواکەوتو. قوتابخانەی نوێ و سیستەمی نوێی خوێندن نە بوە. حاجی پێی وا بوە جۆری خوێندن لە کوردستاندا ڕێگری پێشکەوتن بوە:

**ئیستە مەعلومی بو هەمو میللەت**

**ئەی مەلای دەرس و موفتی ئوممەت**

**ئێمە بێ غیرەتین و بێ عارین**

**ئەوی نەی خوێندوە لەمە عارین**

**قەید و تەزبیب و شەرح و حاشیەکان**

**بونە سەدی مەعاریفی کوردان** (حاجی قادر. ل 226)

ئینجا باسی یەکسانی نێر و مێ ئەکا لە بواری خوێندن و فێربوندا، ئەڵێ:

**بۆچی فەرمویەتی نەبیی ئەمین**

**اطلب العلم ولو بالصین**

**نێر و مێ لەم حەدیسە فەرقی نیە**

**گەر مەلا نەهی فەرمو ، دینی نیە** (حاجی قادر. ل 189-190)

حاجی خۆی مەلا بوە. باوەڕدارێکی موسوڵمان بوە. بەڵام بیروبۆچونەکانی لەگەڵ باوەڕی زۆرایەتی پیاوانی ئاینی ئەو سەردەمەی کوردستاندا ناکۆک بوە، چونکە مەلایەکی کراوەی پێشکەوتنخواز بوە.

لەو سەردەمە دا دەیان زانای ئیسلامی هەوڵی چاکسازی و نوێکردنەوەی بیری دینی ئیسلامیان داوە بە جۆرێ کە لەگەڵ پێشکەوتنی دنیای تازەدا بگونجێ. لەگەڵ بیری دواکەوتوی کۆنەپەرستانەی نەوەی کۆن ناکۆک بون، لەوانە عەبدوڕەحمانی کەواکیبی (1855-1902 ز)، جەمالەدینی ئەفغانی (1838-1897 ز)، محەمەد عەبدە (1849-1905 ز)، دیارە حاجی لەم بەرەیەدا بوە.

## لە بواری ئابوریدا

حاجی بۆ گەشەپێدانی کشتوکاڵ و پیشەسازی، باسی ناوچەی کۆیە ئەکا وەکو نمونە و هانیان ئەدا کە کار بکەن و هەندێ شتی نوێ تاقی بکەنەوە:

**لە بەغدا بۆچی خورما بێت و لەیمون**
**لە بۆ دەرمان لە شار بێ رۆنی زەیتون**
**لە دەوری کوللی شاری کۆیە**
**دوسەد داری زەیتون بە جۆیە**
**لە ئێوە کامتان بو ئێک دو بارێک**
**بکاتە کیسەیەک یاخود خەرارێک**
**دو پێی لێ دا لە کۆلا میسلی دۆشاو**
**وەکو رۆن رۆنی زەیتون بێتە سەرئاو**
**وەیا کەی نێژراوە چەند نەمامەک**
**لە نارنج و تورونج و هەر مەقامەک**
**بزانن شین دەبێ، نابێ، بە بەر دێ**
**لە جێگای گەرم و ساردی چی بەسەر دێ**
**بەراو و ئەرزی ئێوە کیمیایە**
**دوڕ و گەوهەر، گەزۆ و مازوی چیایە**
**مەعادین خاتری تۆ بێ لەگەڵ کان**
**گەنمتان زێڕە حەتا زیوە زیوان**
**ڕەژوی واپۆڕ و نەوت و گۆگرد**
**لە کێوی ئێوەدا کۆیە وەکو گرد**
**لە بەینی میللەتی خۆتان بە یاری**
**بکەن تەقسیمی شاخ و دار و باری** (حاجی قادر. ل 254-256)

## شیر و خامە

دەوڵەت وەکو حاجی وتویەتی بە "شیر و خامە" دروست ئەکرێ. ئەگەر "ئەرکی خامە" هۆشیارکردنەوەی خەڵک بێ و هۆشیاریی نەتەوەیی بڵاو بکاتەوە، حاجی کە "ئەرکی قەڵەم"ی لەسەر بوە، وەکو خۆی ئەڵێ: "وەزیفەی خۆی بەجێ هێناوە". بەڵام نە نادرشا دیارە و نە شاهی نادر تا ئەویش کە "ئەرکی شیر"ی لەسەرە "وەزیفەی خۆی بەجێ بهێنێ":

**وەکو بیستومە، ئەی یاری نیکۆپەی**

**لە تەئریخی جەم و ئەسکەندەر و کەی**

**بە شیر و خامە دەوڵەت پایەدارە**

**ئەمن خامەم هەیە، شیر نادیارە**

**نە بەیداغی هەیە، نە تەپڵ و کوسی**

**ئەمەندەی پێ کرا، بێ چارە، نوسی**

**وەزیفەی خۆم بەجێ هێنا تەمامی**

**بە شیر و دەوڵەتە میللەت نیزامی**

**ئەوا خۆی کردە مەهدی، حاجی قادر**

**نە نادرشای هەیە، نە شاهی نادر** (حاجی قادر، ل 251-252)

## دەنگدانەوەی شیعرەکانی

حاجی قادر لە دواچارەکی سەدەی نۆزدەهەمدا، لە کاتێکدا ژیانی لە ئەستەموڵ بەسەر بردوە، کەوتۆتە داڕشتن و بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕ و بۆچونەکانی. لەو سەردەمە دا کۆمەڵی کوردستان لە قۆناغێکی زۆر دواکەوتودا بوە. دەسەڵاتی عوسمانی بۆ سەپاندنی دەسەڵاتی خۆی لە کوردستاندا، جگە لە کاربەدەست و دەزگا سەرکوتکەرەکانی خۆی، پشتی بەستوە بە ئاغای دێهات و سەرۆکی خێڵەکان و شێخانی تەریقەت. ئاغای دێهاتەکان، بە خراپترین شێوە جوتیارەکانیان چەوساندۆتەوە و خانەقا و تەکیەکانیش شوێنی فێرکردنی تەمەڵی و بڵاوکردنەوەی "خورافات" بون. بە دەگمەن خوێندەوار لە وڵاتەکەدا هەبوە. لەبەرئەوە ئەو بیروباوەڕە تازانەی حاجی باسی کردون، بە کوردستان نامۆ بون و زەمینەی بڵاوبونەوە و پەرەسەندن یان لەناو کۆڕ و کۆمەڵی ڕۆشنبیران و خوێندەواران و میر و ئاغا و بەگ و شێخ و سەیدا نە بوە و شیعرەکانی دەنگیان نە داوەتەوە. تەنانەت لەناو شاعیرانی نەوەی دوەمی قوتابخانەی بابان‌دا، هاودەنگی نە بوە. هیچکام لە شاعیرانی ئەو نەوەیە هاوباوەڕی نە بون، یا هیچ نەبێ شیعری لەو بابەتەیان هەڵ نە بەستوە. لەم ڕووەوە حاجی تاقانەی زەمانی خۆی بوە.

حاجی قادر لە زەمانی خۆیدا هاودەنگ و هاوباوەڕی، یا نە بوە، یا بە ئێمە نەگەیشتوە، لەبەرئەوە هەمیشە گلەیی کردوە:

**ئەم قسە ئێستە عەیبی لێ دەگرن**

**ئەو دەمەش دێ کە ئێوە بۆی بمرن**

**ئەم بە ئەو، ئەو بە ئەم، دەڵێ: کاکە**

**سەیری قانونی حاجی چەند چاکە**

**هەر چلۆنێ ئیشارەتی فەرمو**

**وەک کەرامەت هەموی هەروا دەرچو** (حاجی قادر، ل 214)

**.....**

**کێ دەڵێ کوردەکان بە ئیدراکن**

**بەسە ئەم نەقسە، گوێ لە من ناکەن**

**لە قسەی ساغی من خەلەل دەگرن**

**واهیمەی شێخەکان لە دڵ دەگرن**

**.....**

**بەیتی من چونکە کەڵکیان دەگرێ**

**لە غەریبی و بێکەسی دەمرێ**

**تا لەژێر باری رۆمیان نەمرن**

**زەحمەتە قەدری بەیتی من بگرن** (حاجی قادر، ل 194-195)

حاجی گلەیی لە شاعیرەکانی هاوچەرخی خۆی ئەکا:

**شاعیر و شێخ و خواجە دەربەدەرن**

**لە قسەی بێ نەتیجەدا دەمرن**

**باسی زوڵفی درێژ و چاوی بەخەو**

**نەبڕا، وا بوە تڕی خەسرەو** (حاجی قادر، ل 232)

هەر لەو بابەتەوە ئەڵێ:

**حەیفە بۆ مەردی ساحێب تەمیز**

**هێندە باسی مەکانی پیسی و میز**

**عیشقبازی و هەوای دەروێشی**

**میللەتی خستە فەقر و بێ ئیشی** (حاجی قادر. ل 194)

ڕەنگە ئەمە، بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ، ڕەخنە بێ لە شاعیری هاوچەرخی خۆی، شێخ ڕەزای تاڵەبانی، کە زۆری شیعرەکانی بۆ ئەو بابەتە تەرخان کردوە.

لە گفتوگۆیەکدا کە لە نێوان باوکی و خۆیدا هەڵی بەستوە، باوکی داوای لێ ئەکا واز لە خەمخۆری کورد بهێنێ، بە زمانی باوکی‌یەوە ئەڵێ:

**حاجی سا بەسیە سەد دەفعە**

**پێم گوتی ئەم قسانە بێنەفعە**

**ڕۆژی ئەوەل لە بەندە و ئازاد**

**خدمەتی خەڵقە قیسمەتی ئەکراد**

لە وەڵامی باوکی‌دا ئەڵێ:

**باوکە! هەرچۆنێ تۆ دەڵێی وایە**

**زان دەکەم ئەم قسانە خۆڕایە**

**قوڕی کام جێ بکەم بەسەر خۆدا**

**ئەمە لێم بویتە عیللەتی سەودا**

**بە قسەی چاکە دەستیان دەگرم**

**تەرکی ناکەم، بە لۆمە، تا دەمرم** (حاجی قادر. ل 195-196)

حاجی وەکو خۆی پێشبینی کردوە، دوای مردنی خۆی بە دەیان ساڵ ئینجا نرخی شیعرەکانیان زانیوە. گۆڤارە کوردی‌یەکانی "ڕۆژی کورد 1913 ز" و "هەتاوی کورد 1914 ز" کە دوای ڕاگەیاندنی "مەشروتە" ڕۆشنبیرانی کورد لە ئەستەموڵ دەریان کردوە، بەشێ لە شیعرە سیاسی‌یەکانیان بە بایەخ و لێدوانەوە بڵاو کردۆتەوە.

ڕۆژنامەی "تێگەیشتنی ڕاستی" کە بریتانی‌یەکان لە بەغداد ساڵی (1918-1919 ز) دەریان کردوە، چەند وتارێکی لەسەر حاجی قادر و برێ لە شیعرەکانی بڵاو کردۆتەوە. لە ژمارە 25ی، ڕۆژی 22ی نیسانی 1918دا بە ناونیشانی ئەدەبیاتی کورد، لە کۆتایی باسەکەی‌دا، نوسەر کە ڕەنگە شوکری فەزڵی بو بێ، بەم جۆرە حاجی قادری لە ڕوی ئەدەبی و سیاسی‌یەوە هەڵسەنگاندوە:

"سەیرکەن! ئەم شاعیرە عالیجەنابە چل-پەنجا ساڵ لەمەوپێش بە حسیاتی ئیجتیماعی‌یە موتەحەسیس بوە و لە عالەمی شیعردا بەسەر هەمو شاعیرەکانی فائیق بوە، چونکە لە حەیاتی نەزمدا ئینقیلابێکی گەورەی ئیحزار کردوە. ئەوی تەماشای ئەم مەنزومەیە بکا، بێ ئیختیار مەغلوبی حسیاتی قەومی‌یە و وەتەنی‌یە دەبێ.

ئەگەر حەقیقەت مولاحەزە بکرێ، دەبینرێ کە شوعەرای کورد بەعزێکیان لەگەڵ تورک و عەرەب و فورسەکان، بەڵکو لەپێش ئەوان سالیکی تەرزی تازەی شیعر بون و شیعریان تێکەڵاوی ئەحواڵی ئیجتیماعی‌یە کردوە، چونکە شاعیرەکانی پێشوی کورد، وەکو شاعیری کۆنی ئەقوامی سائیرە، هەر بەحسیان لە مەی و مەحبوب و زوڵف و خاڵ دەکرد. ئەمما حاجی قادری کۆیە ئەم تەرزەی گۆڕی و شیعری تێکەڵاوی ئیجتیماعیات کرد و لەم مەسلەکەدا بە موئەسیس حساب کرا. هیچ شوبهە نیە کە جەوانانی موستەقبەلی کورد، حاجی قادر موقابیلی کەمال بەگی تورک و ئەمسالی دەگرن و بە موهەیجی حسیاتی وەتەنی‌یە و قەومی‌یەی دەزانن..."

شیعرەکانی حاجی کاریان کردۆتە سەر ژمارەیەکی زۆری نەوەی سێیەمی شاعیرانی قوتابخانەی بابان، ساڵی 1925 ز بەشێکی شیعرەکانی لە بەغداد چاپ و بڵاو کراوەتەوە.

## کورتەی بابەت: حاجی و دەوڵەتی کوردی

شیعرە سیاسی‌یەکانی حاجی هەموی یەک مەبەستیان لە پشتەوە بوە، ئەویش ئەوە بوە کە کورد خۆی لە ژێردەستەیی رۆم و عەجەم رزگار بکا و ئەویش وەکو میللەتانی تر ببێتە خاوەنی دەوڵەتی خۆی.

کورد نەتەوەیەکی رەسەنی کۆنە، خاوەنی مێژوە، خاوەنی زمانە، خاوەنی ئەدەبە، خاوەنی کەرەستەکانی دروستکردنی دەوڵەتە، بۆ ئەوە داوایان لێ ئەکا:

- یەک و یەکگرتو بن
- زمانی کوردی بکەنە زمانی خوێندن و نوسین
- مناڵەکانیان فێری خوێندن بکەن و بۆ فێربون رەوانەی ئەوروپایان بکەن
- سەیری پێشکەوتنی تەکنۆلۆجی ئەوروپا بکەن و ژێرخانی ئابوریی کوردستان بەهێز بکەن
- بە نهێنی خۆیان رێک بخەن و تەگبیر بکەن
- چەک و تفاقی جەنگی پەیدا بکەن
- دۆستی دەرەکی پەیدا بکەن
- لە تێکۆشاندا شیر و قەڵەم یەک بخەن
- باوەڕ بە رۆم و عەجەم نەکەن

- ئینجا "بەیرەقی کوردی" هەڵ بکەن

حاجی، وەکو رۆشنبیرێکی شارەزای شۆڕشەکانی گەلانی عوسمانی و کاروباری دنیا، وەکو دەنگێکی جیاواز لە هەمو شاعیرەکانی هاوچەرخی خۆی، ئەرکی خۆی بەرامبەر بە نەتەوە و نیشتمانەکەی بەجێ هێناوە. لە کۆتایی یەکێ لە قەسیدە ئاگرینەکانیدا ئەڵێ:

**حاجی کەسێکە بێکەس، بۆ ئێوە قوڕ دەپێوێ**

**گوێی لێ دەگرن زەریفە، ناگرن بەلا لە خۆتان** (حاجی قادر، ل 100)

ئامانجەکەی حاجی کە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی بوە، نە ئەوسا هاتۆتە دی و نە تا ئیستاش.

## سەرنجێکی پێویست

تا ئیستا چەند جارێک دیوانی حاجی چاپ کراوە و چەند کەسێکی شارەزا لەسەریان نوسیوە و ویستویانە هەندێ لە شیعرەکانی ساغ بکەنەوە، بەڵام لەبەرئەوەی دەسخەتی حاجی قادر لە بەردەستی هیچ کامێکیاندا نە بوە، نەیانتوانیوە هەمو کەموکوڕیەکانی چارەسەر بکەن. لە گوێزانەوەی شیعرەکاندا لەم دەفتەرەوە بۆ ئەو دەفتەر، پێ ئەچێ پاش و پێش و تێکەڵوپێکەڵیەکی زۆر لە هەندێ لە شیعرە سیاسیەکانیدا دروست بوبێ و هەندێ قافیەی تێک چوبێ. ڕەنگە هەندێکی لێ زیاد و هەندێکی لێ قرتێنرا بێ.

**بۆ نوسینی ئەم بابەتە، پشت بەستراوە بەم سەرچاوانە:**

- دیوانی حاجی قادری کۆیی، لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی: سەردار حەمید میران و کەریم مستەفا شارەزا، لەسەر نوسینێکی نوێ بە پێی بۆچونەکانی موحەمەدی مەلا کەریم بە پێنوسی: سەعید کەرەمی، انتشارات کردستان- سنە، چاپی دوەم 1391.

- دیوانی وەفایی "میرزا عەبدورەحیمی سابڵاخی" لێکۆڵینەوەی محەمەد عەلی قەرەداغی. لە چاکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد، چاپخانەی دار الحریة، چ2، 1984.

- یادی مەردان، مەلا مەلا عەبدولکەریمی مودەریس، شێخە نەقشبەندی‌یەکانی هەورامان و هەندێ لە مورید و مەنسوبە دیارەکانیان. ب2، چ2، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر 2011.

ئەو ژمارانەی لە سوچی چەپی دواین بەیتەکاندا نوسراون، ئاماژەن بۆ ژمارەی لاپەڕەی ئەو سەرچاوانەی لەم لێکۆڵینەوەیەدا بەکار هاتون.

# شێخ ڕەزا

## شاعیری دیاردە ناشیرینەکانی کۆمەڵی کوردەواری



(1837–1910 ز)

**لە ناو شاعیرەکانی نەوەی دوەمی قوتابخانەی شیعریی باباندا، دەنگی شێخ رەزا لە دەنگی هەمو شاعیرەکانی تر جیاوازە. شێخ رەزا شیعری وەکو ئامرازی گێچەڵ بەکار هێناوە، بۆ بەجێهێنانی داوا تایبەتی‌یەکانی خۆی.**

## رێچەڵەکی

شێخ رەزای تاڵەبانی (1837-1910 ز) باوکی و باپیری و باپیرەگەورەی، شێخی تەریقەتی قادری بون. وەکو خۆی لە شێعرێکیدا، کە باسیان ئەکا، ئەڵێ:

**خودا وەختێ کە حەزکا بەندەیەکی خۆی بکا خۆشنود**

**لە رێگەی دورەوە بۆی دێ بە پێی خۆی شاهیدی مەقسود**

**لە هندستانەوە شەش مانگە رێ تا خاکی کوردستان**

**خودا شێخ ئەحمەدی هیندی رەوان کرد بۆ مەلا مەحمود**

**مەلا مەحمودی زەنگنە، یەعنی قوتبی دائیرەی ئیرشاد**

**لە دەوری مەرقەدی هەر دەنگی یاهو دێت و یا مەعبود**

**لەپاش ئەو، ئەرشەدی ئەولادی شێخ ئەحمەد لە جێی دانیشت**

**بێعەینی وەک سولەیمان جێنشینی حەزرەتی داود**

**.....**

**بە رەحمەت چون ئەوان، با بێینەوە سەر باسی ئەورەحمان**

**فیدات بم، ئەی نەتیجەی دودمانی ئەحمەد و مەحمود**

**.....**

**ئەمیستاش شێخ عەلی، نەجلی کەبیری ساحێب ئیرشادە**

**ئەمیش وەک باوک و باپیری لە زومرەی ئەولیا مەعدود**

لە کۆتایی شیعرەکەیدا ئەڵێ:

**رەزاش لەو نەسلەیە، بی بەخشە یا رەبی کە قەت نابێ**

**گوڵی بێ خار و بەحری بێ بوخار و ئاگری بێ دود** (شێخ رەزا، خاڵ، ل 50)

شێخ رەزا لە باوەشی ئەو خێزانەدا لە دایک بوە و هەر لە باوەشی ئەو خێزانەدا چاوی کراوەتەوە و خوێندویەتی و پەروەردە بوە و لەناو دامەزراوەی "تەکیە"ی ئەو خێزانەدا، رۆژانی بەسەر بردوە و گەورە بوە و کۆچی دوایی کردوە.

## تورک و تەریقەتەکانی تەسەوف

لەو سەردەمە دا دو تەریقەت لە کوردستاندا باوبون: تەریقەتی قادری و تەریقەتی نەقشبەندی. ئەم دو تەریقەتە ناکۆک بون. تەریقەتی قادری لە ناوچەکانی سلێمانیدا بە هۆی ساداتی بەرزنجە و نزیکییان لە دەسەڵاتی عوسمانی، دەسەڵاتدار و بەهێز بون. شێخانی تاڵەبانی، ئەگەرچی ئەوانیش قادری بون، بەڵام تەریقەتیان لە شێخانی سلێمانی وەرنەگرتوە، بەڵکو -وەکو شێخ رەزا باسی کردوە- تەریقەتیان لە شێخ ئەحمەدی هیندی وەرگرتوە. شێخانی تاڵەبانی شێخی بەرماڵن، واتە بە خواپەرستی پلەی شێخایەتییان بەدەسهێناوە، نەک لەبەرئەوەی نەوەی پێغەمەرن.

هەردو تەریقەت لە سەردەمی میرایەتیيە کوردەکاندا هەبون، میرەکان رێزیان لێ گرتون، بەڵام لە داوودەزگای حوکمڕانیدا دەسەڵاتیان نە بوە. دوای لەناوچونی میرایەتییە کوردییەکان، کە تورک داوودەزگای ناوەندی تورکیی لە کوردستان دامەزراندوە، بابی عالی وەکو بەشێ لە هەوڵی پڕکردنەوەی بۆشایی دەسەڵات، بۆ ئەوەی دڵسۆزیی شێخانی تەریقەت، لە رێگەی ئەوانیشەوە دڵسۆزیی مورید و مەنسوب و دەروێش و سۆفیەکانیان، رابکێشێ، هاوکاری دارایی کردون، موچەی بۆ بڕیونەتەوە، داهاتی دێهاتی بەرەوڕو کردونەتەوە، خانەقای نوێ و تەکیەی تازەی بۆ دروست کردون. والی و قایمقامەکانی تورک و فەرماندەی هێزە چەکدارەکانیان، پێوەندیی دۆستانەیان لەگەڵ شێخەکان دامەزراندوە. تەکیەکانی "تاڵەبانی"ش لەم هاوکاریەی دەسەڵاتی تورک بێ بەش نە بون. لە سەردەمی شێخ عەلیدا، بۆ نمونە، ساڵی 1885 ز حکومەتی عوسمانی بیناکەی تەکیەی کەرکوک کە شەوانی هەینی "حەلقەی زیکر"ی تێدا بەستراوە، بۆ نۆژەن کردۆتەوە.

## پلەی خوێندنی

پێ ناچێ شێخ رەزا خوێندنی مەلایەتی تەواوکرد بێ و ئیجازەی عیلمی وەرگرت بێ. بەڵام زمانەکانی فارسی و تورکی بە چاکی فێربوە و بە هەردو زمان شیعری هۆنیوەتەوە. شیعرە فارسی و تورکییەکانی لە شیعرە کوردییەکانی کەمتر نین. بۆ هەمان ناوەرۆک و بابەت تەرخانی کردون و بۆ هەمان مەبەست هەڵی بەستون. لێرەدا بە تایبەتی باس لە شیعرە کوردییەکانی ئەکرێ.

وەکو نوسەرانی ژیاننامەکەی ئەڵێن، شێخ رەزا دوجار گەشتی ئەستەموڵی کردوە: جاری یەکەم لە رێی حەڵەبەوە رۆیشتوە. لە گەڕانەوەی ئەمجارەی‌دا هەواڵی کۆچی دوایی باوکی بیستوە و جاری دوەم کە چۆتەوە بۆ ئەستەموڵ، گوایە لەوێوە چوە بۆ حەج و لە گەڕانەوەدا سەری میسر و دیسان سەری ئەستەموڵی داوەتەوە و چەند ساڵێ ماوەتەوە، ئینجا گەڕاوەتەوە کەرکوک. ئەو سەردەمە، هەم ئەستەموڵ و هەم قاهیرە، دو ناوەندی گەورەی رۆشنبیری و بزوتنەوەی سیاسی بون. پێ ناچێ ئەو پێشکەوتنە فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی و سیاسی‌یەی لەو وڵاتانەدا هەبون، هیچ کاریگەری‌یەکیان لەسەر شێخ رەزا دانابێ.

## دو وێستگەی ژیانی

دو وێستگە لە ژیانی شێخ رەزادا، بە تایبەتی لە قۆناغی لاوێتی‌دا، کاریگەری‌یان لەسەر کەسایەتی ئەو و رەفتاری کۆمەڵایەتی ئەو داناوە: تۆرانی لە کەرکوک و تۆرانی لە کۆیە.

### وێستگەی یەکەم: تۆرانی لە کەرکوک

ئەوانەی بیۆگرافی شێخ رەزایان نوسیوەتەوە، ئەڵێن: شێخ رەزا کاتێ زانیوێتی باوکی کۆچی دوایی کردوە، کە لە گەشتی یەکەمی ئەستەموڵ گەڕاوەتەوە.

باوکی شێخ رەزا (شێخ ئەورەحمانی خاڵس 1797-1858 ز)، پیری تەریقەتی قادری و کەسایەتی‌یەکی گەورەی کەرکوک بوە. پیاوێکی زانا و شاعیرێکی بەتوانای بواری سۆفێتی بوە. شیعرەکانی بە فارسی هۆنیوەتەوە. هەندێ لە شیعرەکانی جەلالەدینی رۆمی بە شیعر لێک داوەتەوە.

شێخ ئەورەحمان چەند کوڕی لەپاش بەجێ ماوە، لەوانە: شێخ عەلی، شێخ رەزا، شێخ عەبدولقادر. لەپاش کۆچی شێخ ئەورەحمان، کوڕەگەورەکەی: شێخ عەلی، جێگەی گرتۆتەوە. شێخ عەلی لە جێگەی باوکی بۆتە شێخی تەریقەت و گەورەی بنەماڵەکە. کاروباری تەکیە و داهات و دارایی‌یەکەیشی کەوتۆتە دەس ئەو. شێخ رەزا لەو کاتەدا لەوێ نە بوە. دوای گەڕانەوەی، چاوەڕوان بوە کاکی چاوی لێ‌ی بێ. پێ ئەچێ ئەو چاوەڕوانی‌یەی شێخ رەزا لە شێخ عەلی برای هەی بوە، نەهاتبێتە دی. لە هەندێ لە شیعرەکانی‌دا گلەیی لێ کردوە، لە یەکێکیان‌دا ئەڵێ:

**بێگانە هەمو ساحێبی جاهـ و جەبەروتن**

**بێچارە برای شێخ عەلی موفلیس و روتن**

**ئەی شێخ عەلی، چاکە وسوقت بە برا بێ**

**باوەڕمەکە بەم خەڵقە کە وەک تولە لە دوتن**

**قەومێ کە لە عەهدی پدەرت حەلقە بەگۆش بون**

**تەحقیق بزانە بە خودا جوملە عەدوتن**

**ڕەحمیان نیە دەربارەی تۆ ، خزم و ئەقاریب**

**موشفیق ترە بێگانە لەمانە کە عەموتن**

**نادان و قوڕمساغ و نەزانن کە ئەمانە**

**گاهێ لە سەما ، گاهـ لە سەیری مەلەکوتن** (شێخ ڕەزا، خاڵ، ل 76)

دیارە گلەیییەکانی شێخ ڕەزا جێگەی خۆیان نە گرتوە، توڕە بوە، بڕیاری داوە بە یەکجاری کەرکوک بەجێ بهێڵێ. خۆی ئەمە لە یەکێ لە شیعرەکانیدا ئەگێڕێتەوە، ئەڵێ:

**بەم حاڵە ئەگەر دەفعەیە تر بچمەوە کەرکوک**

**مەعلومە بە مەردی نەڕواوە لە سەرم، توک**

**بۆچ بچمەوە کەرکوکی قورمساغ کە لەگەڵ من**

**ئەهلی هەمو ناسازە، وەکو ئاوی حەماموک؟**

**پێم خۆشە لەبەر جەوری برا و لۆمەیی ئەقوام**

**سەد جار لە غەریبی بکەوم، موفلیس و مەفلوک**

**ڕۆژێ بە مرادی منیش، ئەڵبەت، دەگەڕێ چەرخ**

**ئەم میچە قەراری نیە، گاهێ جگە، گەهـ بوک**

**شاهی کە نەبێ رادەبوێرین بە فەقیری**

**بۆ ئەهلی قەناعەت لە پلاو خۆشترە داندوک**

**شەش مانگە زیاتر، کە لەپاش مەرگی پدەر، من**

**مەغدورم و مەزلوم و جەفادیدە و مەهتوک**

**تا ساکینی کۆیێ مامەغەفورم وەکو غفوور**

**کیسەم پڕە دایم لە زەڕ و لیرەیی مەسکوک** (شێخ ڕەزا، خاڵ، ل 71)

لە درێژەی قەسیدەکەیدا "بێ بەندوباری" خۆی لە کۆمەڵگا بە ئاشکرا ڕا ئەگەیەنێ و ئەڵێ:

**پابەندی خەلایق نیە تەبعم وەکو خەڵکی**

**بێ کولفەتم و ڕەندم و سەییاحم و سالوک**

**من خواجەیی ئەحرارم و ئامێزشی دنیا**

**هێشتا کە نەمی کردوەتە بەندەیی مەملوک**

**وەک "لامیع"ی شاعیر نیە ئیستا لە جیهاندا**

**شیرینسوخەن و قابیل و خۆشتەبع و رەزاسوک** (شێخ رەزا، چالاک، ل 45)

شێخ رەزا، لەم شیعرەدا، بە ئاشکرا خۆی یەکلایی کردۆتەوە و خۆی بە ناسین داوە: تەبعی پابەندی خەلایق نیە، بێ کولفەتە، رەندە، سەییاحە، سالوکە، خواجەیی ئەحرارە، دنیا هێشتا نەی کردۆتە بەندەیی مەملوک. ئەمانە هەموویان نیشانەی دەسبەرداریە لە خزم و کەسوکار و یاخی بونە لە نەریتە کۆمەڵایەتی‌یە باوەکانی ناو کۆمەڵ، تەنانەت لە نەریتە باوەکانی ناو بنەماڵەکەی خۆی.

بۆ وێنە، وەختێ ئەڵێ: من "سالوک: صعلوک"م، تا ئەندازەیەکی باش ئەم دانپێدانانە هۆکاری رەفتار و هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتی و شیعرەکانی رون ئەکاتەوە. چونکە ئیتر "سالوک"ی کردۆتە رێبازی ژیانی. "صعالیک" لە سەردەمی جاهیلیدا، لە جەزیرەی عەرەبی، گروپێکی یاخی بون لە کۆمەڵ و پابەند نە بون بە نەریتە کۆمەڵایەتی‌یە باوەکانی سەردەمی خۆیانەوە. لەبەرئەوە لە خێڵ و هۆز و تیرەکانی خۆیان دەر کراون. لە بیابانەکانی جەزیرەدا بە جەردەیی ژیاون. زەنگینەکانیان روت کردۆتەوە. ئازا و چاونەترس و بێ بەندوبار بون. چەندین شاعیری بەتوانایان لێ هەڵکەوتوە، سامانێکی ئەدەبی بایەخداریان بەجێ هێشتوە کە بە "ئەدەبی سەعالیک" ناسراوە.

شێخ رەزا روی کردۆتە شاری کۆیە. تەکیەی تاڵەبانی لە کۆیە هەبوە. شێخی ئیرشادی تەکیەی تاڵەبانی لە کۆیە، شێخ غەفوری مامی شێخ رەزا بوە. ئەویش کەسایەتی‌یەکی گەورەی کۆیە و خاوەن تەکیە و توانای دارایی، یان شێخ رەزا گوتەنی: "**دەوڵەتی شەدادی و تاڵعی راهبەر و بەختی خودادا**د"ی هەبوە.

شێخ رەزا لەلای مامە شێخ غەفوری، هەروەها لە مزگەوتی گەورەی کۆیە لەلای مەلا ئەسعەدی جەلیزادە، دەستی کردوە بە خوێندن. لەو کاتەدا هەم مەلا عەبدوڵای کوڕی مەلا ئەسعەد (1834-1908 ز) و هەم کەیفی جوانرۆیی (1814-1883 ز) لەوێ خوێندویانە. کەیفی شاعیر بوە. ئیستاش چەند غەزەلێکی کەمی لە بەردەس دایە. پاش ماوەیەک لە نێوان شێخ رەزا و کەیفیدا شەڕ و ناخۆشی قەوماوە. مەلا ئەسعەد دۆستی نزیکی شێخانی تاڵەبانی بوە، پشتی شێخ رەزای گرتوە و لەسەر شێخ رەزا کەیفی دەر کردوە. سەرەنجام کەیفی گەیشتۆتە ئەستەموڵ. لەوێ جێگەی خۆی کردۆتەوە. دۆستایەتی لەگەڵ حاجی قادری کۆیی هەبوە. حاجی بە بۆنەی مردنی کەیفی‌یەوە، قەسیدەیەکی درێژی هۆنیوەتەوە، ستایشێکی زۆری کردوە.

شێخ رەزا لە کۆیەش بە ئاوات نە گەیشتوە، مامی کچەکەی نە داوەتێ. وەک خۆی ئەڵێ: شەش مانگ لەوێ ماوەتەوە، نە کچی داوەتێ و نە فێستی لەسەرناوە. بۆیە تورە بوە و رۆیشتوە.

شێخ رەزا ماوەیەک "لامیع"ی کردۆتە نازناوی شیعرەکانی. بە تایبەتی ئەو ماوەیەی لە کۆیە بوە. بەڵام کاتێ کۆیەی بە نائومێدی بەجێ هێشتوە، پێ ئەچێ ئیتر وازی لەم نازناوەش هێنا بێ.

## وێستگەی دوەم: تۆرانی لە کۆیە

دوای ئەم روداوە، شێخ رەزا بە پەشیمانی و تێکشکاوی جارێکی تر بە ناچاری گەڕاوەتەوە بۆ کەرکوک، بۆ ژێر سێبەری شێخ عەلی. خۆی چیرۆکەکە ئەگێڕێتەوە، ئەڵێ:

ئەو رۆژە کە تۆرام و لە کەرکوک سەفەرم کرد

مانەندی عەقاریب لە ئەقاریب حەزەرم کرد

گەردون سنەکی کردم و هێنامیە کۆیە

میوانی لەکن مامەغەفوری لەجەرم کرد

خواستم کە بڕۆم بۆ سەفەری رۆم بە سیاحەت

نەی هێشت و دوسەد ئەهلی عەمامەی لە سەرم کرد:

"دانیشێ نەچێ، من کچی خۆم مارەدەکەم لێی

ئەو تالیبی دنیایە، ئەوا موعتەبەرم کرد"

چروسا لە بەرم جوببە و فێسا لە سەرم فێس

نە فێسی لە سەر نام و نە جوببەی لە بەرم کرد

شەش مانگ بەم قسانە گلی دامەوە لای خۆی

نەمزانی ملم بشکێ، تیاچوم، زەرەرم کرد

وەڵلاهی دەکەم دەرهەقی ئەو، بەڵکو زیاتر

ئەو کارە کە دەربارەی رەشیدی پسەرم کرد

کارم تەڕ ئەبێ، ئەموت: ئەگەر لوتفی ببێ مام

ئەی لایقی ریشی بە خودا کاری تەڕم کرد

بۆ موجتەهیدان، گەرچی جەوازی نیە تەقلید

من موجتەهیدم، هاتم و تەقلیدی کەرم کرد

ئەی گوی خلە بەم لوتفە کە ئەو کردی لەگەڵ من

لەو مەرحەمەت و لوتفە ئەوا من گوزەرم کرد

هەرچەندە وتم وەختێ کە دیم نەخوەتی قەلبی

یا رەب لەگەڵ شێخ عەلی بۆچی شەڕم کرد؟

هەر دەچمەوە لای، گەرچی بڵێ: "هاتەوە دیسان،

ئەو خوێڕیە، بێکارە، کە من لێرە دەرم کرد"

هەرچەندە رەزا باعیسی بەدنامیە عەودەت

**لەم سوکی و بەدنامیە سەرفی نەزەرم کرد**

(شێخ رەزا، خاڵ، ل 49-50)

دوای ئەوەی 6 مانگ لە کۆیە ماوەتەوە، لە مامی نائومێد بوە. کۆیەی بەجێ هێشتوە، بەڵام هێرشێکی یەکجار توندی کردۆتە سەر مامی و ئامۆژنی و ئامۆزاکانی، کە رەنگە لە روی تەکنیکی شیعرەوە، ئەمە یەکێ بێ لە هۆنراوە هەرە بەهێزەکانی، بەڵام لە روی ناوەرۆکەوە هەتا بڵێی ناپەسەند و ناشیرینە. لەم شیعرەشدا بۆ ئەوەی مامی بشکێنێ، دیسانەوە پەنای بردۆتەوە بەر باسی ناوگەڵی ئامۆزاکانی و ئەڵێ:

**مامەکەم قەحبە ژنە دەوڵەتی شەدادی هەیە**

**تالعی راهبەر و بەختی خودادادی هەیە**

.....

**ئەم هەمو گەنج و خەزێنەی هەیە هێشتاکو تەرەس**

**نە هەوای جود و نە مەیلی کەرەم و دادی هەیە**

.....

**گەر سەر و ریشی پیاوانەیە باوەڕ مەکە پێی**

**باتینی جولەکەیە زاهیری زوهادی هەیە**

**خۆی بە هەر سورەت ئومێدی کەرەمم پێیە وەلێ**

**رقی زۆرم لە رەشیدی کوڕی گەوادی هەیە**

**رەنگی کەر، دەنگی بەقەر، هەیئەتی دەڵ، خوی چەقەڵ**

**چاوی کوێر، مەخزەنی کێر، مەقعەدی پڕ بادی هەیە**

.....

**تف لە کوز داکی لە کن خۆی کوڕی هێناوەتە دەر**

**گو بە ریشی باوکی لەکن خۆی ئەمیش ئەولادی هەیە**

.....

**لە گروهی حەرەم کارەکەر و دایک و خوشک**

**فاتم و عاسم و ئامان و پەریزادی هەیە**

**شەو و رۆژ چەپڵە بە کوز لێ دەدەن و هەڵدەپەڕین**

**فەرجیان تاب و تەبی کورەیی حەدادی هەیە**

**بێ حەیان جوملە خسوسەن ژنە سۆزانییەکەی**

**ڕەوشتی دێڵە سەگ و قەحبەیی بەغدادی هەیە**

(شێخ ڕەزا، خاڵ، ل 87-88)

شێخ ڕەزا تا دوا ساڵەکانی سەدەی نۆزدە ماڵی لە کەرکوک بوە. لەوەبەدوا بە یەکجاری بە ماڵەوە گوێزاوێتیەوە بۆ شاری بەغداد. دوا ساڵەکانی تەمەنی لە بەغداد نیشتەجێ بوە. لە بەغداد لە تەکیەی تاڵەبانی بوە و سەردانی مزگەوتی شێخ عەبدولقادری گەیلانی کردوە. یەکێ بوە لە کەسایەتییە ناسراوەکانی شاری بەغداد. ڕۆژنامەی "الرقیب" کە لە بەغداد بە زمانی عەرەبی دەرچوە، لە ژمارەی 83ی ڕۆژی 12ی موحەڕەمی 1328ک دا، هەواڵی مردنی شێخ ڕەزای بەمجۆرە بڵاوکردۆتەوە:

"وەفاتی شێخ ڕەزای تاڵەبانی- عەسری ڕۆژی 9ی موحەڕەمی ساڵی 1328ی کۆچی کە ڕۆژی پێنجشەمە بەرامبەر ڕۆژی 20ی کانونی دوەمی ساڵی 1910ی زاینی بو، لە گۆڕستانی شێخ عەبدولقادری گەیلانی بەخاک سپێردرا. لە تەکیەکەی خۆیدا کە کەوتۆتە مەیدان، تازیەیەکی گەرمی بۆ دانرا. لە خوا لێبوردن و خۆشبون و ڕەزامەندی داوادەکەین و بۆ برا و ڕۆڵەکانی و بنەماڵەکەشی ئارامی، بەڵکو پاداشتی خوایان بەرکەوێت."

هەروەها عباس العزاوي لە بەرگی هەشتەمی "تاریخ العراق بین احتلالین"دا هەمان ڕۆژی 9ی موحەڕەمی 1328 ک، بۆ مردنی دیاری کردوە. (عباس العزاوی، تاریخ العراق بین احتلالین، المجلد 8، ص244 )

## باری گوزەرانی شێخ ڕەزا

شێخ ڕەزا لە هیچ قۆناغێکی ژیانیدا، نە بە گەنجی و نە بە پیری، گوزەرانی باش یا لەو ئاستەدا نە بوە کە خۆی ویستویەتی. شێخ ڕەزا هێشتا گەنج بوە، لە تەکیە ژیاوە، جومعانەکەی، کە لە لایەن کاکیەوە پێی دراوە، دواکەوتوە، ئەڵێ:

**جومعانە بڕاوە، بە خوا موفلیسە لامیع**

**نە پولی حەمامی هەیە، نە پارەیی توتن** (شێخ ڕەزا، خاڵ، ل 77)

کە پیریش بوە و بەساڵا چوە، هێشتا گوزەرانی باش نە بوە و باری دارایی ڕاست نە بۆتەوە. دیارە ئەو گلەییەی لە شێخ عەلی برای هەر ماوە، ئەڵێ:

**پیری بە تەنیا ڕەحمەتە**

**پیری و فەقیری زەحمەتە**

**پیرێکی وا گەورەم هەیە**

**دەرهەق بە من کەم هیمەتە** (شێخ ڕەزا، خاڵ، ل 97)

لەم چوارینەدا یاری بە وشەی پیر کردوە. "پیر"ی بە دو مانا بەکار هێناوە: جارێک بە مانای (بەساڵاچون) و جارێک بە مانای (مورشیدی تەریقەت). مەبەستەکەی خۆی بە رونی دەر بڕیوە.

لە شیعرێکی تریدا کە بۆ عادیلە خانمی هاوسەری وەسمان پاشای جافی نوسیوە، لایەنێکی نەداری ژیانی خۆی زۆر بە راشکاوی رون کردۆتەوە و وەک باوک "خەمی خێزان"ەکەی بە شێوەیەکی ئەدەبی و بە زمانێکی پڕ لە سۆزەوە، باس کردوە و ئەڵێ:

**ئێستری زیندو بڵێم بۆم چاکە، یا مردوم دەوێ؟**

**ئیحتیاجم زۆرە، خانم! با بڵێم هەردوم دەوێ**

**بێچوەکانم سەر لە سبحەینێ هەمو دەورم دەدەن**

**ئەو ئەڵێ پولم نەماوە، ئەم دەڵێ بێچوم دەوێ**

**باوجودی ئەم هەمو تەکلیفە، گێژیان کردوم**

**کوڕ خەیاڵی ژن ئەکات و کچ دەڵێ من شوم دەوێ** (شێخ ڕەزا، خاڵ، ل 110-111)

لەم شیعرەشدا یاری بە وشەی "بێچو" کردوە. جارێک بە مانای مناڵ و جارێک بە مانای پارە بەکاری هێناوە. بێچو دراو بوە.

لە یەکێ لە فەردەکانیا بە شانازی و خۆهەڵکێشانەوە ئەڵێ:

**تۆ هەتە تیغی دەبان و من هەمە تیغی زبان**

**فەرقی ئەم دو تیغە هەروەک ئاسمانە و ڕێسمان** (شێخ ڕەزا، خاڵ، ل 79)

گەشتێ بە ناو شیعرەکانیدا دەری ئەخا شێخ ڕەزا "تیغی زبان"ی بۆ دژایەتی ستەمکاری و گەندەڵی داودەزگای تورک و بۆ چاکسازی کۆمەڵایەتی بەکار نە هێناوە، بەڵکو وەکو ئامرازێ بۆ گەڕوگێچەڵ، بۆ دەسکەوتی مادی بەکاری هێناوە.

شێخ ڕەزا لەم بارەیەوە ئیعترافی لەسەر خۆی کردوە و ئەڵێ، هەر کەس بیەوێ ئەتوانێ "مشتە و مشاری زمانی بە مشتێ دینار یان بە سمتی کوڕێکی سادە روخسار" دا بخا:

**بە تەنها شێخ ڕەزاکەی هەرزە گوفتار**

**ئەگەر مشتە و مشاریش بێ زمانی**

**عیلاج ئەکرێ بە مشتی پڕ لە دینار**

**بە دیناری عیلاج کەن یا بە سمتی**

**بلورینی کوڕێکی سادە روخسار** (شێخ رەزا، خاڵ، ل 60)

شێخ رەزا موچەخۆری حکومەت بوە، ماوەیەک موچەکەی دوا کەوتوە. لەو بارەیەوە هەڕەشەی کردوە، ئەڵێ:

**بە مارف بەگ بڵێن: قەتعی مەعاشی من نەکا چاکە**
**زمانی من کە بۆ ئەعدا وەکو مارێکی زەححاکە**

**هیجا مەزمومە، تو خوا لێم گەڕێن، با تۆبە نەشکێنم**

**"ولا تلقوا بأیدیکم" غەرەز بۆ دەفعی ئیهلاکە**

**مەعاشی مانگی کانون و شوباتم تا بە کەی نادا**

**کە ئازاری رەزا عەینی سموم تەحسیلی تریاکە** (شێخ رەزا، خاڵ، ل 95)

دیارە موچەکەی بەشی گوزەرانی نە کردوە، بۆیە هەمیشە چاولەدەسی دیاری و خەڵات و بەراتی ئەم و ئەو بوە و بەردەوام داوای شتی لێ کردون، هەر لە ئێسترەوە تا سەر بەرخ و توتن و کەڵەشێر و مریشک. ئەوانەی دیاریان بۆ ناردوە، مەدحی کردون و ئەوانەش کە بە دەنگیەوە نە هاتون، هەجوی کردون.

شێخ رەزا لە باسی خانوەکەی خۆیدا کە ژیانی تێدا بردۆتە سەر، ئەڵێ:

**حەوشەیەکم هەیە بەقەدەر لەپێ**

**رۆژ عیلاجی دەکەم، بە شەو دەتەپێ**

**مەنفەز و درز و ئاودزی هەرچەند**

**دەیگرم، دەیکوتم، بە دەست و پێ**

**شەو کە هاتەوە، دەم دەکاتەوە وەک هار**

**وا ئەزانم سەگە و بە من ئەحەپێ**

**سەر و ریشم لە تۆز و قسڵ و گەچا**

**وەک پەلاسێکە پڕ لە رشک و ئەسپێ** (شێخ رەزا، خاڵ، ل 107)

لە دوا بەیتی شیعرەکەیدا ئۆباڵی خراپی "حەوشەکەی" خستۆتە ئەستۆی وەستاکەی. لە تۆڵەی ئەمەدا پەلاماری ناوگەڵی هاوسەرەکەی داوە و ئەڵێ:

**ژنی وەستاکە بۆچ نەگێم توخوا**

**ساق و سمت لوس و کوز پڕی دەرپێ**

خراپیی باری گوزەرانی یەکێ بوە لە هاندەرەکانی بۆ ڕەفتاری کۆمەڵایەتی ناجۆر و "مەدح" و "هەجو"ەکانی.

## گەندەڵی داوودەزگای شێخانی تەریقەت

شێخ ڕەزا شێخزادە بوە، کوڕی شێخ ئەوڕەحمانی "خاڵس" بوە. شێخ ئەوڕەحمان شێخی تەریقەت و خاوەن تەکیە بوە. شێخانی تەریقەت خۆیان کاریان نەکردوە. لەناو تەکیەکانیاندا "ئیرشاد"یان کردوە. شێخ ڕەزا لەم بارەیەوە ئەڵێ:

**"لازمە بۆ شێخ سبەینان گورگەخەو**

**تا بڵێن شێخ عابیدە و نانوێ بە شەو"** (شێخ ڕەزا، خاڵ، ل 83)

لە باسی تەکیەنشینەکاندا ئەڵێ:

**ئەم تەکیەنشینانە، چ دەروێش و چ سۆفی**

**هەرچەندە بە دڵ موشتەغیلی زیکر و قنوتن**

**وەک حاجیی مابەینی سەفا و مەروە بە تەعجیل**

**بۆ لوقمە ئەمانیش بە مەسەل یونس و حوتن** (شێخ ڕەزا، خاڵ، ل 77)

زۆری شێخەکانی تەریقەت دەرەبەگی گەورە بون، بە داهاتی ئەو دێهاتانە ژیاون کە کاربەدەستانی تورک بۆیان تەرخان کردون و ئەو کۆمەکانەی موریدەکانیان بۆیان بردون. شێخ ڕەزا دەربارەی مامە شێخ غەفوری کە تەکیەی تاڵەبانی لە کۆیە بەدەستەوە بوە، ئەڵێ:

**یەک دو دێی داوەتێ سوڵتان پەیی ئیتعامی تەعام**

**هەر یەکێکی بەقەدەر خەزنەیە ئیرادی هەیە**

**چ فرۆش و چ زروف و چ زیاع و چ عەقار**

**لە هەمو جنسێ مەتاعی سەدوهەشتادی هەیە** (شێخ ڕەزا، خاڵ، ل 87)

## دەنگدانەوەی شیعرەکانی

شێخ ڕەزا ئاگاداری شیعری شاعیرەکانی نەوەی یەکەمی قوتابخانەی بابان؛ نالی، سالم و کوردی، بوە. حاجی قادری کۆیی لەو شیعرەیدا کە بۆ باسی شاعیرانی کوردستانی تەرخان کردوە، ناوی شێخ ڕەزا لە ریزی ناوی کۆمەڵێ شاعیری تردا ئەهێنێ:

**سالم و مەشوی، شێخ ڕەزا و خەستە**

**شـــاعیرن، هــەر چــواری بـەرجـەسـتە** (حاجی قادر. ل 218)

شێخ ڕەزا یەکێ لە شیعرەکانی مستەفا بەگی کوردی تەخمیس کردوە. شیعرێکیشی بە بۆنەی گەڕانەوەی کەسایەتی‌یەکی دۆستی خۆیەوە لەسەر هەمان کێش و قافیەی شیعرەکەی سالم کە بۆ عەبدوڵا پاشای بابانی وتوە، هۆنیوەتەوە:

**هاتەوە ئاشوبی دەوران، مەردی مەیدان هاتەوە**

**شێری یەزدان، لەندەهۆڕی ئیبنی سەعدان هاتەوە**

**بۆ قڕانی لەشکری ئەعدا لەناکاو میسلی بەرق**

**ئەسغەری ساحێبقڕان و لەعلی خەفتان هاتەوە** (شێخ ڕەزا. خاڵ. ل 91)

یەکێ لە شیعرە جوانەکانی حافزی شیرازی کە فارسیە، بە کوردی تەخمیس کردوە. بەڵام ناشیرینی کردوە، کردویەتی بە بابەتی هەجویەکی توند دژی "مەعروف" ناوێک:

**مەعروفی بێ دیرایەت، گوت کردە ناو بیدایەت**

**چیت پێ بڵێم قوڕمساغ، هەردو گونم بە دایەت**

**گونمی بە تڕ شەهید کرد، کێرم ئەکا ریعایەت**

**زان یار دلنوازم شکریست با شکایت**

**گر نکتەدان عشقی، خوش بشنو این حکایت** (شێخ ڕەزا. خاڵ. ل 45)

کۆمەڵی کوردی کۆمەڵێکی داخراو بوە، کۆمەڵێکی دواکەوتوی نەریتەوان بوە. تا رادەیەکی زۆر بەها ڕەوشتی‌یەکانی ئیسلام بەسەریدا، بە تایبەتی بەسەر چینی سەرەوەیدا، بە روکەش زاڵ بوە. ئەو بابەتانەی شێخ ڕەزا باسی کردون، هەموی "تابۆ" بون. پێش ئەو، کەس نەی وێراوە بە ئاشکرا باسیان بکا. ئەوا یەکێ پەیدابوە، کوڕی یەکێ لە بنەماڵە ناسراوەکانی کوردستانە، بە ئاشکرا و بێ ترس و سڵەمینەوە دەستی

بۆ بردون. لە تەکیەکەی خۆیان و لە بنەماڵەکەی خۆیەوە دەستی پێ کردوە. ئەمە سەرنجی خوێندەوارەکانی ئەو زەمانەی ڕاکێشاوە، لەحیاتی ئەوەی بچنەوە بەگژیدا، بە خۆشی و ئافەرینەوە وەریان گرتوە و بە زمانی شێخ ڕەزاوە شیعرەکانیان دوبارە کردۆتەوە و وتویانەتەوە.

شیعرەکانی شێخ ڕەزا، لەناو خوێندەوارانی کوردا، لەچاو شیعری شاعیرەکانی تردا زۆرتر دەنگی داوەتەوە و بایەخی پێ دراوە و بڵاوبۆتەوە و کەوتۆتە سەر زمان و تەنانەت هەندێکی لەبەرکراوە، لە کۆڕ و کۆبونەوەکاندا بە بۆنەی جیاوازەوە وتراونەتەوە.

نوسەرانی مێژوی ئەدەبی کوردی و ئەوانەش کە باس و بابەتیان لەسەر شێخ ڕەزا نوسیوە، بە ستایشەوە لە شێخ ڕەزا و شیعرەکانی دواون. دیوانەکەیشی چەندین جار چاپ و بڵاو کراوەتەوە. ڕەنگە چەندین فەرد و شیعر و نوکتەی ئەم و ئەو درابێتە پاڵی کە هی ئەو نەبن.

### غەزەلەکانی

شێخ ڕەزا، ژمارەیەکی کەم غەزەلی دڵداری داناوە. لە سەرەتای یەکێ لەو شیعرانەدا ئەڵێ:

**دەمکوژێ، حوکمە دەزانم بە خودا دەردی حەبیب**

**وەرە، سا بەشقی خوا دەس لە یەخەم بەردە تەبیب** (شێخ ڕەزا، خاڵ، ل 42)

غەزەلێکی تری بەمجۆرە دەس پێ ئەکا:

**شاری کۆیە کە لەبالەب بوتی توشنەلەبە**

**گەر فەلەک لێ بگەڕێ مەنبەعی عەیش و تەرەبە**

**دڵبەران بە مەسەل هەروەکو ئەشعاری منن**

**کامی لێ دەگری، دەبێژی ئەمەیان مونتەخەبە** (شێخ ڕەزا، خاڵ، ل 85)

هەر لەم بابەتەدا شیعرێکی مستەفا بەگی کوردی تەخمیسکردوە:

**دڵی بردم بە ناز و عیشوە، دیسان شۆخێ، عەیارێ**

**فریبی دام بە سیحری چاوی خۆی، مەحبوبێ، سەحارێ**

**لە هیجرانا تەقم کرد، ئەی ڕەفیقان، کوا مەدەدکارێ؟**

**"ئەمان مردم، عیلاجێ، سا لە ڕێی پێغەمبەرا چارێ**

**ویساڵ، یا قەتڵ، یا تەسکین، لە هەر سێ بۆم بکەن کارێ"**

(شێخ ڕەزا، خاڵ، ل 111)

غەزەلەکانی تازەکردنەوە و داهێنانیان تیا نیە، سۆزی ڕاستەقینەی دڵداری و عیشقیان تیا نیە. دوبارەکردنەوەی هەمان بابەتی شاعیرەکانی هاوزەمانی خۆیەتی. شیعری کەسێکە کە هەڵبەستنی شیعری کردوە بە پیشە.

## شێخ ڕەزا و ژینگەی کۆمەڵایەتی

بەرهەمەکانی شێخ ڕەزا، لەناو بەرهەمی هەمو شاعیرەکانی نەوەی دوەمی قوتابخانەی شیعریی باباندا، جێگەیەکی تایبەتییان هەیە. جێگەیەکی تایبەتییان هەیە، نەک لەبەرئەوەی لە شێوەی داڕشتن و ناوەرۆکی بابەتەکانیدا لەوانی تێ پەڕاند بێ، یان لەبەرئەوەی کوردییەکی ڕەوان و لە کۆکردنەوە و بەکارهێنانی وشەگەلی سادە و ڕەسەنی کوردیدا وەستایەتییەکی زۆری بەکارهێنا بێ، بەڵکو لەبەرئەوەی شیعرەکانی شێخ ڕەزا ڕەنگدانەوەی چەندین دیاردەی ناپەسەندی کۆمەڵایەتی سەردەمی دەسەڵاتی ڕاستەوخۆی تورکە لە کوردستاندا. بە تایبەتی ڕەنگدانەوەی ئەو ژینگە کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی، ئابوری و سیاسییە بوە کە شێخ ڕەزای تێدا ژیاوە، کە ئەویش بەشێکی ژینگەی گشتیی کۆمەڵی ئەوسای کوردەواری بوە.

ئەشێ لێرەدا هەندێکیان باس بکەین، لەوانە: دیاردەی نێربازی، مەدح و هەجو، قوڵکردنەوەی ناکۆکی، ناکۆکی خێڵایەتی و گەندەڵیی داوودەزگای شێخایەتی و تەکیەکان.

### دیاردەی نێربازی

ئەوەی لەم سەردەمە دا ناونراوە "هاوڕەگەزبازی". ئەمە لە سەرەتای ژیانی مرۆڤەوە وەکو کارێکی کەچڕەویی ڕەوشت هەبوە. بەڵام لەناو کۆمەڵی کوردیدا، بە تایبەتی کە بەشێکی ڕەوەند و بەشێکی زۆری گوندنشین بوە، کەم و نهێنی بوە. ئەوانەی توشی ئەم جۆرە کەچڕەویە بون، بە چاوی سوک سەیر کراون. مستەفا بەگی کوردی کە لە شیعرەکانیدا بە شێوەیەکی ئەدەبی و بە سۆزێکی عاشقانەوە باسی ئەکا، وەکو وتویەتی توشی سەرکۆنە و سەرزەنشتی زۆر بوە، تەنانەت پێیان وابوە کە ئەقڵی تێک چوە. بەڵام ئەم خوە لەناو تورکدا، بە تایبەتی لەناو دەسەڵاتدارەکانیاندا باو بوە و نیشانەی پیاوەتی و دەسەڵاتداری بوە و گەلێ لە دەسەڵاتدارەکانیان بە ئاشکرا لوسکەی تایبەتییان هەبوە و لەگەڵ خۆیاندا گێڕاویانن.

شێخ ڕەزا ڕێبازی نێربازی بە ئاشکرا گرتوە. لە شیعرەکانیدا بە شانازییەکی زۆرەوە باسی توانای تاوکردنی نێچیرەکانی ئەکا و کردونی بە بابەتی "قەسیدە" لە شێوەی چیرۆکدا، بێ ئەوەی شەرم لە کەس و لە کۆمەڵ بکا، ئەیان گێڕێتەوە، بۆ نمونە:

**نمونەی 1:**

چۆن لە حەمامی غەفور گەنجێکی جوانی سنەیی دیوە و سواری بوە:

**دوێنێ شەو بۆ دەفعی حاجەت چومە حەمامی غەفور**

**سادەرویەکی تیا بو سمت و ساقی وەک بلور**

**.....**

**لێک گەیشتین هەر لە ئەوەڵ فرسەتا چوینە خەلا**

**تێم کوتا و هێنام و بردم تاکو ژارم کردە ژور** (شێخ رەزا، خاڵ، ل 57)

**نمونەی 2:**

چۆن لە رۆژی یەکشەمەدا دوای گەنجێکی بوڵغاری کەوتوە و بە پارە تاوی کردوە و سواری بوە، دوایی پارەی نەداوەتێ و لێیان بوە بە هەرا و خەڵکی گەڕەک و پۆلیس هاتونەتە ناو کێشەکەوە:

**رۆژی یەکشەمە کە مەشهورە بە رۆژێکی پازار**

**من بە غار کەوتمە دومبالی کوڕێکی بولغار**

**.....**

**لە هەموی سەرفی نەزەر، سمت و سورینێکی هەبو**

**نازک و نەرم و لەتیف میسلی تەلای دەستەوشار**

**.....**

**موختەسەر خۆشە قسە، بردمە مەنزڵگەهی خۆم**

**گرتم و خستم و لێم برد و گونم کرد بە چوار**

**مۆڵەتم ساتێ نەدا ئەو شەوە تا وەختی سەحەر**

**کاری خێرم بە مەزەندە گوزەری کرد لە هەزار**

**وەختی سبەینێ کە داوێنی فەلەک ئەتڵەسی بو**

**هەر لەجێ راستەوە بو، دامەنی گرتم وەکو خار**

**چنگی وەک پەنجەی شاهین لە یەقەم قایم کرد**

**دەستی کردە جەزع و نالە و هاوار هاوار**

**زەفتیە و ئەهلی مەحەللە، هەمو جەم بون لەسەرم**

**پرسیان مەل خەبەر، ئەی زاهیدی سالوس شیعار**

(شێخ رەزا، خاڵ، ل 53-54)

**نمونەی 3:**

چۆن زەفەری بە جولەکەیەک بردوە و چاوی نوساندوە:

**یەهودی بەچەیەکم گرت و لێم برد و تیا خوسا**

**کە تێم نا چاوی نوسا، بانگی کرد: یا حەزرەتی موسا**

(شێخ رەزا، خاڵ، ل40)

ئەم بابەتەی شیعر لە زمانی کوردیدا، لە هەر سێ قوتابخانەکەیدا: قوتابخانەی شیعریی بابان، قوتابخانەی ئەدەبیی گۆران، قوتابخانەی ئەدەبیی کرمانجی، نامۆ بوە. باسکردنی وەها بە ئاشکرا و بێ گوێدانە هیچ بەهایەکی دینی، کۆمەڵایەتی و هیچ لێپێچینەوەیەکی قانونی، بەڵکو پەسەندکردنی لە لایەن کەسانێکی رۆشنبیرەوە و رازاندنەوەی کەشکۆڵی شیعری کوردی بەم چەشنە شیعرانە، لەپاڵ شیعری شاعیرەکانی نالی و سالم و ئەوانی تردا، جگە لە دارمانی رێکخراوەی کۆمەڵەی بەها بەرزەکانی کۆمەڵی کوردستان، وەکو دەرەنجامی فەرمانڕەوایی تورک، شتێکی تر نیە.

## قوڵکردنەوەی ناکۆکیی نێوان شار و خێڵە کوردییەکان

تورکە عوسمانییەکان، بۆ ئەوەی دەسەڵاتی خۆیان بەسەر کوردستاندا بسەپێنن، سیاسەتی "پەرت کە و زاڵ بە"یان جێبەجێ کردوە. هەوڵیان داوە خێڵەکان بکەن بە دوژمنی یەک و خەڵکی شارەکان بکەن بەگژ یەکتریدا.

لە گوندەکانی کوردستاندا، لەسەر ئاو و ئەرز و لەوەڕگا، خێڵەکان و کوێخا و ئاغاکانیان کردوە بەگژ یەکدا و هانیان داون ئەرز و ئاوی یەکتری داگیر بکەن. بەو هۆیەوە شەڕی خوێناوی روی داوە لە ناویان دا. داوودەزگای دەوڵەت رۆڵێکیان نە بوە لە رێکخستنی پێوەندییەکانی نێوان خەڵکدا، بەڵکو رێگەیان داوە هێزدارەکان لاوازەکان بڕوتێننەوە.

ئەم سەردەمە قۆناغی گەشانەوەی هەستی نەتەوەیی و سەرەتای پرۆسەی نەتەوەسازی گەلانی ژێردەستەی عوسمانی بوە. گەلانی باڵکان، یۆنان، ئەرمەن، عەرەب.. هەر یەکەیان بە جۆرێ هەوڵی یەکێتیی نەتەوەیی و ئازادی و بەدەسهێنانی مافەکانی خۆیان داوە. لە رێگەی شیعر و ئەدەب و رۆژنامە و گۆڤارەوە، ئەو بانگەیان داوە بە گوێی گەلەکانیان دا. تەنانەت کوردیش لەو کاروانە دوا نە کەوتوە. حاجی قادری کۆیی بە شیعرەکانی و ئالی بەدرخان بە رۆژنامەی کوردستان و رۆشنبیرە کوردەکانی ئەستەموڵ بە جموجوڵی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و سیاسی، لە هەوڵی گەشانەوەی هەستی نەتەوەیی و یەکخستنی نەتەوەیی خێڵەکانی کورد و شارەکانیدا بون. شێخ رەزا، بە تەواوی بە پێچەوانەی ئەوانەوە، ناکۆکی خێڵایەتی و ناتەبایی شارەکانی زەق کردۆتەوە. بە واتەیەکی تر، نەک یەکێتی نەتەوەیی کوردی نەکردۆتە ئامانج، بەڵکو هەڵوەشاوەیی ئاشتی کۆمەڵایەتی نێوان کەسایەتی و خێڵەکان و شارەکانی بەرجەستە کردوە:

**نمونەی 1:**

ستایشی تاڵەبانی کردوە کە بنەماڵەکەی خۆیەتی و بە عەشیرەتی تاڵەبانی ناوی بردون، باسی ئازایەتی و سوارچاکی کردون لە شەڕی عەشیرەتەکانی تردا:

**بارەکەڵڵا، ئافەرین، ئەی عەشرەتی نەسرەت شیعار**

**مەردی مەیدان، شێری جەنگاوەر، هوزەبری کارزار**

**چوار عەشیرەت: کاکەیی و وەند و جەباری و داودە**

**ئیتیفاقیانکرد و هاتن، چوارسەد و پەنجا سوار**

**هەر بە ئەوەڵ حەملە چەندتان کوشت و چەندتان سەربڕی**

**چەند کەلاکیان لێ بەجێما، بونە توعمەی مور و مار**

**ئیستەکەش لەو دەشتە شەڕیانە لەسەر لاشەی رزیو**

**کەرگەس و شاهێن و گورگ و مامەڕێوی و کەمتیار**

**.....**

**ئەم قسانە گشت مەجازن، گەر حەقیقەتتان دەوێ**

**بەزلی نان و هیمەتی پیرانە بۆتان کەوتە کار**

**جائیزەم مەتلوبە، ئەم مەدحەم بە خۆڕایی نیە**

**هورتومانیش بێ رەزام، گەر هیچ نەنێرن، یا ستار!** (شێخ رەزا، خاڵ، ل 56)

**نمونەی 2:**

گێڕانەوەی شەڕی تاڵەبانی و خێڵەکانی کاکەیی، هەمەوەند، جەباری و داودە:

**عەشایەر بون بە یەک، تا ریشەمان دەرکەن بە یەکجاری**

**جەباری و داودە و کاکەییەکانی دایە رێزواری**

**.....**

**سوارەی تاڵەبانی دەرپەڕین، وەک رۆستەمی دەستان**

**فیراریان ئیختیارکرد، سەیدەکانی باوەیادگاری**

**فیراری کاکەیی هەر نەیسە، ئەمما گوێی فەلەک کەڕ بو**

**لە جرت و فرتی ئاغای داودە و ساداتی جەباری** (شێخ رەزا، خاڵ، ل 108)

**نمونەی 3:**

سوکایەتی ئەکا بە خێڵی شوان:

**هەمەوەند لەشکری ڕۆم و عەجەمی داوە بەگان**

**بەری حەملەی چۆن دەگرێ، لەشکری گاوان و شوان** (شێخ ڕەزا، خاڵ، ل 108)

سوکایەتی ئەکا بە خێڵی داودە:

**عەشرەت ئازاش بێ کە ناموسی نەبێ، بێ فایدەیە**

**عەشرەتی بێ غیرەت ئەمڕۆ عەشرەتی داودەیە** (شێخ ڕەزا، خاڵ، ل 102)

جنێو ئەدا بە ئاغاکانی ڕەباتی:

**ئەگەر بەرزنجەیی غەدریش بکەن، هەر نەیسە ساداتن**

**خدر ئاغای ڕەباتی داکی خۆگێ ئێوە بۆ هاتن؟**

**خەزوری شێخ حەمید ئاغای ڕەباتیی کۆنە قەڵتاغ شڕ**

**لە ئەسڵ و مەعدەنا، ئەجدادی ئێوە دۆم و خەڕاتن** (شێخ ڕەزا، خاڵ، ل 107)

جنێو ئەدا بە جەباری:

**وام ئەزانی ئێوە ساداتن، مەعاشتان نابڕن**

**داخی داخم جەباری، خۆ لە ئێوەشیان بڕی** (شێخ ڕەزا، خاڵ، ل 119)

**نمونەی 4:**

هێرشی سەر کاکەیی:

کاکەیی، وەکو بە خۆیان ئەڵێن یارسان، گەلێکی تایبەتین. زۆربەیان بە کوردی ئەدوێن و بنەما پیرۆزەکانی دینەکەیان بە کوردی هۆنراونەتەوە. هەندێکیشیان بە تورکومانی ئەدوێن. بە درێژایی باریکەی جوگرافی نێوان کورد و عەرەب لە موسڵەوە تا هەولێر و کەرکوک و دیالە و کوت، دانیشتون. بیروبۆچونی دینی تایبەتی خۆیان هەیە، تا ئەم ساڵانەی دوایی، بۆ خۆپاراستن لە هێرشی دینەکانی تر، بیروبۆچونەکانی خۆیان بە نهێنی پاراستوە و لەگەڵ ئیسلامدا خۆیان گونجاندوە.

تاڵەبانی و کاکەیی لەسەر کێشەی زەویوزار بوە بە شەڕیان. شێخ ڕەزا شیعرێکی درێژی لەسەر داناون. بۆ ئەوەی هەمو خەڵک، بە تایبەتی باوەڕدارانی موسوڵمانیان لێ هان بدا، چیرۆکێکی شانۆیی "جنسی" کە هیچ بنەمایەکی ڕاست و دروستی نەبوە، لەسەر هەڵبەستون:

.....

وەرن یاران شەوی میعادە ئەمشەو

لەپێ، دەرپێ فڕێ دەن خزم و ئەغیار

.....

کەنیز و خانم و خاتون و خادم

فەقیر و مونعیم و دەروێش و سالار

نەدیم و نۆکەر و ئاغا و ئەفەندی

لە دەوری دانیشن وەک خەتی پەڕگار

لە نەزمی بەزمی جەم، ساقی بگێڕێ

شەراب و لێ بدا موتریب لە مزمار

نەبیز و شەربەت و نوقڵ و مەزە و نەی

دەف و تەمبور و ساز و بەربوت و تار

دەبێ ئەم بەزمە هەر بەم نەزمە بڕوا

هەتا دو حیسە رابورێ لە شەوگار

....

چرا پف لێ کەن و شێرانە هەستن

شەقێ هەڵدەن لە پەردەی عیسمەت و عار

سەرو دەرپێ بەرن بێ فەرق و تەمیز

دەمودەست ساحێبی دەرپێ بکەن دیار

شەرواڵی هەرکەسێ بەر هەرکەسێ کەوت

ئیتر فەرقی نەکا بیگرێتە بەر کار

کە ئەم وەعزەی تەواو کرد، پیرە ئاخون

ئیتر هەر پف لە شەمعە و تف لە حەیتار

ئیتر هەر ئەتکی دین و کەسری ناموس

ئیتر هەر تەرکی شەرم و عیففەت و عار

ئیتر هەر لنگ ئەبێتە لام ئەلف لا

**ئیتر هەر کێر ئەبێتە باسکی هاوار**

**.....**

لە کۆتاییدا ئەڵێ:

**مناڵێ لەو شەوە پەیدا بێ لایان**

**دەبێتە سەید و ڕێزداری موختار**

**لە وەسفی کاکەیی گەر سەرفی عومرم**

**بکەم، ناکەم بەیانی عوشری میعشار** (شێخ ڕەزا، خاڵ، ل 58-63)

**جنێودان بە شارەکان:**

لە شارەکانی کوردستاندا، ئەگەرچی زۆر بچوک و دواکەوتو بون، کاربەدەستانی تورک، کە جومگە گرنگەکانی بەڕێوەربەرایەتی کارگێڕی و دارایی و ئاسایشیان بەدەستەوە بوە، دانیشتوانی گەڕەکەکانیان کردوە بەگژ یەکدا و "شەڕەگەڕەک"یان داهێناوە؛ پیاوەکانی گەڕەکەکانیان بۆ شەڕ دابەش کردوە. هەندێ جار بۆ ئەم بەزمە نمایشیان بە قۆچەقانی و بەردەفڕکێ و شەڕە لیس و تێلا ساز کردوە. شێخ ڕەزاش جنێوی بە هەندێ لە شارەکانی کوردستان داوە و هەستی ناکۆکی تێدا وروژاندون:

**نمونەی 1:**

شاری کەرکوک:

لەم بەیتەدا جنێوی بە خەڵکی کەرکوک داوە:

**کافی کلک و کافی کون و کافی کەر تێکەڵ کرا**

**ئیسم و ناو و شۆرەتی کەرکوکی لێ تەشکیل کرا** (شێخ ڕەزا، خاڵ، ل 39)

هەروەها لە شیعرێکی تردا ئەڵێ:

**لە (بخت النصر)ەوە گاندانە پیشەی ئەهلی کەرکوک**

**کە (الناس على دين الملوك ليس متروك)** (شێخ ڕەزا، خاڵ، ل 71)

لە شیعرێکی تردا ئەڵێ:

**مەکەن باوەڕ بە قەولی داکی خۆگێکانی کەرکوکی**

**ئەگەر خەڵتێ بکەن، وا بزانە گا قۆڕانی، کەر کۆکی** (شێخ ڕەزا، خاڵ، ل 115)

**نمونەی 2:**

شاری سلێمانی:

لەم بەیتەدا شێخ رەزا جنێوی بە هەمو خەڵکی سلێمانی داوە:

**هەر مەتاعێ کە تەڵەب کەی لە سولەیمانیدا**

**هەیە، ئیللا کوزی بیکر و کونی نا موستەعمەل** (شێخ رەزا، خاڵ، ل 72)

هەروەها لە شیعرێکی تردا ئەڵێ:

**سلێمانی! هەتانە، ناوی نابەم، وەک کونی بێچو**

**وەکو داینێی لەسەر بەرگی شەقایق جێ سمی ئاهو** (شێخ رەزا، خاڵ، ل 84)

**نمونەی 3:**

شاری کۆیە:

شێخ رەزا لەم چوارینەدا، جگە لەوەی جنێوی بە خەڵکی کۆیە داوە، ویستویەتی کۆیی و بابانی بکا بەگژ یەکتریدا:

**دەوری وەسمان بەگ لە کۆیە ژن نەما نەیگێن، بەبە**

**نیسبەتی کۆیە لەگەڵ من، نیسبەتی ئیبنە و ئەبە**

**ئەلغەرەز سۆزانی و زانی لە کۆیی چاترن**

**موختەسەر چاکە قسە، کونی بە، کۆیی مەبە** (شێخ رەزا، خاڵ، ل 98)

هەروەها لە شیعرێکی تردا ئەڵێ:

**هەر کەسێ ئەسڵ و میزاجی فیتنەیی و بەدگۆیییە**

**دەستی حیزیشی هەبێ، ئەمجا بە تەحقیق کۆیییە** (شێخ رەزا، خاڵ، ل 100)

**نمونەی 4:**

شاری قەڵادزێ:

**بەدە ئاب و هەوای قەلعەدزە**

**کە سەگیشی لە عومری خۆی وەڕزە**

**ملی ئەهلی، لەبەر لەڕی و چرچی**

**هەروەکو کێری پیری پشت لە کوزە** (شێخ رەزا، خاڵ، ل 96)

### نمونەی 5:

شاری سنە:

شێخ ڕەزا لەم شەش خشتەکیەدا، جگە لەوەی جنێوی بە خەڵکی شاری سنە داوە، ویستویەتی خەڵکی ئەم دو شارە، سنە و سلێمانی، بکا بەگژ یەکتریدا:

**سوپەری ئەهلی سنە بۆ شەڕی بێگانە، ژنە**

**خۆبەخۆ شەڕ دەکەن و ئەسڵەحەیان هەر بە تنە**

**ڕقی هەڵسا سنەیی، دێ لە سولەیمانی ئەدا**

**ئافەرین ئەهلی سنە ئەم ڕقەتان هەر لە کنە**

**ئەهلی ئێمە کە چوە شاری سنە، حوکمە ئەگێ**

**بە دو شاهی و قەرەپولێ ژنی کامیان مەزنە** (شێخ ڕەزا، خاڵ، ل 96)

لە شیعرێکی تریشدا هێرشێکی توندی کردۆتە سەر خەڵکی سنە:

.....

**ژنی ئەهلی سنەیە شوبهەیی پێ ناوێ ئەگەر**

**نرخی شەو شاییەکە و شەرتی سەر و هەم بنە بێ**

.....

**نامەوێ لەزەتی ئەو خاکە، جەهەنەم لە سەفای**

**سا دوسەد مەرتەبە وا گوی خلە لەو مەسکەنە بێ** (شێخ ڕەزا، خاڵ، ل 106)

### مەدحەکانی

شێخ ڕەزا بەشێکی کوردستانی باشور: کەرکوک، سلێمانی، هەڵەبجە، کۆیە.. گەڕاوە. لە هەندێکیدا خوێندویەتی و ماوەتەوە. لەگەڵ کەسایەتیەکانیدا ئاشنایەتی پەیدا کردوە و لە دیوەخانەکانیاندا میوانداری کراوە. پێگەی بنەماڵەکەی یارمەتی داوە تۆڕێکی فراوانی پێوەندی لەگەڵ ژمارەیەکی زۆری کەسایەتیەکانی ئەو سەردەمە دروست بکا. "مەدح"ی هەندێکیانی کردوە، بەڵام لە مەدحەکانیشیدا هەمیشە لە دەوری دەسکەوتی دارایی خولاوەتەوە و بە پێی بەخشندەیی ستایشی کردون:

**شێخ رەزا و ئالی بەبە**

شێخ رەزا سالانێک چاوی بە دنیا هەڵهێناوە دەبدەبەی دەسەڵاتی میرایەتی بابان بەرەو کۆتایی چوە و دەسەڵاتی ڕاستەوخۆی تورک جێگەی گرتۆتەوە، کەسایەتی‌یە کاریگەرەکانی بنەماڵەی بابان دور خراونەتەوە بۆ ئەستەموڵ. بەڵام دوای نەمانی میرایەتی‌یەکەش دەیان کەسایەتی دیاریان تێدا هەڵکەوتوە، کە بابی عالی پلەی بەرزی کاری حکومەتی پێ سپاردون لە ئەستەموڵ و بەغداد و ولایەتەکانی تری عوسمانی‌دا.

شێخ رەزا لەگەڵ سەرانی ئەم بنەماڵەیەدا دۆستایەتی هەبوە. زەمانێک کە لە ئەستەموڵ بوە، هاتوچۆی ئەحمەد پاشای کردوە. لە گێڕانەوەی چیرۆکی بولغاریەکەدا، وەکو بەشێ لە شیعرەکەی، مەدحی ئەحمەد پاشای کردوە، چونکە وەختێ لەبەر بێ پارەیی کێشەی بۆ دروست بوە، ئەحمەد پاشا بۆ ئەوەی شێخ رەزا رزگار بکا، پارەی کابرای بوڵغاری داوە. ئەمە بە ڕواڵەت "مەدح"ە، بەڵام بە ناوەڕۆک ئەچێتە خانەی "زەم"ەوە، ئەڵێ:

**ئەمە سێ ڕۆژە کە سەرگەشتە و حەیران دەگەڕێم**
**کێم هەیە، غەیری وەلی نیعمەتی فەرخونده شیعار**
**یەعنی هەمنامی نەبی، حەزرەتی ئەحمەد پاشا**
**فەخری دین، کانی حەیا، بەحری کەرەم، کۆهی ویقار**
**مەدحی ئیحسانی بکەم، حیلمی بکەم، عەدلی بکەم؟**
**بە خوا خاریجە ئەوسافی حەمیدەی لە شومار**
**کەفی زەڕبەخشی کەوا مەنبەعی دوڕ و گەوهەرە**
**میسلی بەحرێکە، نە ساحیلی بێت و نە کەنار**
**تەبعی جەواد و کەریم، هەروەکو قائانی دەڵێ:**
**"زر به قنطار، همی بخشد، شتر به قطار"**
**تاوەکو دەوربکات و بگەڕێ چەرخ و فەلەک**
**تاوەکو دێت و دەچێ، بێت و بچێ لەیل و نەهار**
**بە مرادی بگەڕێ شەمس و قەمەر، چەرخ و فەلەک**
**زەفەر و فەتحی قەرین، بەختی موعین، تاڵعی یار**
**ڕەئی ئەو، باعیسی تەنزیمی ئوموراتە، وەلێ**
**بۆ کورەی عالەمی ئیمکان بوەتە قوتبی مەدار** (شێخ رەزا، خاڵ، ل 55)

سەبارەت بە سەردەمی میرایەتی بابان کە باسی سلێمانی ئەکا کە "دارولمولکی بابان" و "نە مەحکومی عەجەم و نە سوخرەکێشی ئالی عوسمان" بوە، ئەی بەستێتەوە بە ژیانی ئابوری و بەخشندەیی میرانی بابانەوە، ئەڵێ:

**لە بیرم دێ سولەیمانی کە دارولمولکی بابان بو**

**نە مەحکومی عەجەم، نە سوغرەکێشی ئالی عوسمان بو**

**لە بەر قاپی سەرا سەفیان دەبەست شێخ و مەلا و زاهید**

**مەتافی کەعبە بۆ ئەربابی حاجەت گردی سەیوان بو**

ئینجا باسی دەبدەبەی ئەو زەمانە ئەکا:

**لەبەر تابوری عەسکەر ڕێ نەبو بۆ مەجلیسی پاشا**

**سەدای مۆزیقە و نەقارە تا ئەیوانی کەیوان بو**

**درێغ بۆ ئەو زەمانە، ئەو دەمە، ئەو عەسرە، ئەو ڕۆژە**

**کە مەیدانی جریدبازی لە دەوری کانی ئاسکان بو**

**بە زەربی حەملەیە بەغدای تەسخیرکرد و تێیهەڵدا**

**سولەیمانی زەمان، ڕاستت دەوێ باوکی سولەیمان بو**

**عەرەب ئینکاری فەزڵی ئێوە ناکەم، ئەفزەڵن ئەمما**

**سەلاحەدین کە دنیای گرت، لە زومرەی کوردی بابان بو**

**عومومی شەهریاران و سەلاتینی فەرەنگستان**

**لە ڕوعبی سەتوەتی ئەو شێرەدا گشتی هەراسان بو**

تا ئەگاتە ئەوەی ئەڵێ:

**قوبوری پڕ لە نوری ئالی بابان پڕ لە ڕەحمەت بێ**

**کە بارانی کەفی ئیحسانیان وەک هەوری نیسان بو**

ئینجا باسی خۆی ئەکا لەو زەمانەدا:

**کە عەبدولا پاشا لەشکری والیی سنەی شڕکرد**

**ڕەزا ئەو وەختە عومری پێنج و شەش، تیفلی دەبوستان بو**

(شێخ ڕەزا، خاڵ. ل 81)

لە شیعرێکی تریدا لە مەدحی ئالی بەبەدا ئەڵێ:

**ســـائیل بە غینا نائیل ئەکا بەخششی کەمتان**

**ئـــالی بەبە، یـــا خوا نەڕزێ دەستی کـــەرەمتان**

**هەرچەند بە مەسەل خەنجەری ئەڵماسە زبانم**

**نابڕێ سەری مویە لـە ئەدای شوکری نیعەمتان**

**گیرفـانی گـەدای کـردوەتە کـانی جـەواهێر**

**ئیـکسیری نیساری زەڕ و شاباشـی درەمتان** (شێخ ڕەزا، خاڵ، ل 76)

**مەدحی کاک ئەحمەدی شێخ**

شێخ مارفی نۆدێ و دوای ئەو کاک ئەحمەدی کوڕی، کە بە دامەزرێنەری بنەماڵەی بەرزنجی دا ئەنرێن، ناوەندێکی بەهێزی دەسەڵاتی دینی و تەریقەتی قادری بون لە ناوچەی سلێمانیدا. ئەم بنەماڵەیە لە سەردەمی میرایەتی بابان و دوای نەمانی ئەویش دڵسۆزی دەوڵەتی عوسمانی بون و هەمیشە لەگەڵ والیەکانی بەغداد پێوەندیی دۆستانەیان هەبوە.

دوای نەمانی میرایەتی بابان، یەکێ لەو بنەماڵانەی دەسەڵاتی عوسمانی پشتی پێ بەستوە بۆ پڕکردنەوەی بەشێ لە بۆشایی دەسەڵات، ئەمان بون. کاک ئەحمەدی شێخ لەناو خەڵکی سلێمانی و دەوروبەریدا ڕێزێکی یەکجار زۆری هەبوە، هەروەها لەلای کاربەدەستانی تورک. لە جەنگی ڕوسی–عوسمانیدا (1853-1856 ز)، کاک ئەحمەد جەنگاوەرانی خێڵە کوردەکانی سلێمانی کۆکردۆتەوە و بە سەرکردایەتی شێخ سەعیدی نەوەی ناردونی بۆ بەشداری لەو "غەزا"یە دا. شێخانی سلێمانی دەسەڵاتێکی زۆریان پەیدا کردوە.

بنەماڵەی شێخانی تاڵەبانی و شێخانی سلێمانی، هەردوکیان پێڕەوی تەریقەتی قادری بون. شێخ ڕەزا پێوەندیی دۆستایەتی لەگەڵ دروست کردون. یەکێ لە مەدحەکانی خۆی بۆ ستایشی کاک ئەحمەدی شێخ تەرخان کردوە، ئەڵێ:

**مـەڕبوتـە حـەیاتم بـە سولـەیمانی و خاکی**

**خۆزگەم بە سەگی قاپیەکەی ئەحمەدی کاکی**

**ئەو قودوەتی ساداتە کە سوککانی سەماوات**

**شەڕیانە لەسەر سەجدە لە بەر مەرقەدی پاکی**

**.....**

**دونیـــا لـــەدوای حـەزرەتـــی شێخ ژێروزەبەر بێ**

**وەک تاجی کەی و جامی جەم و تەختی زوحاکی**

**دەرحــەق بــە حــەفیـدانی ئــەدەب لازمە، زینهار**

**قــوربــانی حــەفیـدانــی دەبـم بـابـی و داکی** (شێخ ڕەزا، خاڵ، ل 105-106)

پاش کۆچی دوایی کاک ئەحمەد، شێخ سەعیدی حەفید گەورەی بنەماڵەکە بوە. شێخ ڕەزا لە چوارینەیەکدا، لە مەدحی ئەو و براکانی‌دا، ئەڵێ:

**شێخ سەعید سەردارە، شێخ مەعروف هەتا حەزکەی نەجیب**

**بۆ جەوانمەردی و شەجاعەت، بەینی بەینەڵلا نەقیب**

لە بەیتی دوەمی چوارینەکەدا جنێو بەوە ئەدا نێوانی تێک داون:

**گەر ڕەقیب نەبوایە، مابەینی ئێمە کەی تێک دەچو**

**کێر بە کوز داکی موفەتین، گو بە ریش بابی ڕەقیب** (شێخ ڕەزا، خاڵ، ل 43)

### شێخ ڕەزا و بەگزادەی جاف

دوای نەمانی میرایەتی بابان، بۆ پڕکردنەوەی بەشێ لەو بۆشایی‌یەی لە دەسەڵاتدا دروست بو، دەوڵەتی عوسمانی بایەخێکی تایبەتی بە سەرۆکی خێڵە کوردەکان داوە. پلە و پایەی پێ بەخشیون. خێڵی جاف یەکێ لە خێڵە گەورەکانی کوردستان بوە. دەوڵەتی عوسمانی پلەی "پاشایەتی" بە سەرۆکەکەیان داوە. وەسمان پاشای کوڕی حەمە پاشا و دوای ئەویش مەحمود پاشای برای، هاوزەمانی شێخ ڕەزا بون. شێخ ڕەزا لەگەڵ هەردوکیان دۆست بوە. بارەگای وەسمان پاشا لە هەڵەبجە بوە. شێخ ڕەزا هەم خۆی هاتوچۆی دیوەخانەکەی کردون و هەم نامەی بۆ ناردون. لە ستایشی خێڵی جافـدا ئەڵێ:

**خزمینە، مەدەن پەنجە لەگەڵ عەشرەتی جافا**

**مێرولــە نــەچــێ چــاکــە بــەگــژ قوللــەیی قــافــا** (شێخ ڕەزا، خاڵ، ل 33)

لە ستایشی وەسمان پاشای جافـدا کە ئەو کاتە ڕەنگە هێشتا پلەی پاشایەتی وەر نە گرتبێ، ئەڵێ:

**.....**

**وەسمان بەگیان ئامیرە، وەختێ بڵێ: دەی**

**دێنە جەوەلان هەروەکو حاجی لە تەوافا**

لە کۆتایی‌دا دێتە سەر "ئەسڵی مەقسەد" کە داوای کۆمەکە، ئەڵێ:

**ڕەحمێ بکە با شێخ ڕەزا بێتەوە گوفتار**

**حەیفە بڕزێ تیغی مجەوهەر لە غیلافا** (شێخ ڕەزا، خاڵ، ل 34)

## داواکانی

داواکانی شێخ ڕەزا لە دۆست و ناسیاوەکانی، جۆراوجۆر بون. هەندێکیان هەرزان و کەمبایەخ بون، وەکو "هورتومان: هەرزن" هەندێکیشیان گران بون وەکو ئێستر، گاڵ بۆ خواردن و ئێستر بۆ سواربون. یەکێ لە دۆستەکانی ئێسترێکی بۆ ناردوە، بەڵام بە یەکێ لە شیعرە بە هێزەکانی، کە پڕە لە "موبالەغە" باسی خراپیی ئێسترەکەی کردوە و لە نرخی کەم کردۆتەوە. ئەڵێ:

**میر بە سەد منەت هەناردی ئێسترێکی روت و قوت**

**دەست و پا سست و سەقت ئەندامی هەروەک عەنکەبوت**

**خاوەنی ئالیکی ناڵێم پێ نەداوە موتڵەقا**

**داویەتی ئەمما، وەکو بیستومە قوتی لا یەموت** (شێخ ڕەزا، خاڵ، ل 44)

## داوای توتن

توتن یەکێ بوە لە بەرهەمە سەرەکیەکانی کشتوکاڵ لە کوردستاندا، بە زۆری هەناردەی دەرەوە کراوە، حکومەت باجی لەسەر داناوە. ژمارەیەکی زۆری خەڵک سەبیل یان قەننەیان کێشاوە. دیارە شێخ ڕەزاش یەکێ بوە لەوانە. تەنانەت لە یەکێ لە شیعرەکانیدا کە گلەیی لە شێخ عەلی کردوە، وتویەتی پارەی کڕینی توتنی پێ نیە. بەم شیعرەی داوای لە یەکێ لە ئاغاکانی کۆیە کردوە، توتنی بۆ بنێرێ. جۆرە باشەکانی دیاری کردوە، ئەڵێ:

**تۆ کەم نەزەری دەرهەقی من، ئێستێکە ئاغا**

**من ماومە هەوای سوحبەتی تۆم هەر لە دەماغا**

ئاغا هەڵ ئەدا و ئەڵێ:

**تا رۆژی قیامەت، بە خودا، زیندوە، نامرێ**

**بابێ کە بمێنێ کوڕی وەک تۆی لە وەجاغا**

ئینجا دێتە سەر ئەسڵی مەقسەد و ئەڵێ:

**بۆ توتنەکەی بێشەمە و شاور و شێتنە**

**شێت بوم و نەهات، وەختە دڵم دەرچێ لە داغا**

**جاران، چ بە جاغ و چ بە بار، بۆت دەهەناردم**

**نانێرێ ئەمێستا نە بە بار نە لە جاغا**

بۆ ئەوەی لە دەس گیروگازی باجگریش ڕزگاری بکا و پارەی باج نەدا، تەگبیری بۆ ئەکا بە شەو لە ڕێگای قاچاغی خاسەوە بۆی بنێرێ، ئەڵێ:

**ڕێی نەوتەکە، ئەگەر باجگری زۆرە، دەفەرموی**

**ڕێی خـاسە، بـە شەو، خاڵیە با بێ بە وڵاغا**

ئینجا کەوتۆتە کڕوزانەوە و گلەیی لە بەختی خۆی و نزای بۆ ئاغا کردوە بە خۆشی کات بە سەر بەرێ:

**نـەمزانی فـەلـەک گۆبەنی هـەر بـۆ منە، یاخو**

**سـەد دەستی وەکو دەستی منی کردوە بە زاغا**

**یا ڕەب! گوزەران کا بە سەفا وەختێ عەزیزت**

**پـەیوەستە لـە دەوری چەمەن و گەردشی باغا**

**بـۆ چـونە تـەوافی حـەرەمی شـاهیدی مەقسود**

**عـالـەم هـەمو مـەئزونە، ڕەزا هەر لە یاساغا** (شێخ ڕەزا، خاڵ، ل 34-35)

**داوای بەرخی نێر**

ئاژەڵداری یەکێ بوە لە کۆڵەکەکانی ئابوریی لادێ. کوردستان بە هەزاران ڕانەمەڕ و گاگەلی تێدا بوە. پایزان بەرخەمێکان لە ڕانەکەدا گل دراونەتەوە و نێرەکان جیاکراونەتەوە بۆ فرۆشتن. پەندێکی پێشینان ئەڵێ: "بەرخی نێر بۆ سەربڕینە." خێزانەکان ئەوەی توانای دارایی هەبو بێ، هەندێ بەرخی نێری کڕیوە و ماوەیەک دای بەستوە، تا قەڵەو بێ. ئەوسا سەریان بڕیوە، کردویانە بە قاورمە بۆ زستان. شێخ ڕەزاش داوای بەرخەنێری لە "قەومەکان" کردوە و هەڕەشەی کردوە کە ئەگەر نەی نێرن، بیکا بە شەڕ لەگەڵیان. لێرەدا داوای ڕاستەقینە و قسەی گاڵتەی تێکەڵ کردوە، ئەڵێ:

**قەومەکان، بەو زاتە وا حوکمی لەسەر بەحر و بەڕە**

**بەرخەنێرێ گەر نەنێرێ هەر کەسێ خاوەن مەڕە**

**دێم بەگژیا، ئەیدڕم، گەر فیلمەسەل شێری نەڕە**

**با نەقەومێت و نەزانن ئەم هەمو شۆڕ و شەڕە**

**گشت لەسەر بەرخی شەل و کاوڕی لەڕ و بزنی گەڕە** (شێخ ڕەزا، خاڵ، ل 95)

**داوای کەڵەشێر**

راگرتنی گیاندار و ئاژەڵ و مەلی کێوی و کەوی لە کوردەواری‌دا باو بوە، هەندێ سەگ و هەندێ کەو و هەندێ کەڵەشێری راگرتوە، هەندێ لەم گیانلەبەرانەیان بۆشەڕ راگرتوە. ئەوە سەرگەرمی‌یەک بوە، گرەویان لەسەر کردوە. تەنانەت ریچ کە ساڵی (1820 ز) سەردانی سلێمانی کردوە، یەکێ لەو نمایشانەی بۆیان کردوە، شەڕەکەو بوە. شێخ رەزاش دیارە هۆگری کەڵەشێر بوە و حەزی لە شەڕەکەڵەشێر کردوە. بەم بۆنەیەوە چەند شیعرێکی هۆنیوەتەوە، بەڵام لەم شیعرانەش‌دا داواکاری‌یەکانی بە مەدح و هەجو و باسی ناوگەڵ دەر بڕیوە:

کەڵەشێری کرماشانی:

**کەڵەشێرێ بە رەزا لازمە، کرماشانی**

**زیرەک و چابوک و دەم گەرم و دڕ و شەڕانی**

**کەڵەشێرێ کە قەپی گرت لە بناگوێی کەڵەشێر**

**پڕبەدەم بیپچڕێ وەک سەگی هەورامانی**

**کەڵەشێرێ کە ئەگەر شێری نەڕی بێتە مەساف**

**ڕای رفێنێ بە شەقێ، میسلی کەری تاڵانی**

**بۆ حەواڵەی دوبری ئەو کەسە، خۆم ئەیزانم**

**دو گونی پێوە هەبێ، وەک دو جەڕەی لەیلانی**

**بە درێژی، وەکو مەولان بەگەکەی میری بەیات**

**بە جەسامەت، وەکو کوێخا زلەکەی بیبانی**

**جینسی خۆی جوتە مریشکێ، بەری حەملەی بگرێ**

**نەکو سوێی بێتەوە، بێچارە، لەبەر بێ گانی**

**ئەی نەقیبزادە، بنێرە کەڵەشێرێکی وەها**

**بۆ رەزاکەی سەگەکەی قاپیەکەی گەیلانی** (شێخ رەزا، خاڵ، ل 105)

کەڵەشێری نەقیب:

**ئەو بە هەیئەت کەڵەشێرە کە بە هەڵمەت شێرە**

**کەرەمت کردوە، بیستومە، دەسا بینێرە**

**دو مریشکی لـەگـەڵدا کە فریشکی نەکەوێ**

**خرتی چەند ساڵەیە، ئەڵبەت بە مریشکان فێرە**

**بارەکەڵڵا حەسەن ئاغای کوڕی مەحمود ئاغا**

**کەفی فەییازە، دڵی واسیعە، چاوی تێرە**

**نەوەکو شاری سولەیمانیە، کۆیە بە کەرەم**

**نەوەکو تاوق و کەرکوکە، نەوەک هەولێرە**

**ئەو هەمو شیعرە کە ناردم، کەڵەشێرێکی نەنارد**

**جەدی ئەعلایە، نەقیبزادەیە، خۆی بێ خێرە**

**دۆستان ئەم کەڵەشێرە وەکو تەعریفی ئەکەن**

**بۆ رەزا لازمە، ئەم نێرەکەیە، ئەو نێرە**

**هەدیەیەکی کە لە تەرەف دۆستەوە بێ، شوکری دەکەم**

**پێێ رەزامەندم، ئـەگەرچی تەرەفێکی کوێرە**

**قافیەی تەنگە، نەزیرەی مەکە شاعیر، زینهار**

**ئـەوی لـەم قـافیـە بـۆت مـاوەتــەوە کێرە** (شێخ رەزا، خاڵ، ل 89)

لە چوارینەیەکی تردا هەر لەم بارەیەوە ئەڵێ:

**ئــەو مـریشـک و کـەڵـەشـێرە کــە وتــم: بینێرە!**

**دوی لــە رێ مـرد و یـەکێکی بـە نـەخـۆشــی لێرە**

**شەو هەمو دەس بەدوعا بوین لە وەختی سەحەرا**

**کەڵەشێر ئەمری خودای کرد و وتم: وای شێرە!** (شێخ رەزا، خاڵ، ل 98)

## هەجوەکانی

شێخ رەزا یەکەم شاعیر نیە کە هەجوی هێنابێتە ناو شیعری کوردیەوە. پێش ئەو یەکێ لە دامەزرێنەرانی قوتابخانەی بابان، سالم دەستی پێ کردوە. سالم دەیان شیعری هەجوی داناوە. بەڵام زۆری شیعرەکانی شێوەی کاریکاتێری هەیە. نەی گەیاندۆتە ئاستی سوکایەتی بە خێزانی هەجوکراوەکە.

هەجوەکانی شێخ رەزا لە ئاستێکی نزمی ناوزڕاندن و سوکایەتی پێ کردن و جنێودان دان، نەک بە تەنیا بە کابرا خۆی، بەڵکو بە دایک و خوشک و هاوسەری بەرامبەرەکەی.

بە گشتی، هەمو هەجوەکانی شێخ رەزا بۆ نەیارەکانی پێوەندییان بە ناوگەڵی خۆی و بەروپشتی ناوگەڵی نەیارەکانیەوە هەیە. کە ویستویەتی کەسێ یا کەسایەتییەک بشکێنێ، باسی ناوگەڵی کردوە، توخنی لایەنی تری ژیانی کابرا نەکەوتوە. هەجوی دەیان کەسی کردوە کە کاری کارگێڕییان هەبوە. ئەمە بەشێکە لە لیستێکی درێژی ناوی ئەوانەی هەجوی کردون:

## هەجوی زەق

**مودیری قزڵجە:**

**لە تەرەف کێرەوە بەریدی سەبا**

**بۆ مدیری قزڵجە نامە دەبا**

**.....**

**سەد تڕت دا بە کودەکی لە گونم**

**ئەی تڕت رەعد و وەی تست رەشەبا**

**.....**

**گەر بە کێری قزڵجە تێر ناخۆی**

**وەرە شێخ رەزا بە رەشتا با** (شێخ رەزا، خاڵ، ل 35)

**مەستی فەندی:**

**دەستێکی هەیە مەستیە فەندی لە کەرەم دا**

**میوانی ئەزیزی هەیە دایم لە حەرەم دا**

**ئەلحەق ژنەکەی موشفیقە دەرهەق بە غەریبان**

**سەد گانی بە رۆم داوە، هەزاری بە عەجەم دا**

**هێند کێری هەتیوان بە کوزیا چوە، دایکی**

**دەستێکی شکا بو بە مناڵی لە شەکەم دا** (شێخ رەزا، خاڵ، ل 36)

لە شیعرێکی تریدا ئەڵێ:

**لێرە گایان ژنەکەی مەستی ئەفەندی بە سەرە**

**ئێستە بۆ بەسرە دەچێ بعد خراب البصرة**

**هێندە گەوادە، گەر ئەولادی لەبەر چاوی بگێی**

**ریشی رادەگرێ کە ها کێر و گونی پێ بسرە** (شێخ رەزا، خاڵ، ل 95)

**قازیی کۆیە:**

**شێخ رەزا بێت و لەسەر تۆ هەجوی قازیی کۆی بکا**

**سەیری کە چی بکا، دۆم بێ و کلاش بۆ خۆی بکا**

**چونکە غەدری کرد لە لامیع، شەرت بێ قازی وا بگێم**

**هەر گەن و گویێ لە زگیایە، بە جارێ رۆی بکا** (شێخ رەزا، خاڵ، ل 38)

**مەلا مەعروفی بیدایەت** (مەعروف ئەفەندی باشکاتبی بیدایەتی هەولێر):

**.....**

**مەعروف کە حیزی وەک ئەو نەبو لە نەسلی ئادەم**

**ئازاری مەقعەدی بو، بۆم راکێشا لەسەر دەم**

**مردم ئەوەندە سوار بم، خۆم کوشت ئەوەندە پیادەم** (شێخ رەزا، خاڵ، ل 45)

**مدیری تەحریرات:**

**گیزەر دوائیر ئەقلامی ئەرقەسیندە دەوات**

**مەداری ئەهلی قەلەمدر مودیری تەحریرات**

**نەگوفتە مەن حەزەر کون زوتیغی ناتقە ئەم**

**فـــــأن نـــاطـــــقـــتي آفـــــة مـــن الآفـــــات**

**لەبەر عەباکە جەبم کردی، ئەی فەقیری خودا**

**ئەوە عەباکەتە، کێرم بە قنگی خۆت و ئەبات** (شێخ رەزا، خاڵ، ل 46)

عەبدولڕەحمان بەگی قائیمقام:

**گو بە ریشی تەنکی عەبدولڕەحمان بەگی قائیمقام**

**ئەو کە بەینێک بێ زیان بو ، بازیان مەغروری کرد**

**تاڵەبانی بو کە سفرە و نان و خوانێکی هەبو**

**دای بەسەریا ، هەروەکو خەپلەی قنگی خاپوری کرد** (شێخ رەزا، خاڵ، ل 52)

ماڵ مودیری:

**ماڵ مودیری کە خەڵکی هەولێرە**

**هەروەکو موی خایە، بێ خێرە**

**سورەت و سیرەتی لە پیاو ناچێ**

**ئەو قوڕمساغە مێیە یا نێرە**

**من بە مەخفی کە چوم و تێی فکریم**

**بەزمی غەوغایە مەقعەدی کێرە** (شێخ رەزا، خاڵ، ل 90)

ڕەنگە لەناو ئەمانەدا کەسانێکی تێدابو بێ، وەکو هەمو کارمەندەکانی تری دەوڵەتی عوسمانی، بەرتیلخۆر، دز، یا ستەمکار و بەدرەفتار بوبن، کەچی هیچکام لەو رەوشتە خراپانەی نەکردۆتە بابەتی هەجوەکەی، تەنیا باسی ناوگەڵی کردون، کە رەنگە بەشێکی بوختان هەڵبەستن بو بێ.

شێخ رەزا، بە هەمان شێوە، هەجوی هەندێ کەسایەتی ئافرەتیشی کردوە، لەوانە:

**گازێ:** یەکێ بوە لە خانمە ناسراوەکانی سلێمانی و یەکێ لە حەمامەکانی سلێمانی ئەو دروستی کردوە.

**کوزی گازێ ئەگەزێ کێر وەکو گاز**

**بەری عەرسەی پانە، وەک دەشتی حیجاز**

**قیتکەیەکی هەیە وەک کێوی دەماوەند ئەعلا**

**پڕ لە هێلانە کەو و قشقەڕە و کۆتر و باز** (شێخ رەزا، خاڵ، ل 65)

**پیرۆزی حەسەن کەنۆش:**

پیرۆز خانمێکی ناسراوی خێڵی دەلۆ و وەکو باوکی شاعیر بوە.

**حەسەن کەنۆشەن، حەسەن کەنۆشەن**

**ئینە کناچەی حەسەن کەنۆشە**

**کەلەش شلەقیاو، ناوگەڵەش بۆشەن**

**کونای قیرینەش دایم وەجۆشەن**

**کورکەش دێوانەی کەڵپوش نەدۆشەن**

**بەلۆکەش، لۆلۆن، چون گەدەی مێشەن**

**هەر لۆیە جەوێش چل کێر نەتۆشەن**

**وێنەی هەر وەفاڵ، هەر وەخرۆشەن**

**پەی کێر قەوی خەیلێ پەرۆشەن**

**بۆس و کەنار و خەڵوەتەش خۆشەن** (شێخ ڕەزا، خاڵ، ل 130)

شێخ ڕەزا هەجوەکانی لە یەک قاڵبدا نەهۆنیونەتەوە، بەڵکو قاڵبی جۆراوجۆری بۆ هەر بۆنەیەک بەکار هێناوە، لەوانە: فەرد، چوارینە، غەزەل، قەسیدە، هەندێ جار پێنجخشتەکی. هەروەها بە جۆری جیاواز دەری بڕیوە: بە ئاشکرا، یان بە جۆری توێکڵدار، یان هەجو لە ناو مەدحدا.

هەجوەکانی شێخ ڕەزا، ئەگەر لە هەر وڵاتێکدا بوایە کە قانونی تێدا بوایە، توشی لێپرسینەوەی قانونی و سزادانیان ئە کرد.

## هەجوی توێکڵدار

ئەمەی خوارەوە جۆری توێکڵدارە، یاری بە وشە کردوە بە جۆرێ کە بە دو جۆر لێکدانەوە بۆ وشەکە بکرێ:

**نمونەی 1:**

**تۆ کە خۆت مەیلی جنێوبازی دەکەی، شێخ ساڵح!**

**بۆ دەکەی سەرزەنشتی من کە ڕەزا هەجاوە**

**غایەتی بەندە، جنێوم بە دوسێ کەس دابێ**

**تۆ هەتا ئێستا بە قوربان بە هەزارت داوە** (شێخ رەزا، خاڵ، ل 96)

**نمونەی 2:**

**گەرچی فەقیر و موفلیسە، مامە شێخ ساڵحم**

**نـەمدی کـەسێ وەکو ئـەو سـاحێب کـەرەم**

**میوانی بـوم، نـان و کـەرەی نایە بەردەمم**

**ئێستاش بەبێ موداهەنە مەمنونی ئەو کەرەم** (شێخ رەزا، خاڵ، ل 73)

**نمونەی 3:**

**مـاڵی موفتی لـەم بەرە، مەعلومە قازیش لەو بەرە**

**من فـەقیرم، کـێ دەزانـێ لـەم بـەرم یـا لـەو بەرم؟** (شێخ رەزا، خاڵ، ل 152)

**نمونە 4:**

**بۆ کەرێ ئیعلانی حەربی کرد لەگەڵمان، شێخ حەسەن**

**ســـەیری کــەن یــاران، چ گۆبـەندێکی گێڕا ئـەم کـــەرە!**

(شێخ رەزا، خاڵ، ل 102)

## لە نێوان شێخ رەزا و شوکری فەزڵیدا

شێخ رەزا لە دواساڵەکانی تەمەنیدا، بە چوارینەیەک باسی "پیربونی" خۆی کردوە، ئەڵێ:

**شێخ رەزا پیر بوە، روی مەجلیسی یارانی نیە**

**تـاقەتی کەشمەکەش و گـەردشی شـارانی نیە**

**دەس بە گۆچان ئەگەڕێ، لەبەر زیعفی وجود**

**مەترەقە سەرزلـەکەی قوەتی جارانی نیە** (شێخ رەزا، خاڵ، ل 97)

پێ ناچێ شێخ ئەم قسەیەی خۆی بردبێتە سەر. هەر لەو ساڵانەدا "کەشمەکەش"ێکی گەورەی ناوەتەوە و "مەترەقە سەرزلەکەی" خۆی لە جاران بەهێزتر خستۆتەوە کار.

لە فەردێکدا بەم جۆرە هێرشی کردۆتە سەر شوکری فەزڵی (1882-1926 ز) و جەمیل سدقی زەهاوی (1863 -1936 ز)، ئەڵێ:

**پێم ئەڵێن: ئەم دو ژنەت بۆچیە، ئەی شێخ ڕەزا**

**شوکری بۆ تەسک و تروسکی، جەمیلە بۆ سک و زا**

(شێخ ڕەزا، خاڵ، ل 126)

زەهاوی بە عەرەبی وەڵامێکی کورتی داوەتەوە، ئیتر نە چۆتە بازاڕی شەڕەشیعرەوە لەگەڵی. ڕەنگە یەکێ لە هۆکارەکانی ئەوە بو بێ، زمانی کوردی باش نەزانی بێ، بەوە کۆتایی هاتوە، یا ئێمە لەوە زیاترمان پێ نەگەیشتوە. بەڵام شێخ ڕەزا زۆرترین شیعری هەجوی لە هەمو ژیانی خۆیدا دژی شوکری فەزڵی هۆنیوەتەوە. "فەزڵی"ش بە هەمان کێش و قافیەی شیعرەکانی شێخ ڕەزا وەڵامی داوەتەوە.

شوکری فەزڵی هاوتەمەنی شێخ ڕەزا نە بوە، جیاوازی تەمەنیان هەبوە. شێخ ڕەزا لە (1837 ز) و فەزڵی لە (1882 ز)دا لە دایک بوە. شێخ ڕەزا 45 ساڵ لە فەزڵی بەتەمەنتر بوە. کات و شوێنی شیعرەکان نە نوسراون و تا ئیستەش بەڵگەیەک لە بەردەستدا نیە هۆی ڕاستەقینەی ئەو شەڕەجنێوەی نێوان ئەم دو کەسە ڕون بکاتەوە. باسکردنی ئەو بابەتە ئەچێتە خانەی شیکردنەوەوە.

پێ ئەچێ شیعرەکانی شێخ ڕەزا هی دواساڵەکانی تەمەنی بێ. چونکە شوکری فەزڵی لە یەکەم دەیەی سەدەی بیستەمدا لە بەغداد وەکو نوسەر و ڕۆژنامەوان دەر کەوتوە. فەزڵی ڕۆشنبیرێکی ئازادیخوازی دژی ستەمکاریی داوودەزگاکانی عوسمانی بوە. بە نوسینەکانی لە ڕۆژنامەکانی بەغدادا بە زمانی تورکی و عەرەبی پشتیوانی لە چاکسازیی سیاسی و کۆمەڵایەتی و پشتیوانیی لە بزوتنەوەی مەشروتە (1908 ز) و لە دیاریکردنی دەسەڵاتەکانی سوڵتانی عوسمانی کردوە.

بڵاوکردنەوەی "قانونی ئەساسی: دەستور" و هەڵبژاردن بۆ ئەنجومەنی "مەبعوسان" و دامەزراندنی ڕێکخراوی ڕۆشنبیری و حیزبی سیاسی و ئازادی ڕۆژنامەوانی، کۆمەڵگای بەغدادی کردۆتە دو بەش: هەندێکیان پشتیوان و هەندێکیان دوژمنی بون. ئەوانەی دوژمنی بون، پێیان وابوە ئەوە دەرچونە لە شەریعەتی ئیسلام و هەنگاونانە بەرەو بێ دینی. شێخ ڕەزا لە دوژمنەکان و شوکری فەزڵی لە پشتیوانە دەرکەوتوەکان بوە.

شێخ ڕەزا، وەکو یەکێ لە سودمەندانی سیستەمی سەڵتەنەتی عوسمانی و کەسێکی موچەخۆری دەوڵەت، هەر لە سەرەتای لاوێتیەوە کە چوە بۆ ئەستەموڵ، ویستویەتی خۆی لە دەسەڵاتدارانی سیستەمەکە: سوڵتان، سەدری ئەعزەم، وەزیرەکان، پاشاکانی تورک، نزیک بکاتەوە. بۆ ئەو مەبەستە بەشی تورکی و فارسی دیوانەکەی پڕە لەم جۆرە شیعرانە:

**نمونەی 1:**

لە قەسیدەیەکی فارسیدا کە بۆ مەدحی سوڵتان عەبدولعەزیزی هۆنیوەتەوە، بە سێبەری یەزدانی داناوە:

**فخر دول، ملاذ ملل، مایهٔ امل**

**ظل خدا، امام هدی، سایهٔ الاه** (شێخ رەزا، عەلی، ل 186)

**نمونەی 2:**

لە قەسیدەیەکی تردا بە زمانی تورکی کە بۆ مەدحی سوڵتان عەبدولحەمیدی داناوە، دیسان ئەمیشی بە سێبەری یەزدان داناوە:

**وکیل فـخر عـــالــم، زبدهٔ ذریــت آدم**

**امیرالمؤمنین، ظل خدا، محبوب یزداندر** (شێخ رەزا، خاڵ، ل 236)

**نمونەی 3:**

سەدری ئەعزەم لە ئەستەموڵ زو زو گۆڕاون، لە مەدحی زوربەیاندا قەسیدەی داناوە. زۆری بابەتەکانیشی هەڵنانی نادروست و ستایشی چاپلوسانە بون. مەبەستی خۆنزیکخستنەوە بوە لە دەسەڵات بۆ ئەوەی دەسکەوتێکی تایبەتی بەدەس بهێنێ.

**نمونەی 4:**

کە مەشروتیە و "قانونی ئەساسی: دەستور"ی عوسمانی راگەیەنراوە (1908 ز) شێخ رەزا دژی وەستاوە.

لە شیعرێکیدا سەبارەت بە دۆخی سەردەمی مەشروتیە بە تورکی، ئەڵێ:

**دیـانت مضمحل، دولـت بوزق، ملت پریشاندر**

**سبب تحقیر دین، تأسیس قانون، ترک قرآندر** (شێخ رەزا، خاڵ، ل 290)

واتە: دیانەت نەماوە، دەوڵەت تێک چوە، میلەت پەرێشانە، هۆکارەکەشی ئەگەڕێتەوە بۆ سوکایەتی بە دین و دانانی قانون و تەرکی قورئان.

هەرکەس دیوانەکەی بخوێنێتەوە، ئەزانێ شێخ رەزا پابەندی هیچ بنەمایەکی رەوشت و خوی ئیسلام نە بوە. بەڵام بە بیانوی دینی ئیسلام و قورئانەوە، دژایەتی مەشروتەی کردوە، چونکە مەشروتە زەرەری مادی و مەعنەوی لەم توێژە کۆمەڵایەتی‌یە داوە.

لە چوارینەیەکی تری تورکیدا کە دژی "قانونی ئەساسی" دایناوە، ئەڵێ:

**بیچارە عــدالت کە ییقیامشدی بناسی**

**بــردن اچنە سیچدی بو قــانون اســاسی**

**قــانـون الـهی وار ایکن، یــعنی شــریعت**

**قانون هذياندر، چە سياسى، چە اساسى** (شێخ رەزا، خاڵ، ل 285)

ئێمە قانونی ئیلاهیمان هەیە کە شەریعەتە، قانونانەکانی تر وڕێنەن، چ سیاسی بن یا ئەساسی.

کورد لەو گۆڕانە سیاسی‌یە گەورەیەدا سودمەند بوە. بۆ یەکەم جار کوردانی نیشتەجێی ئەستەموڵ توانیویانە ڕێکخراوی سیاسی، فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی دابمەزرێنن و بۆ یەکەمین جار توانیویانە ڕۆژنامەی کوردی - تورکی بە ناوی "کورد تەعاون و تەرەقی غەزەتەسی- 1909 ز" دەربکەن و چەند کوردێک لە "مەجلیسی مەبعوسان"دا ببن بە ئەندام.

بە پێچەوانەی شێخ رەزاوە، شوکری فەزڵی یەکێ بوە لە ئازادیخوازە چالاک و نوسەرە ناسراوەکانی بەغداد. لەسەر ئەوە چەندین جار توشی گرتن و راونان بوە. ڕەنگە هەجوەکانی شێخ ڕەزا و شوکری فەزڵی، کە دو کوردی دانیشتوی بەغداد بون، لە چوارچێوەی ئەو جیاوازیەدا بوبن.

## سەرنجێکی پێویست

تا ئیستا چەند جارێ دیوانی شێخ رەزا، لە لایەن چەند کەسەوە، چاپ و بڵاوکراونەتەوە، بەڵام لەبەرئەوەی دەسخەتی تایبەتی خۆی لە بەردەستدا نەبون، لە گوێزانەوەی شیعرەکاندا لەم دەفتەرەوە بۆ ئەو دەفتەر، ڕەنگە هەندێ دەستکاری کرابێ و هەندێکی بۆ زیاد و هەندێکی لێ کەم کرابێ، تەنانەت هەندێ فەردی درابێتە پاڵ.

**بۆ نوسینی ئەم بابەتە، پشت بەستراوە بەم سەرچاوانە:**

- دیوانی شێخ رەزای تاڵەبانی، کۆکردنەوە و ساغکردنەوەی شێخ محەمەدی خاڵ و ئومێد ئاشنا، بڵاوکراوەی ئاراس، ژ223، چ1، هەولێر 2003.

- دیوانی شێخ رەزای تاڵەبانی ئامادەکردن و رێکخستنەوەی چالاک تاڵەبانی، چ1، سلێمانی، 1999.

- دیوانی شێخ رەزا، کۆکردنەوە و چاپکردنی علی الطالباني، بەغا، 1946.

- دیوانی حاجی قادری کۆیی، لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی سەردار حەمید میران و کەریم مستەفا شارەزا، لەسەر نوسینێکی نوێ بە پێی بۆچونەکانی موحەمەدی مەلا کەریم، بە پێنوسی سەعید کەرەمی.

ئەو ژمارانەی لە سوچی چەپی دواین بەیتەکاندا نوسراون، ئاماژەن بۆ ژمارەی لاپەڕەی ئەو سەرچاوانەی لەم لێکۆڵینەوەیەدا بەکار هاتون.

# وەفایی و کتێبی "تحفة المریدین"



(1844–1902 ز)

**وەفایی لەناو شاعیرانی نەوەی دوەمی قوتابخانەی شیعریی باباندا، یەکێکە لە سێ پێشەنگە رچەشکێنەکەی داهێنانی شیعری کوردی لەسەر شێوەی قوتابخانەی شیعریی بابان لە کوردستانی قاجاریدا.**

## ڕێچەڵەکی

وەفایی ساڵی 1844 ز (چەند ساڵێ پێشتر یا پاشتر) لە خێزانێکی سابڵاخی لە دایک بوە. لە ساڵی 1902 ز دا، لە دوا سەفەری حەجیا، لە ڕێگەی گەڕانەوە لە بیابانی سعودیە مردوە و هاوڕێکانی لەوێ ناشتویانە. ناوی عەبدوڕەحیمە، کوڕی مەلا غەفوری کوڕی مەلا نەسروڵایە. بەم پێیە، وەفایی لە بنەماڵەیەکی شاریی خوێندەوار بوە. باوکی زیاتر لە سەد ساڵ ژیاوە.

## پیشەی

هەر لە مناڵیەوە خراوەتە بەر خوێندن. پێ ناچێ بە فەقێیەتی زۆر گەڕا بێ و پلەکانی خوێندنی مەلایەتی تەواو کرد بێ و ئیجازەی مەلایەتی وەرگرت بێ. بە میرزا عەبدوڕەحیم ناوی دەرکردوە، نەک بە مەلا عەبدوڕەحیم. مەلایەتی مزگەوتی نە کردوە. بەڵکو لە سابڵاخ (مەهاباد) حوجرەی داناوە. حوجرە قوتابخانەیەکی تایبەتی بوە، مناڵی تێدا فێری خوێندن و نوسینی فارسی کراوە. وەفایی ئەوەی کردۆتە پیشە. وەفایی زمانی فارسی بە چاکی زانیوە. بەشێکی شیعرەکانی بە فارسی داناوە. خاوەنی خەتێکی خۆش بوە. حاجی قادری کۆیی (1824-1897 ز) لە باسی شاعیرەکانی کوردستاندا، بەیتێکی بۆ هەڵسەنگاندنی وەفایی تەرخان کردوە: هەم لە شیعردا ستایشی ئەکا، هەم لە خەتخۆشیدا، ئەڵێ:

**وەک "وەفایی" کەمە لە شوعەرایی**

**خەتی وەک بەیتی چاک و ئەسپایی** (حاجی قادر، ل 218)

وەفایی یەکێکە لەو سێ شاعیرە رچەشکێنەی موکریان: وەفایی (1844-1902 ز)، حەریق (1856-1909 ز)، ئەدەب (1859-1916 ز)، کە قوتابخانەی شیعریی بابانیان بردۆتە کوردستانی قاجاری.

وەفایی دیوانێکی شیعریی دەوڵەمەندی بە کوردی و بە فارسی، لە دوای خۆی بەجێ هێشتوە. هەندێ لە شیعرەکانی کراونەتە گۆرانی. لەم ساڵانەی دوایی‌شدا کتێبێ بە زمانی فارسی بە ناوی "تحفة المریدین"ەوە دۆزراوەتەوە، کە گومانی بەهێزی بڵاوکەرەوەکانی وایە، ئەبێ وەفایی نوسیبێتی. جیاوازیی بابەتەکانی ناو ئەم دو کتێبە: دیوانەکەی و توحفە، کە بە ناوی بیرەوەریەکانی وەفایی‌یەوە چاپ و بڵاوکراوەتەوە و بەراوردکردنی ناوەڕۆکی ئەم دو کتێبە لەگەڵ یەک، چیرۆکی: "میستەر هاید و دکتۆر جیکل" بە بیر ئەهێننەوە.

ئەشێ ئەم دو کتێبە یەک کەس نوسیبنی، بەڵام خاوەنی دو کەسایەتی جیاواز بو بێ:

لە دیوانەکەیدا کەسایەتی‌یەکی عاشقی "گوڵەندام"، کەسایەتی مرۆڤێکی دڵدار، شیعری "شیرین تەشی دەڕێسێ" و شیعر دائەنێ، بە گۆرانی، لە کۆڕی مەینۆشاندا بوترێن.

لە توحفەدا کەسایەتی‌یەکی غەیبی، کە لەگەڵ کەرامات و خەواریقی شێخ و لەگەڵ جنۆکە و شەیتان رەفتار ئەکا.

## وەفایی و شێخ عوبەیدوڵای شەمزینی (نەهری)

بە پێی "تحفة المریدین"، وەفایی خۆی وا دا ئەنێ کە لە کەسە هەرە نزیکەکانی شێخ عوبەیدوڵای شەمزینی بوە: ئەوەندە نزیکی بوە ".. لەسەر دالانی دەروازەڕێی حەرەمی ئەو زاتەدا.."، "حوجرەیەکیان بۆ -ئەو- دیاری کردوە. شەو و رۆژ لەوێ ماوەتەوە و خەریکی ئەنجامدانی ئەرکەکانی خۆی و کاری نوسین بوە. هەر لەوێش دەرسی فارسی و خەت و نوسینی فێری دو لە شێخزادەکان کردوە: شێخ محەمەد سدیق و شێخ عەبدولقادر. (تحفة المریدین، ل 40)

گوایە، "ماوەی چواردە ساڵ خزمەتکاری ئەو دەروازەیە بوە." (تحفة المریدین، ل 46-53) وەفایی لەلای شێخ ئەرکێکی هەستیار و گرنگی پێ سپێردراوە، ئەویش نوسینی نامەکانی شێخ بوە بۆ کەسان و کەسایەتی جۆراوجۆر و وەڵامدانەوەی نامەکانی و مۆرکردنیان بە ناوی شێخەوە، ئەم ئەنجامی داون. وەکو خۆی ئەڵێ: "هەمیشە کیسە و مۆری موبارەکی ئەو زاتە" لەلای ئەو بوە، مەگەر "هەندێ جار بۆ مۆرکردنی نامەی نهێنی"، کە "بە خەتی موبارەکی خۆی دەینوسین"، کیسە و مۆرەکەی لێ وەرگرتبێ و دوای ئەوە داوێتیەوە. (تحفة المریدین، ل 123)

وەفایی دوجار خێزانەکەی بردوە بۆ نەهری، لە نزیک خۆی بن. "بەڵام بەو هۆیەوە کە سروشتی شاری، لەگەڵ داب و نەریتی خێڵایەتی جیاوازە، بۆیە ماڵ و خێزانەکەی"، "حەزیان بەو غوربەتە نە کردوە و زۆری پێ نەچوە بۆ وڵاتی پێ راهاتوی خۆیان گەڕاونەوە" و "ئەو بە تەنیا ماوەتەوە". ( تحفة المریدین، ل 41 و 157)

ئەگەر ئەم قسانەی وەفایی وەکو خۆی وەر بگیرێن، ئەوا وەفایی تەنیا ئەو کاتانە لە نزیکی شێخ عوبەیدوڵا بوە کە هەلومەرجی ژیان لە خانەقای نەهری ئاسایی بوە و دور بوە لە ئاڵۆزی و تەنگوچەڵەمە. لە

ژیانی شێخ عوبەیدوڵادا چەند روداوێکی گرنگ و گەورە رویان داوە، وەفایی لە هیچیاندا لەگەڵی نە بوە. وەفایی هەموجار لە کتێبەکەیدا بە بیانویەکی لاواز، پاساوی بۆ ئامادە نەبونی هێناوەتەوە.

**یەکەم:**

شێخ خۆی و گروپێکی گەورە لە خەلیفە و مورید و دەستوپێوەندەکانی لە نەهریەوە بەڕێ کەوتون بۆ بەغداد، بە ناوی زیارەتی ئارامگای شێخ عەبدولقادری گەیلانی‌یەوە، کە باپیرەگەورەی بنەماڵەکەی بوە. شێخ چەند رۆژ لە موسڵ و لە بەغداد ماوەتەوە. لەم مانەوەیەدا، بە دەیان پیاوی گەورەی دینی و حکومەتی و خەڵکی ئاسایی بینیوە. (تحفة المريدين. ل 68)

لەم سەفەرەدا وەفایی هاوسەفەری شێخ نە بوە.

**دوەم:**

شێخ خۆی و گروپێکی گەورەی خەلیفە و مورید و خەڵکی تر لە نەهریەوە بەڕێ کەوتوە بۆ ئەستەموڵ و لەوێوە بەرەو حیجاز، بۆ ئەنجامدانی فەریزەی حەج. (تحفة المريدين. ل 63)

لەم سەفەرەدا وەفایی هاوسەفەری شێخ نە بوە.

**سێیەم:**

شێخ، بە سەرکردایەتی هەزاران کوردی سەرانسەری کوردستان، چوە بۆ بەشداری لە جەنگی روسی - عوسمانی (1877-1878 ز)، کە وەفایی بە "جیهادی بایەزید" ناوی ئەبا.

لەم سەفەرەدا وەفایی هاوسەفەری شێخ نە بوە.

وەفایی بیانویەکی هێناوەتەوە بۆ ئەم دواکەوتنە، ئەڵێ: "ئەو دەمەش کە ئەو زاتە بۆ غەزای بایەزید چو، بچوکتان لەبەر هەر هۆیەک لە هۆیەکان و رێکەوتەکانی ئەم جیهانە پیسەوە، لە خزمەتی ئەو زاتە دور بوم و لە نیشتمان مابومەوە." (تحفة المريدين. ل 187)

**چوارەم:**

شێخ سەرکردایەتی شۆڕشی کوردی کردوە (1880 ز). بەر لە شۆڕشەکە نامەی بۆ کاربەدەستانی ئێران و بۆ دەیان گەورەپیاوی کورد نوسیوە و بە سەدان کەس لە گەورەپیاوانی کوردی بانگ کردوە بۆ بارەگاکەی لە نەهری و کۆبونەوەی لەگەڵ کردون. نامە و پەیامی بۆ بێگانەکانی ورمێ نوسیوە. هەروەها نامە و پەیامی بۆ دیپلۆمات و نوێنەرانی روسیا و ئینگلیز و ئەمەریکا ناردوە. دەیان دۆکۆمێنتی گرنگ کە لە ئارشیفی ئەو دەوڵەتانەدا هەڵگیراون، ئیستا لە بەردەس دان. شۆڕشەکە ئەوەندە فراوان بوە هەمو موکریانی گرتۆتەوە، لەوانە سابلاخ، شوێنی ژیانی وەفایی. شێخ خۆی سەرکردایەتی قۆڵی ورمێی کردوە، لە ماوەی چەند حەفتەیەک دا شکستی خواردوە. شێخ کشاوەتەوە نەهری.

لەم سەفەرەدا وەفایی هاوسەفەری شێخ نە بوە.

**پێنجەم:**

دوای شکانی شۆڕشەکە شێخ، بانگ کراوە بۆ ئەستەموڵ (1881 ز). شێخ چۆتە ئەستەموڵ، بە دەسبەسەری لەوێ دانراوە. ماوەی چەند مانگێک گل دراوەتەوە. شێخ بە نهێنی ئەستەموڵی بە جێهێشتوە، گەڕاوەتەوە ناوچیا.

لەم سەفەرەدا وەفایی هاوسەفەری شێخ نە بوە.

**شەشەم:**

هێزی تورک چونەتە سەر شێخ. شێخ لە ناوچیا گیراوە. بە زۆر، بە دەسبەسەری راپێچی موسڵ کراوە. خۆی و خێزانەکەی و گەلێ لە هاوکارەکانی، لەوێوە دورخراونەتەوە بۆ حیجاز (1881 ز).

لەم سەفەرەدا وەفایی هاوسەفەری شێخ نە بوە.

وەفایی بە بیانویەکی لاواز ویستویەتی خۆی لەم دواکەوتنە بپەڕێنێتەوە، نوسیوێتی: "دیسان لەم سەفەرەدا بچوکتان بە پێی چارەنوس (کە بە رای منی هەژار ناگۆڕدرێ) و بۆ کلۆڵیم، لە بەرەکەتی هاوڕێیەتی، دور و بێ بەش بوم و لە وڵات بوم..." (تحفة المريدين. ل 74)

## وەفایی و تەریقەت

لە دوای کۆتایی هاتنی میرایەتی‌یە کوردی‌یەکان و هاتنی دەسەڵاتی رۆم بۆ کوردستان، بۆشایی دەسەڵات دروست بوە. بەشێکی گرنگی ئەو بۆشایی‌یە دامەزراوەی تەریقەت پڕی کردۆتەوە. لە کوردستان دو تەریقەتی قادری و نەقشی، بە دەیان خانەقا و تەکیەیان دامەزراندوە و دەیان شێخ خەریکی ئیرشاد بون و بە سەدان "خەلیفە"یان بەناو کوردستاندا بڵاوکردۆتەوە و بە هەزاران کەس بون بە مورید و مەنسوبیان.

وەفایی ویستویەتی خۆی بهاوێژێتە پەنای یەکێ لە شێخە دەسەڵاتدارەکانی تەریقەت. لە سەرەتادا روی کردۆتە خانەقای شێخانی هەورامان، کە لەو سەردەمە دا یەکێ لە گرنگترینی ناوەندەکانی بڵاوکردنەوەی تەریقەتی نەقشبەندی بوە. تەریقەتی لە شێخ عوسمانی سیڕاجەدین (1781-1866 ز) وەرگرتوە. شێخ عوسمان خەلیفەی مەولانا خالید (1193-1242 ک: 1779-1826 ز) بوە، بەڵام وەفایی لەوێ نەماوەتەوە. پاش ماوەیەک روی کردۆتە خانەقای شێخانی نەهری. هەردو خانەقا بارەگای شێخانی تەریقەتی نەقشبەندی بون. پیری تەریقەت لە خانەقای بیارە شێخ عوسمان بوە، کە راستەوخۆ تەریقەتی لە مەولانا خالید وەرگرتوە. پیری تەریقەت لە نەهری شێخ عوبەیدوڵا بوە. شێخ عوبەیدوڵا پۆستنشینی تەریقەتی، لە مامی، شێخ محەمەد ساڵح (؟ - 1865 ز) بۆ بەجێ ماوە و ئەویش لە سەید تەهای وەرگرتوە. سەید تەها (؟-1853 ز) تەریقەتی لە مەولانا خالید وەرگرتوە.

توانای دارایی خانەقای بیارە زۆر لە خوار توانای دارایی خانەقای نەهری بوە و گوزەران لەو خانەقایەدا هێشتا گوزەرانێکی "سۆفیانە" بوە و ژیانی پیری تەریقەت و خەلیفەکانی و کارمەندانی خانەقا ژیانێکی هەژارانە بوە. رەنگە هەمو کەس بەو ژیانە رازی نە بوبێ.

## خەونەکانی وەفایی

وەفایی لە "توحفە"دا چەند خەونێکی خۆی ئە گێڕێتەوە. خەونەکانی جۆراوجۆرن و لە کات و شوێنی جیاوازدا بینیونی. بەڵام هەر یەکەیان سوچێکی ژیانی تایبەتی، هەندێ لە بیروباوەڕی، هەندێ لە رەفتاری کۆمەڵایەتی، هەندێ لایەنی سایکۆلۆجی، کەسایەتی مرۆڤانەی وەفایی رون ئە کەنەوە.

### وەفایی و خەونی بڕینی پێوەندی لەگەڵ شێخ عوسمان و خانەقای بیارە

وەفایی خەونێکی خۆی ئە گێڕێتەوە و ئەی کا بە بیانو بۆ بڕینی پێوەندی لەگەڵ شێخ عوسمان و خانەقای بیارە و گۆڕینی دڵسۆزی لەو پیر و خانەقایەوە بۆ پیر و خانەقایەکی تر.

وەکو وەفایی خۆی ئەی گێڕێتەوە، لە ساڵی یەکەمی خزمەتیدا لە خانەقای نەهری، کە لەگەڵ دو شێخزادە لە ژورێکی ناو داڵانی ماڵەکەی شێخ دا پێکەوە نیشتەجێ بون. وەفایی دەرسی فێربونی زمانی فارسی پێ وتون. شەوێکی رەمەزان لە وەرزی زستاندا، بۆ پارشێو هەستاون، خواردن ئەوەی هەبوە خواردویانە و نیەتیان هێناوە رۆژی دوایی بەرۆژو بن. دو هاودەمەکەی رۆیشتون بۆ خانەقا و وەفایی بە تەنیا ماوەتەوە، لەشی خاو و خەواڵو بوە، پاڵی داوەتەوە و خەوی لێ کەوتوە. لە خەویدا دو جنۆکە بۆی هاتون و پەلاماریان داوە و چەند جارێ گەوزاندویانە و هێناویانە و بردویانە و لە ئەرزیان داوە، خەریک بوە هەناسەی لێ ببڕن و بی کوژن. گەیشتۆتە تینی، بە دەنگی بەرز سێ جار هاواری کردوە: "یا شێخ عوسمان، یا شێخ عوسمان، یا شێخ عوسمان! فریام بکەوە." کەڵکی نە بوە. کەس بە دەنگ هاوارەکەیەوە نە هاتوە. جنۆکەکان زیاتر ئازاریان داوە. ئەمجارە هاواری کردوە: "یا سەید تەها! فریام بکەوە." ئیتر جنۆکەکان لە کۆڵی بونەتەوە. وەفایی غیرەتی داوەتە بەر خۆی، خۆی دەرباز بکا، هەڵێ، بەڵام ئەبینێ جنۆکەکان یەکێکیان لەم دەستەیدا بۆتە گورز و ئەوی تریشیان لەو دەستەی تریدا بۆتە سپەر. گورزەکە و سپەرەکەی ئەوەندە داوە بە یەکدا، هەتا خۆی شەکەت و ماندو بوە. چاوی گێڕاوە، شوێنێ بدۆزێتەوە فڕێیان بدا، کتوپڕ دەنگی شێخ بە گوێی هۆشی گەیشتوە، وتویەتی: "میرزا مەترسە! میرزا مەترسە! بێ با بڕۆین بۆ خانەقا." ئینجا وەفایی لە خەونەکەی بێدار بۆتەوە. هەڵستاوە و لە ژورەکەی چۆتەدەرێ. سەیری کردوە وا شێخ لە بەر دەرگای ژورەکەیدا وەستاوە. پێی ئەڵێ: "تۆ کە لێرەیت چ کارت داوە بە شێخ عوسمان؟" دوای ئەم خەونە وەفایی ئیتر بە گیان و بە دڵ خۆی بۆ خزمەتی شێخ عوبەیدوڵای شەمزینی و خانەقای نەهری تەرخان کردوە و بوە بە میرزا، واتە "کاتبی ئەسراری" شێخ. (تحفة المريدين. ل145-147) (چوارینەکانی 175و 176و 177 و 178)

## وەفایی و خەونی مەرگی شێخ عوبەیدوڵای نەهری

خەونێکی تری وەفایی، کە ئەشێ وەکو بەشێ لە "ئەزمونی شیعری"ی وەفایی خوێندنەوەی بۆ بکرێ و سەرچاوەی ئەفراندنی چەندین شیعری پڕ لە سۆزی ئەون، پێشبینی مردنی شێخ و بینینی زنجیرەیەک خەونی ترن بەدوای یەکدا کە هەمویان پێوەندییان بەو روداوەوە هەیە. وەفایی خۆی هەم لە دیوانەکەیدا، هەم لە بیرەوەریەکانیدا، بە کەمێ جیاوازییەوە باسی کردون.

ساڵی 1882 ز شێخ عوبەیدوڵا بە خاووخێزانەوە دورخراوەتەوە بۆ حیجاز. وەفایی لەگەڵی نە بوە، لە کوردستان ماوەتەوە. پاش ماوەیەک وەفایی تاسەی دوریی شێخی کردوە. قەسیدەیەکی درێژی بە فارسی هۆنیوەتەوە کە سەرەتاکەی بەم جۆرەیە:

**نمی دانم چرا ای دیده چندین خون فشان هستی**

**همـــانا داغـــدار هجر یـــار مهربـــان هستی**

(تحفة المریدین، ل 329)

لەم قەسیدەیەدا وەفایی لە ناخەوە هەستی خۆی بەرامبەر شێخ دەربڕیوە و دڵسۆزی و سەوداسەریی خۆی دوبارە کردۆتەوە. لەگەڵ کاروانی حاجیانی سابڵاخدا قەسیدەکەی بە دەستیی ناردوە بۆ شێخ. شێخ بۆ ئەنجامدانی فەریزەی حەج لە بارەگاکەی خۆیەوە لە تائیف بە خێزانەوە چوە بۆ عەرەفات. لەوێ خێوەتی هەڵ داوە. حاجییەکانی سابڵاخ لە عەرەفات قەسیدە– نامەکەی وەفاییان داوە بە شێخ. شێخ وتویەتی سبەی وەڵامی ئەدەمەوە. لەو ماوەیەدا "وەبا" بڵاوبۆتەوە. هەمان شەو شێخ توشی وەبا بوە و مردوە. دوای ئەو هاوسەرەکەی و کوڕێکی بە هەمان دەرد مردون. قەسیدە– نامەکەی وەفایی بێ وەڵام ماوەتەوە. (تحفة المریدین، ل 76)

**خەونی یەکەم:**

لە ڕۆژانی مردنی شێخ دا، وەکو وەفایی نوسیوێتی، ئاسۆ ماوەی پانزە ڕۆژ بە لای قیبلەدا سور هەڵگەڕاوە. کەس نەی زانیوە هۆکاری سورهەڵگەڕانی ئاسۆ، بەو جۆرە و لەو ماوەیەدا، چیە. تەمز ئاسۆی وڵاتیش بۆ بەشداری لە پرسەی شێخ دا سور هەڵگەڕاوە!

کەس نەی زانیوە شێخ مردوە. وەفایی لەو ماوەیەدا خەوی دیوە. لە خەویدا شێخ مردوە و لەناو تابوتێکدا دانراوە، چەند کەسێ لە نزیکەکانی بە دڵتەنگی لە دەوری کۆبونەتەوە. یەکێ لەوانە وەفایی خۆی بوە. وەفایی لە ژور سەری دەستی کردوە بە شیوەن و گریان. شێخ سەری لە تابوتەکە دەرهێناوە، وتویەتی: "ئاگام لێتە، جگە لە تۆ کەس بەو چەشنە بۆم ناگری" سەری ناوەتەوە ناو تابوتەکە. وەفایی لە دەنگی واوەیلا و گریانی خۆی بێدار بۆتەوە.

حاجییەکان کە گەڕاونەتەوە، هەواڵی کۆچی دوایی شێخیان بڵاوکردۆتەوە. ئەوەی وەفایی بە خەو دی بوی، بە ڕاستی هاتۆتە دی. ئیتر لەناو خەلیفە و مورید و لایەنگرەکانیدا بۆتە پرسە و شین و شەپۆڕ.

وەفایی بەو بۆنەیەوە قەسیدەیەکی درێژی بە زمانی کوردی هۆنیوەتەوە، کە سەرەتاکەی بەمجۆرەیە: (تحفة المريدين. ل 77)

**درێغا! بای خەزان دایە بەهاری شۆخ و رەعناکەم**

**لـە ئیزهاری عەمەل کـەوت ئافتابی عالـەم ئاراکەم** (ديوانی وەفايی. ل: 73)

**خەونی دوەم:**

وەفایی لەو کاتەدا نەی وێراوە قەسیدەکەی بە ئاشکرا بڵاوبکاتەوە، خۆی بە تەنیا لە چۆڵەوانیدا دانیشتوە خوێندویەتیەوە و بە دیاریەوە گریاوە. لەو ماوەیەدا دیسان خەوی دیوە، لە خەویدا شێخ بە پێوە لە ناوەڕاستی نزیکەی دوسەد کەس لە خەلیفەکانی و ئەهلی عەمامەدا راوەستاوە. شێخ وێنەیەکی قەسیدەکە لە "دەستی موبارەکی"دا بوە و ئەوانی تریش هەر یەکەی وێنەیەکی قەسیدەکەیان بەدەستەوە بوە، خوێندویانەتەوە. شێخ روی کردۆتە وەفایی، وتویەتی: "میرزا، تۆش نوسخەکەی خۆت دەربهێنە و بیخوێنەرەوە! مەیشارەوە!" وەفایی لە خەوەکەی بێداربۆتەوە و ئیتر بە ئاشکرا دەستی کردوە بە بڵاوکردنەوەی شیعرەکەی، کە گۆیا لە هەر کوێ خوێنرابێتەوە، هەرای ناوەتەوە. (تحفة المريدين. ل 76-78) (چ 66-71) لە هەندێ چوارینەدا، لاسایی خەیامی کردۆتەوە.

وەفایی لە دیوانەکەیدا لەگەڵ ئەم شیعرە لێدوانێکی بە فارسی نوسیوە:

"شەوێک پاش روتبونەوە لە پێوەندیەکانی لەش، بە راستی کە دیترا منی بەستەزمان (مەبەست لە وەفایی خۆیەتی) لە شاری تایف (طائف)م لە وڵاتی حیجاز، کە جەنابیان (مەبەستیان لە شێخ عوبەیدوڵای نەهریە) کۆچیان کرد بو بۆ ئەوێ و لەپاڵ جەنابی ئەواندام و ئەوان وەفاتیان کردوە و منی بەستەزمان خەریکی گریان و فوغانم، سەری موبارەکیان لە تابوتەکە بەرزکردەوە، فەرمویان ئاگاداری گریان و زاری ئێوەم. کە بێداربومەوە، ئەم قەسیدەی تەعزیەم تەواوکرد، بەڵام پڕکێشیم نەئەکرد دەری ببڕم. شەوی دوهەمی روداوەکە فەرمویان: بۆم بخوێنەوە! منیش بۆم خوێندەوە. فەرموی نیشانی خەڵکی بدە! منیش دەرم خست." (ديوانی وەفايی. ل 73)

وەفایی لەم قەسیدەیەدا، هەوڵی داوە هەرچی توانایەکی ئەدەبیی هەیە، لە هۆنینەوەی ئەم شیعرەدا بەختی بکا و هەوڵی داوە بە جوانترین رستە و دەستەواژە و وێنەی شاعیرانە بیڕازێنێتەوە. لە هەمان کاتدا هەوڵی داوە هەرچی شارەزاییەکی هەبوە، لە تیۆلۆجی ئیسلامی و رێبازی سۆفێتی دا، هەموی بڕژێنێتە ناو قاڵبی ئەم شیعرەوە.

ئەم شیعرە رەنگدانەوەی پێوەندیی رۆحیی وەفاییە لەگەڵ شێخ عوبەیدوڵا. پێوەندییەک ئەوەندە بەهێز بوە لە بەرچاوی ئەو دین و دنیا بوە و بێ ئەو ئامادە نەبوە تەنانەت بچێ بۆ بەهەشت، شێخ عوبەیدوڵایەک، کە لای ئەو، لە بەرزترین پلەی "کەمال" بوە.

هەر ئەم بارە سایکۆلۆجیەی وەفایی، وای لێ کردوە لە پێوەندی لەگەڵ ئەم روداوەدا، چەندین بەرهەمی تر بخوڵقێنێ.

**خەونی سێیەم:**

وەفایی لە توحفەدا نوسیوێتی: ساڵێک دوای مردنی شێخ، نامەی بۆ شێخ عەبدولقادر نوسیوە. شێخ عەبدولقادر لە جێگەی باوکی شێخی ئیرشاد بوە، لە هەمان کاتدا لە تائیف دورخراوە و دەسبەسەر بوە، داوای هەندێ شتی لێ کردوە. نامەکەی بە پەلە نوسیوە و بە دەستی حاجیدا رەوانەی کردوە. وەکو وەفایی خۆی ئەگێڕێتەوە، شەوێ شێخ هاتۆتە خەوی، "فەرموی: میرزا! فلانە باس و فلانە شت کە داوات کرد بو، نەدەبوایە بتنوسیبایە. ئەگەر دەکرێ یان خۆت، یان کەسێکی دیکە، بە سواریی بنێرە، ئەو باسوخواس و داواکارییە، لەناو نامەکەدا رەش بکەوە." بۆ رۆژی دوایی حاجییەکان دورکەوتونەوە. وەفایی نە خۆی پێیان راگەیشتوە، نە توانیوێتی کەسیان شوێن بخا. نامەکە وەکو خۆی رۆیشتوە. بەڵام لەوسەر کە وەڵامەکەی هاتۆتەوە، وەکو ئەوە بوە کە لە خەوەکەیدا داوای لێ کرابو. (تحفة المريدين، ل 166-167) (چ 200)

لە کۆتایی قەسیدەی گۆرین دا، بە فارسی چەند دێڕێ ئامۆژگاری نوسیوە، هەروەها بە هەندێ جیاوازییەوە ئاماژەی بەو خەوە و بەو نامەیە داوە. ئەمە وەرگێڕاوی دەقەکەیەتی بە کوردی:

"برایانی ئایینی بە قوربانتان بم، وەسیەت بێ لەبەر خوا ئەم ئەندازەیە فەرامۆش مەکەن. بە گوێرەی "انما المؤمنين اخوة" "موسوڵمانان و خاوەن باوەڕان هەمو بران" راگەیاندنیم بە پێویست زانی، ئامان هەزار ئامان! لەگەڵ پیری گەورەدا، کە قوتبی مەدارە، بەدگومانی مەکەن و دڵ خراپ مەکەن. ئەو کارە ژارێکی کوشندەیە و بە دڵ و بە گیان خۆشەویست و دڵسۆزی ئەو کەسە بن کە مایەی سەرفرازییە، لە کردار و "کەرامات"ی ئەو زاتە، ئەم کورتەیە شتێکی گران نیە و یەک لە هەزارە. دوای دانانی ئەم مەرسیەیە، لە کاتی چاشتەنگاودا، نامەیەکم بۆ جێگری ئەو زاتە نوسی، وام زانی لە کاتی نوسینی نامەکەدا گیانی لە لام حازرە. هەر ئەو رۆژە نامەکەم بە حاجیاندا نارد. شەو لە حاڵەتی واقیعەدا ئەو زاتە (قدس سره) فەرموی: وەفایی لە فلان قسە کە لە نامەکەتا نوسیوتە، بە هەڵەدا چویت و باش نیە، ئەتوانی بگەی بە حاجیان و بی گۆڕە. نەگەیشتم بە حاجیان. پاش گەڕانەوەیان و هاتنەوەی وەڵامی نامەکەم، ئەو زاتە چۆنی فەرمو بو، هەر وابو. ئەم بەستەزمانە هەر راگەیاندنی لەسەرە و رێگەی تری نیە." (دیوانی وەفایی، ل 81)

خەونەکانی وەفایی ئەگەر بە راستی دیینی، یاخود وەکو بەشێ لە شیعرەکانی هەڵیبەستبن، نیشانەی ئەو پێوەندییە رۆحیە بەهێزەیە کە لە نێوان "پیر" و "مورید"ا هەبوە. ئەمە رەنگە تایبەتمەندییەکی هەبێت، ئەویش ئەو دڵسۆزییە بێ ئەندازەیە کە مورید تەنانەت دوای مردنی شێخەکەشی هەی بوە. هەروەها ئەو دڵسۆزییە بێ ئەندازەیە، سەرەڕای لێکەوتنی شێخ لە ژینگەکەی خۆی و لە دەسەڵاتی دنیایی، هێشتا پێوەندیی رۆحی موریدەکەی بەردەوام بێ.

## وەفایی و شەیتان

وەفایی دوجار خێزانی بردۆتە نەهری. بەڵام هاوسەرەکەی لەوێ هەڵی نە کردوە و وەفایی بە تەنیا بەجێ هێشتوە. وەفایی چەند روداوێکی ژیانی تایبەتیی خۆی تۆمار کردوە، کە ئەوانەش هەمویان پێوەندییان بە خەون و خەوبینینەوە هەیە، بە تایبەتی ئەوەی کورد بە خۆڕایی ناوی ناوە "شەیتانی بون". لەم خەونەدا کوڕ یا پیاوی نوستو، ئافرەتێکی جوان ئەبینێ و لەگەڵ یەک دەس تێکەڵاو ئەکەن، تا کوڕ یا پیاوەکە لەگەڵ ئافرەتەکە ئەگاتە پلەی "لوتکە". رەنگە هیچ گەنجێ نەبێ ئەوەی بەسەر نە هاتبێ. "وەفایی"ش چەند جارێ توشی ئەمە بوە. خۆی باسی دوجاری گێڕاوەتەوە کە هەردوجار لە نزیک شێخەوە بوە.. . شەیتانی بون (تحفة المريدين. ل 133) (چ 152) شەیتانی بون... (تحفة المريدين. ل 168) (چ 201) لە هەردوکیدا شێخ پێی زانیوە و شێخ بەوپەڕی دڵنەواییەوە رەفتاری لەگەڵ کردوە. بە تایبەتی هەردو جار لە شەوی زۆر ساردا بوە و بۆ ئەوەی "غوسڵ"ی بێنوێژی لە خۆی دەر بکا لە ئاوی ساردا مەلەی کردوە. شێخ سەرزەنشتی کردوە. لەبەرئەوەی خۆی خستۆتە بەر سەرما و ناو ئاوی سارد لە کاتێکدا ئاوی گەرمیان هەبوە.

## وەفایی و کارێکی نا شەرعی

وەفایی خۆی وتەنی جارێک کارێکی ناشەرعی لێ قەوماوە و شێخ بە کەراماتی خۆی پێی زانیوە:

"یەکێ لە کەراماتەکانی ئەو مەزنە ئەوە بو: لە سەردەمی ئەو زاتەدا (قدس سره)، کە لە نەهری بو، رۆژێکیان بە هۆی نەفسەوە کارێکی نا شەرعیم کرد، کە جگە لە خوای میر و مەزن کەس ئاگای لێی نەبو. بۆ سبەینێ بەیانی زو، ئەو بەرێزە هات بۆ ماڵەکەم و بەوپەڕی نیاز و دڵنەوایی و میهرەبانییەوە فەرموی: ئەمشەو ئیمامی شافیعی خوا لێی رازی بێ لە خەونم دا پێمی وت: بە میرزا بڵێ جارێکی کە توشی ئەم جۆرە ناشەرعییە نە بێ. منیش تۆبەم کرد" (تحفة المريدين. ل 99) (چ 92)

## وەفایی و کارێکی پێچەوانەی تەریقەتی پیاوچاکان

"... ساڵێکیشیان لە وەرزی زستان و لە مانگی رەمەزان دا، کردەوەیەکی پێچەوانەی تەریقەتی پیاوچاکانم لێ قەوما. جگە لە کردگاری مەزن، کەس ئاگای لێی نە بو، هەرچەندە غوسڵ و تۆبە و پەشیمانی و داد و هاوار و داوای لێبودنم دەکرد، ئەو دڵڕەقییەی، کە بە هۆی ئەو کردەوەیەوە لە دڵم دا رسکا بو، بو بوە هۆی کاسیی و وڕیم و لا نە دەچو. ماوەیەکیش بە گریان و شیوەن و ددانە چۆقە، لە ناو ئاودا مامەوە و کڕنوش و زەلیلیم کرد، ئەو خەوشە ئەوەندە لە دڵم دەر نە دەچو، کە ببێتە هۆی هێور بونەوەی گیان و کرانەوەی رواڵەت و دەرونم" (تحفة المريدين. ل 121-123) (چ 129-132)

## وەفایی و حەج

وەفایی چەند جار چوە بۆ حەج. لە "توحفە"دا باسی دو حەجی خۆی کردوە. لە دواحەجی دا مردوە. هاوسەفەرەکانی لە بیابانی عەرەبستاندا ناشتویانە. هەردو جارەکە دوای مردنی شێخ عوبەیدوڵا بوە. دوای مردنی شێخ عوبەیدوڵایش ڕێگەیان بە شێخ عەبدولقادر نە داوە بگەڕێتەوە کوردستان، تا چەند ساڵێ ڕێگەیان نە داوە بگەڕێتەوە ئەستەموڵ. مەبەستی وەفایی لە سەفەری حیجاز، بە تەنیا بەجێهێنانی فەریزەی حەج نە بوە، بەڵکو ویستویەتی لەو حەجانەدا سەردانی شێخ عەبدولقادریش بکا. شێخ عەبدولقادر، دوای مردنی باوکی، جێنشین و پیری موریدەکانی باوکی بوە، لەوانە وەفایی:

وەفایی ساڵی 1891 ز بۆ جاری یەکەم چوە بۆ حەج. لەگەڵ حاجیانی سابڵاخدا بەڕێ کەوتوە. لەوێ شێخی بینیوە. نەخۆشی ڕشانەوە بڵاوبۆتەوە. وەفایی گرتویەتی، بەڵام بە هۆی شێخەوە چاک بۆتەوە. لەبەرئەوەی حکومەت کەرەنتینەی داناوە، نەی توانیوە سەفەر بکا. بە ناچاری بە پاپۆڕ ڕۆیشتوە بۆ بەمبەی لە هیندستان. لەوێوە بە پاپۆڕ ڕۆیشتۆتە بەسرا و لەوێوە بۆ بەغدا و کەرکوک و سلێمانی و بانە، ئینجا سابڵاخ. لەو سەردەمە دا چەند خانەقایەکی نەقشبەندی لە کەرکوک و سلێمانی هەبون، لەوانەی سلێمانی: خانەقای مەولانا خالید، خانەقای مەحوی، خانەقای حاجی مەلا عەلی. پێ ناچێ وەفایی سەردانی هیچکام لەم خانەقایانەی کرد بێ. (تحفة المريدين، ل 87-107)

ساڵی 1897 ز وەفایی بۆ جاری دوەم چوە بۆ حەج. لەپێشدا نیازی حەجی نە بوە. لە سابڵاخەوە بەڕێ کەوتوە بچێ بۆ ئەستەموڵ، بۆ سەردانی شێخ عەبدولقادر. نیازی وابوە کتێبی "تحفة المريدين"ی بۆ ببا، چاپی بکا. کە گەیشتۆتە شاری ئورفا، لەوێ زانیوێتی شێخ عەبدولقادر جارێکی تر دورخراوەتەوە بۆ حیجاز. ڕێگەی سەردانەکەی گۆڕیوە، لەباتی ئەستەموڵ، ڕوی کردۆتە حیجاز. لەوێ شێخی بینوە. (تحفة المريدين، ل 110-113)

ساڵی 1902 ز وەفایی بۆ دواجار لە حەج بوە، لەم کتێبەدا باسی نەکراوە، ئەمجارەیان لە گەڕانەوەیدا نەخۆش کەوتوە و مردوە و لە بیابانی عەرەبستان نێژراوە.

## شێخ عوبەیدوڵا و شێخایەتی

شێخ عوبەیدوڵا لە مێژوی کوردا کەسێکی ئاسایی نیە، کەسێکە سەرەتای بیری نەتەوەیی کورد لە نامەکانی ئەودا بەرجەستە بوە و یەکەم هەوڵی ڕێکخراوی دروستکردنی دەوڵەتی کوردی لە لایەن ئەوەوە دراوە، بۆیە ئەم کتێبە ئەهێنێ بە وردی سەرنجی لێ بدرێ.

شێخ عوبەیدوڵا، لەلای دەوڵەتانی ئێرانی و عوسمانی و ڕوسی و ئینگلیزی، وەکو کەسایەتی‌یەکی سیاسی ناسراوە. هەمو ئەو بەڵگانەی لە شێخ ماونەتەوە و ئیستا لە ئارشیفی ئەم دەوڵەتانەدا هەڵگیراون و هەندێکیان بڵاوکراونەتەوە، شێخ وەکو سیاسی بە ناسین ئەدەن، نەک بە تەنیا بە شێخی تەریقەت، وەکو

لەم کتێبەدا باسی کراوە. توحفە بە هیچ جۆرێ نزیکی لایەنی سیاسی کەسایەتی شێخ عوبەیدوڵا نە کەوتوە.

لە رۆژانی شۆڕشەکەی شێخ عوبەیدولادا:

دیپلۆماتەکانی ئینگلیز راپۆرتی درێژیان لەسەر شۆڕشەکە نوسیوە. هەندێ لە نوێنەرانی شێخیان بینیوە. هەواڵ و راپۆرتەکان لە لایەن پارلەمانی بریتانیاوە کراوە بە کتێب و چاپ کراوە و دراوە بە کەسانی پێوەندیدار.

**رۆژنامەکانی بریتانیا لەسەریان نوسیوە.**

دیپلۆماتەکانی روس هەواڵ و راپۆرتی درێژیان لەسەر نوسیوە، هەندێ لە نوێنەرانی شێخیان بینیوە. چەردەیەک بەڵگەی گرنگ لە ئارشیفەکەیاندا پارێزراوە.

**ڕۆژنامەکانی روسیا لەسەریان نوسیوە.**

**ڕۆژنامەکانی تورکیا هەواڵەکانیان بە درێژی بڵاوکردۆتەوە.**

ڕۆژنامەی "اختر" کە ئازادیخوازانی ئێران بە فارسی لە ئەستەموڵ دەریان کردوە، دەیان هەواڵ و راپۆرتی لەسەر بڵاوکردۆتەوە و ژمارەیەکی زۆر لەو هەواڵ و وتارانەشی، بە تەرجومەکراوی بۆ فارسی، بڵاوکردۆتەوە کە رۆژنامەکانی ئەوروپا لەسەریان نوسیوە. رۆژنامەی "اختر" سەرلەنوێ چاپ کراوەتەوە، بۆ لێکۆڵینەوە ئێستا هەموی لە بەردەس دایە.

هەر ئەو سەردەمە چەندین نامیلکە و کتێب لە لایەن کاربەدەستانی ئێران و شایەتحاڵەوە نوسراون، ئەو کاتە بڵاو نە کراونەتەوە، ئێستا لە بەردەس دان.

ئەوەی جێگەی سەرسوڕمانە، شاعیر و نوسەرانی کورد، ئەو دەمە لە ئەستەموڵ هەبون و کەم نە بون. شێخ دەیان خوێندەواری قەڵەمبەدەستی وەکو وەفایی لەگەڵ بوە، کەچی کەسێکیان لەسەر ئەم روداوە گرنگەی مێژوی کورد، هیچی نە نوسیوە.

* * *

"تحفة المریدین" بە تەنیا بیرەوەریەکانی وەفایی ناگێڕێتەوە، بەڵکو کتێبێکە بەشێکی تەرخان کراوە بۆ باسی لایەنی رۆحی کەسایەتی شێخ عوبەیدولای شەمزینی.

لێرەدا پێویستە چەند سەرنجێ لە ناوەرۆکی کتێبەکە بدرێ:

ساڵی 1881 ز شێخ عەبدولقادر لەگەڵ باوکی دورخراوەتەوە بۆ حیجاز. چەندین ساڵ بە دورخراوەیی لەوێ ماوەتەوە.

ساڵی 1883 ز شێخ عوبەیدولا لە حیجاز مردوە، هەر لەوێ بەخاک سپێردراوە و شێخ عەبدولقادر جێگەی باوکی گرتۆتەوە.

ساڵی 1895 ز سوڵتان رێگه‌ی داوه‌ به‌ شێخ عه‌بدولقادر بگه‌ڕێته‌وه‌ بۆ ئه‌سته‌موڵ، به‌ڵام رێگه‌ی نه‌ داوه‌ بگه‌ڕێته‌وه‌ بۆ نه‌هری. شێخ عه‌بدولقادر زۆر نه‌ماوه‌ته‌وه‌ له‌ ئه‌سته‌موڵ، سه‌رله‌نوێ دورخراوه‌ته‌وه‌ بۆ حیجاز. وه‌کو وه‌فایی ئه‌ڵێ: ئه‌و کاته‌ی شێخ له‌ ئه‌سته‌موڵ بوه‌، داوای له‌ وه‌فایی کردوه‌ کتێبێ له‌سه‌ر شێخ عوبه‌یدوڵا بنوسێ و بیبات بۆ ئه‌سته‌موڵ بۆی چاپ بکا. به‌ڵام تا ئه‌م کتێبه‌که‌ی نوسیوه‌ و ئاماده‌ی کردوه‌ بۆ چاپ و که‌وتۆته‌ رێ به‌ره‌و ئه‌سته‌موڵ، دیسان شێخ عه‌بدولقادر دورخراوه‌ته‌وه‌ بۆ حیجاز، له‌به‌رئه‌وه‌ پرۆژه‌که‌ سه‌ری نه‌ گرتوه‌.

وه‌کو وه‌فایی نوسیوێتی، "توحفه‌"ی له‌ زستانی مه‌هابادی ساڵی 1895 ز دا به‌ 3 مانگ ته‌واو کردوه‌. نوسینه‌کانی پێوه‌یان دیاره‌ که‌ نوسه‌ر په‌له‌ی بوه‌ و زۆری له‌ خۆی کردوه‌ بۆ ئه‌وه‌ی هه‌رچی زوه‌ ته‌واوی بکا.

چیرۆکه‌کانی له‌م توحفه‌دا نوسراون، له‌ کاتی خۆیدا تۆمار نه‌ کراون. وه‌فایی پاش زیاتر له‌ پانزه‌ ساڵ تۆماری کردون و زۆری چیرۆکه‌کانی له‌ زمانی خه‌لیفه‌کانی شێخ عوبه‌یدوڵاوه‌ گێڕاوه‌ته‌وه‌ و به‌ ناوی ئه‌وانه‌وه‌ تۆماری کردون. به‌وه‌ش ئۆباڵی باوه‌ڕکردن و باوه‌ڕ نه‌ کردن و راستی و ناڕاستی چیرۆکه‌کانی خستۆته‌ ئه‌ستۆی ئه‌وان. به‌ ده‌گمه‌ن چیرۆکێکی گێراوه‌ته‌وه‌ که‌ خۆی شایه‌تی بو بێ. ته‌نانه‌ت نازانرێ وه‌فایی پشتی به‌ستوه‌ به‌ بیره‌وه‌ری‌یه‌کانی خۆی یا ئه‌و زستانه‌ کۆمه‌ڵێ له‌ خه‌لیفه‌کانی شێخ له‌ نزیکی بون سه‌رله‌نوێ بۆیان گێڕاوه‌ته‌وه‌؟

خه‌لیفه‌کانی شێخ عوبه‌یدوڵا و موریده‌کانی باوه‌ڕیان وابوه‌ که‌ شێخ که‌سێکی نائاسایی‌یه‌، که‌ هێزێکی هه‌یه‌ له‌ سه‌رو توانای مرۆڤی ئاسایی‌یه‌وه‌، توانای ئه‌و له‌ راده‌ی توانای مرۆڤ به‌ده‌ره‌، که‌ ده‌سه‌ڵاتی به‌سه‌ر ئینس و جندا هه‌بوه‌، به‌ گۆشه‌نیگایه‌ک زه‌لامێکی گلاندوه‌.

خه‌لیفه‌کانی ویستویانه‌ ئاستی دڵسۆزی‌ی موریده‌کانی قوڵ بکه‌نه‌وه‌ بۆ باوه‌ڕهێنان به‌ که‌رامات و خه‌واریقه‌کانی، بۆ گوێڕایه‌ڵی بێ چه‌ندوچون تا راده‌ی په‌رستن. موریده‌کانی که‌ گه‌یشتونه‌ته‌ پله‌ی خه‌لیفه‌، له‌ چله‌کێشانه‌کانیاندا له‌سه‌ر ئه‌و بابه‌تانه‌ راهێنراون و دوایی که‌ گه‌ڕاونه‌ته‌وه‌ شوێنه‌کانی خۆیان، تا کۆتایی ژیانیان ئه‌وه‌یان کردوه‌ به‌ پیشه‌ی رۆژانه‌ی خۆیان و کاریان بۆ ئه‌نجامدانی کردوه‌.

باوه‌ڕبون به‌ دێو و درنج و خێو و شه‌وه‌ و... شتێک نیه‌ تایبه‌ت بو بێ به‌ کورد، ئه‌م جۆره‌ باوه‌ڕانه‌ له‌ناو هه‌مو میلله‌تانی دنیادا هه‌بوه‌.

ئیلیازه‌ و ئۆدیسه‌ی یۆنانی‌یه‌کان له‌سه‌ر بنچینه‌ی ئه‌فسانه‌ هۆنراونه‌ته‌وه‌.

به‌شێکی زۆری شانامه‌ی ئێرانی‌یه‌کان باسی دێو و درنجه‌.

"هه‌زار و یه‌کشه‌و" به‌ سه‌دان له‌و چیرۆکانه‌ی تێدایه‌.

له‌ ئه‌وروپا گۆست و ڤامپایه‌ر و فرانکشتاین و دراکۆلا، سه‌دان چیرۆکیان له‌سه‌ر نوسراوه‌ و ده‌یان فیلمیان له‌سه‌ر دروست کراوه‌.

دامەزراوەی تەریقەت بە گشتی و خانەقا و تەکیەکان بە تایبەتی، لە کوردستان، بونەتە کارگەی دروستکردنی خورافات.

"توحفە"ش بەشێکی زۆری بابەتەکانی لە دەوری ئەو چیرۆکانە ئەسورێتەوە. خەلیفەکان باوەڕیان پێی هەبوە و ئەوانیش بۆ خەڵکیان گێڕاوەتەوە و خەڵکێکی زۆریش باوەڕیان پێ هێناوە.

توحفە، گوایە چەند بەشێ بوە، هەندێکی فەوتاوە، هەر ئەوەندەی لێ ماوە کە لە بەردەس دایە. ئەمەش، کە چاپ و بڵاوکراوەتەوە، ئەشێ دابەش بکرێ:

- بەشێکی پێوەندی بە وەفایی خۆیەوە هەیە،
- بەشێکی پێوەندی بە شێخ عوبەیدوڵاوە هەیە،
- بەشێکی پێوەندی بە شێخ عەبدولقادری کوڕی شێخ عوبەیدوڵاوە هەیە.

"تحفة المریدین"ی سیخناخ کردوە لە روباعی فارسی. لە هەندێ لە روباعی‌یەکاندا وەفایی لەگەڵ خۆی ئەدوێ. لە ئەدەبی فارسی‌دا دانەری روباعی زۆرن. بەڵام لەناو هەمویاندا روباعی‌یەکانی خەیام بە پلەی یەکەم و دوای ئەو روباعی‌یەکانی بابەتایەر، ناوبانگیان دەر کردوە. روباعیەکانی ئەم کتێبە، لەچاو ئەو روباعی‌یانەدا کە لە ئەدەبی فارسی‌دا باون، نرخی ئەدەبی یا نرخی عیرفانی‌یان نیە.

## هەندێ لە لێکەوتەکانی دامەزراوەی تەریقەت

لە رێگەی توحفەوە ئەتوانرێ هەندێ لایەنی گرنگی رۆڵی خانەقا و تەکیەکان و شێخانی تەریقەت لە نیوەی دوەمی سەدەی نۆزدەهەمدا لە ژیانی خەڵکی کوردستاندا بخوێنرێنەوە:

### دامەزراوەی تەریقەت بۆتە دامەزراوەیەکی ویراسی

مەولانا خالید، کە دامەزرێنەری تەریقەتی نەقشبەندی بوە لە کوردستاندا، ئیجازەی ئیرشادی لە شا عوبەیدوڵای دیهلەوی وەر گرتوە. شا عوبەیدوڵا و پیرانی تەریقەتی نەقشبەندی، هیچ کامیان، لە رێگەی سیستەمی ویراسیەوە بەو پلە و پایەیە نە گەیشتون. بەڵام لە کوردستان پرسی جێگرتنەوەی مورشید، لە هەردو تەریقەتدا، بە سیستەمی "وراسی" چارەسەر کراوە. کوڕ جێگەی باوکی گرتۆتەوە، خەلیفە و مورید و مەنسوبەکانیش پەسەندیان کردوە. بەمەش، هەمو توانای رێکخراوەیی و دارایی و ئیمتیازات لەناو بنەماڵەکەدا ماونەتەوە.

شێخ عوبەیدوڵا، پێش ئەوەی سەفەربکا بۆ بەغداد، بە بیانوی زیارەتی ئارامگای شێخ عەبدولقادری گەیلانی، کە نمایشێکی دینی و سیاسی بوە، بۆ پیشاندانی هێزی خۆی و پشتیوانی لە سوڵتان

عەبدولحەمید، لە کۆڕێکی گشتیدا لە نەهری ئاگاداری کردون کە ئەو ماوەیەی ئەو لە سەفەر ئەبێ، بۆ ئەوەی خانەقا چۆڵ نەبێ، شێخ عەبدولقادری کوڕی، لە جێگەی ئەو، خەتم و تەوەجوهـ و کاروباری خانەقا بەڕێوە ئەبا و ئەرکی ئیرشادی لەسەر ئەبێ. ئەمە یەکەمین ئاگادارکردنەوەی خەلیفە و مورید و مەنسوبەکانی بوە، کە دوای خۆی شێخ عەبدولقادری کوڕی لە جێگەی خۆی داناوە. پاشان شێخ عەبدولقادریشی لەگەڵ خۆی بردوە بۆ بەغداد. (تحفة المریدین، ل 68-69) (چ 49 و 50 و 110 و 111) لەو کاتەدا شێخ عەبدولقادر (1857-1925 ز) گەنج بوە و شێخ عوبەیدوڵا هێشتا نەچوبو بۆ "جیهادی بایەزید" و هێشتا شۆڕشی دەس پێ نە کرد بو.

هەروەها لە تائیف، پێش ئەوەی کۆچیدوایی بکا، لە کۆڕێکی تردا کە کۆمەڵێ کەسی ناسراوی تێدا بون، لەوانە شێخ محەمەدی مەدەنی، وەسێتی بۆ کردون، "کە دوای من، بەجێهێنانی کاروباری تەریقەت مافی قایممەقامی منە." لە قایممەقام، مەبەستی شێخ عەبدولقادری کوڕی بوە. ئەگەرچی ماوەیەکی درێژ شێخ عەبدولقادر بە دەسبەسەری لە تائیف- حیجاز ماوەتەوە، بەڵام هەر ئەو لە جێگەی باوکی مورشیدی تەریقەت بوە. (تحفة المریدین، ل 108-109)

ئەم نەریتە داهێنانی شێخ عوبەیدوڵا نە بوە. پێش ئەویش لە کوردستان پێڕەوی کراوە. دوای ئەویش پێڕەوی کراوە.

شێخ مارفی نۆدێ، گەورەی تەریقەتی قادری لە سلێمانی، دوای مردنی، کاک ئەحمەدی کوڕی و دوای مردنی کاک ئەحمەدیش، لەبەرئەوەی شێخ محەمەدی کوڕی زوتر مردوە، شێخ سەعیدی کوڕەزای جێگەیان گرتۆتەوە.

دوای مردنی شێخ عەبدوڕەحمانی خاڵس (1797-1858 ز)، پیری تەریقەتی قادری لە کەرکوک، شێخ عەلی کوڕی جێگەی گرتۆتەوە.

دوای مردنی شێخ عوسمانی سیراجەدین (1866 ز)، کوڕەکانی: شێخ عومەر زیائەدین، شێخ محەمەد بەهائەدین، شێخ عەبدوڕەحمان ئەبولوەفا، جێگەیان گرتۆتەوە.

دوای مردنی مەولانا خالید، کوڕی گەورەی نە بوە، چوار لە خەلیفەکانی دیاری کردوە جێگەی بگرنەوە. خەلیفەکانی بە دەردی تاعون، وەکو مەولانا، لە ماوەیەکی کورتدا هەمویان مردون. مەحمود ساحیب کە هەم برازا و هەم خەلیفەی بوە، خۆی چۆتە شام، لە جێگەی مامی خۆی کردۆتە ڕێبەری تەریقەت.

هەر بۆ ڕێزنان لە تەریقەتی نەقشبەندی، لەسەر حسابی سوڵتان، دیوانەکەی مەولانا خالید لە ئەستەموڵ چاپ کراوە. گۆڕەکەیشی لە چیای قاسیۆن لە شام لەسەر حسابی حکومەت گومەزی بۆ کراوە و کراوەتە زیارەتگا و موچە بۆ زیارەتگا و خادیم و جێنشین و مناڵەکانی بڕدراوەتەوە.

شێخایەتی لە دامەزراوەی تەریقەتدا، بە هەردو ڕێبازەوە: قادری و نەقشی، بوە بە دامەزراوەیەکی "ویراسی" لەناو یەک بنەماڵەدا، بە دیاریکراوی لە باوکەوە بۆ کوڕ. دامەزراوەی تەریقەت بۆتە کۆڵەکەیەکی سەرەکی دەسەڵاتی عوسمانی لە کوردستاندا.

لە نیوەی دوەمی سەدەی نۆزدەهەمدا تەریقەتەکانی سۆفێتی، بە هەردو قادری و نەقشی، بە یارمەتی دەسەڵاتی عوسمانی، لە کوردستاندا تا ئەندازەیەکی زۆر گەشەیان کردوە و پەرەیان سەندوە. سوڵتان عەبدولحەمید، کە خۆی بە رابەری "جامیعەی ئیسلامی" داناوە، لە رێگەی بەکارهێنانی دینەوە، ویستویەتی کۆنترۆڵی کۆمەڵ بکا، بایەخێکی زۆری داوە بە شێخانی تەریقەت؛ گوندی بۆ تەرخان کردون، موچەی بۆ بڕیونەتەوە، موچەی بۆ بارەگاکانیان بڕیوەتەوە، بینای بۆ دروست کردون و کۆمەکی کردون، خانەقا و تەکیەی تازە دابمەزرێنن. بەردەوام بانگهێشتی کردون بە میوانی بچن بۆ ئەستەموڵ، لە "مابەین" دای بەزاندون. ساڵانە کۆمەکی کردون بە خۆیان و دەسوپێوەندەکانیانەوە بچن بۆ حەج.

لە بەرامبەر ئەوەدا، دامەزراوەی تەریقەت بە هەمو توانای خۆی و خەلیفە و مورید و مەنسوبەکانی، پشتیوانی سوڵتانی عوسمانی، وەکو خەلیفەی ئیسلام و دەسەڵاتی عوسمانی، وەکو دەوڵەتی پیرۆزی موسوڵمانانی جیهان، بە ئەرکی دینیی زانیوە و لە هەر شەڕێک دا کە عوسمانی لایەن بو بێ، ئەمان بە بیانوی دینەوە، لایەنگرییان کردوە و بە ناوی غەزاوە خەڵکیان هان داوە بۆ بەشداری.

یەکێ لەو ئیمتیازانەی سوڵتان داوێتی بە شێخەکان، ناردنیان بوە بۆ حەج لەسەر حسابی حکومەت. شێخ عوبەیدوڵا بەر لەوەی بچێ بۆ غەزای بایەزید و بەر لەوەی شۆڕش دەس پێ بکا، حەجی کردوە. حەجی شێخ، حەجێکی ئاسایی نە بوە، بەڵکو ئەمیش نمایشێکی دینی و سیاسی بوە، وەکو "توحفە" ئەی گێڕێتەوە. (تحفة المريدين. ل 64-65) (چ 38-40)

"دوای ماوەیەک کەڵکەڵەی زیارەتی حەج، کەوتە سەری." جگە لە شێخەکانی بنەماڵەکەی خۆی، "نزیکەی سەد کەسێکیشی لە خاسان و زانایان و خانەدان و خەلیفە و مورید" لەگەڵ خۆی بردوە. لە نەهریەوە بەڕێکەوتون بۆ شاری وان. وەفایی تا شاری وان هاوسەفەری شێخ بوە. شێخ چەند رۆژێ لە وان ماوەتەوە. وەکو وەفایی ئەڵێ: "لەو دەوروبەرەوە دێهاتی و شاری، ئەوەندە بۆ پێشوازی ئەو زاتە هات بون، لە ژمارە نە دەهاتن. چەند رۆژێک لە وان مایەوە، لە هەمو لایەکەوە، وەک ئەستێرە، بە پیادە و سوارە، بۆ زیارەتی دەهاتن و دەچون." (تحفة المريدين. ل 63-64) (چ 36)

وەفایی ئەڵێ: "منیش بە خواستی خواوەند و بە پێی چارەنوسی نەگۆڕ، لەو سەفەرەدا لە بەختەوەریی خزمەت بێ بەش بوم. ئەو زاتە منی بە عەلی ئاغای حەیدەری سەرۆک عەشیرەتی هەمو هۆزەکانی خاکی عوسمانی سپارد." (تحفة المريدين. ل 64)

ئینجا شێخ بەو کاروانە جەنجاڵەوە، "لە وانەوە کەوتەڕێ، قۆناغ بە قۆناغ هەتا گەیشتنی بە خاکی ئەرزەڕۆم. شەو و رۆژ و کات و سات، دەوری ئەو زاتە لە زیارەتکاران چۆڵ نەبو". (ل 64) (چ 37) "بێجگە لە جەماوەری کوردان، کە لە ژماردن نەدەهاتن، شار بە شار و ناوچە بە ناوچە، چەند دەستە تابوری چەکداری دەوڵەتیش، پێشوازیان کرد و دەست لەسەر سنگ بە حورمەتێکی زۆرەوە، لەتەک ئەو زاتەدا رۆیشتن. کاتێ وڵاتی ئەرزەڕۆم بە پێوقدومی پیرۆزی ئەو زاتە، پڕبو لە بەرەکەت، لە لایەن خاوەنشکۆ، خەلیفەی مەزنەوە (خوا تا دنیا دنیایە شەوکەتی پایەدار بکات) پاپۆڕە تایبەتییەکەی خۆی، بە ناوی پیاڵە، لەگەڵ چەندان پاشا و نوێنەری دەوڵەتدا، ناردە پێشواز. پاپۆڕێکی دیکەیشی بۆ حەجاج و هاوڕێیانی ئەو زاتە هێنا و سواری بون و لە زەریایان دا". (تحفة المريدين. ل 64-65) (چ 38)

"کاتێ تەشریفی موبارەکی گەیشتە نزیکی ئەستەموڵ، گشت خاسان و زانایان و گەورە و بچوکی شار، رژانە کەنار زەریا و هاتنە پێشواز و زیارەتی ئەو زاتە. دەستە دەستە دەهاتن و دەچون و بەخششیان دەخواست (مەبەست بەخششی مینۆکیە)" (تحفة المريدين. ل 65) (چ 39)

"بە پێی فەرمان، دەوڵەت بە هەزار رێزەوە لە نێوان ماڵەکانی خاوەنشکۆدا، شوێنی حەوانەوەی ئەو زاتەیان دابینکرد. سی لیرەی زێڕی عوسمانیشیان بۆ خەرجی رۆژانەیان تەرخان کرد. هەمو رۆژێک سێ ژەم (بەیانی و نیوەڕۆ و ئێوارە)، سەد خوانچەی پڕ لە چێشت و خۆراکی جۆراوجۆر، لە لایەن چێشتخانەی ئاوەدان و لە لایەن چێشتکاری تایبەتەوە، بۆ ئەو زاتە و هاوڕێ حەجاجەکانی بەڕێدەکرا. نزیکەی بیست رۆژێک لە ئەستەموڵ مانەوە. دوای زیارەتی زاتی مەزن خەلیفە، ئەوسا ئەو زاتە لەگەڵ حەجاجەکاندا سواری پاپۆڕ بون و کەوتنەڕێ." (تحفة المريدين. ل 65) (چ 40)

لە گەڕانەوەدا نەچۆتەوە ئەستەموڵ، لە حەڵەبەوە چۆتە وان و لەوێوە بۆ خانەقای نەهری، بەڵام ئەشێ مەراسیمی پێشوازیکردنی گەڕانەوەکەی، لە چونەکەی جەنجاڵتر بو بێ.

زێوەریش، کە خۆی جارێک هاوسەفەری یەکێ لەم بانگهێشتانە بوە، کورتەیەکی لە "گەنجینەی مەردان"دا لەسەر بانگێشتی شێخ سەعید بۆ ئەستەموڵ نوسیوە. (زێوەر، گەنجینەی مەردان. ل 55-61 و 147-148)

شێخانی سلێمانی، بە رابەریی کاک ئەحمەدی شێخ (1793-1887 ز)، کۆڵەکەی راگرتنی دەسەڵاتی عوسمانی بون لە بەشێکی فراوانی قەڵەمڕەوی پێشوی میرایەتی بابان دا. سوڵتان عەبدولحەمید، کاک ئەحمەدی شێخی بانگهێشت کردوە بۆ ئەستەموڵ، کاک ئەحمەد لەو کاتەدا زۆر پیر بوە، لەبەرئەوە پۆزشی هێناوەتەوە لە چون. بەڵام شێخ سەعیدی کوڕەزای (؟- 1909 ز) و چەندین کەسی تری ناردوە. لە "غەزای بایەزید"ا، شێخ سەعید لەسەر داوای کاک ئەحمەد، سەرکردایەتی "موجاهیدینی سلێمانی" کردوە بۆ بەشداری لەو شەڕەدا.

لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمدا، سوڵتان جارێکی تر شێخ سەعیدی حەفیدی کاک ئەحمەدی شێخی بانگهێشت کردوە. شێخ سەعید، گەورەی تەریقەتی قادری بوە. کۆمەڵێکی چل کەسی لەگەڵ خۆی بردوە، لەناو ئەوانەدا شێخ مستەفای نەقیب و شێخ عومەری برای، شێخ مەحمودی کوڕی. هەروەها چەند کەسێ لە مەلا و خەلیفە و پیاوە ناسراوەکانی سلێمانی. شێخ سەعید لەم سەفەرەدا زێوەر و تۆفیقی مەحمودی هەمزاغا، کە دوایی بە پیرەمێرد ناوبانگی دەرکردوە، لەگەڵ خۆی بردوە. لە سلێمانیەوە هەتا ئەستەموڵ لەسەر حسابی حکومەت بون و لە ئەستەموڵیش لە جێگەی تایبەتی حکومەت میوانداری کراون و سەفەری حەجیشیان بۆ ئەوانەیان رێک خستوە کە ئارەزوی بەجێهێنانی فەریزەی حەجیان هەبوە. پیرەمێرد لەناو ئەو حاجیانەدا بوە. بەڵام ئەم، دوای ئەم حەجە، بە یەکجاری لە ئەستەموڵ ماوەتەوە.

لەم سەفەرەدا شێخ مستەفای نەقیب مردوە. شیعرە بەسۆزەکەی بە ناوی شێخ سەعیدەوە بۆ نەقیب وتراوە، بەم بۆنەیەوە بوە:

**مردنە بێ تۆ ژیانم، زیللە بێ تۆ عیززەتم**

**دەردە خۆراکم لە دوای تۆ ، زەهرە بێ تۆ شەربەتم**

**تۆیش وەکو من قوڕ ئەپێوی، گەر بزانی عیللەتم**

**وێڵی سەحراکەی نەهاتی غوربەتی پڕ میحنەتم**

**ئیرسی مەجنوونە خەڵاتم، لەیلەکەم ون کردووە**

**.....**

**چیم لە جاهو حورمەت و ئیقبالە، بۆ چیمە حەشەم!**

**وەک جەهەننەم وایە جەننەت، وەی لە گوڵزاری ئیرەم**

**قەت نییە و نابێ فەرەج بێ تۆ هەتا رۆژی عەدەم**

**دڵ لە ناری فیرقەتت وەک غونچە تەنگ و پڕ لە غەم**

**کوا نەسیمی وەسڵەکەت خۆی بۆ حەشر هەڵگرتووە** (دیوانی وەفایی. ل: 79)

شێخ مستەفای نەقیب لە ساداتی سلێمانی بوە. نەقیب پلەیەکی داهێنراو بوە، دراوە بە کەسێ کە نوێنەرایەتی ساداتی کرد بێ لە مەجلیسی بەلەدیە دا. (زێوەر. گەنجینەی مەردان. ل 80)

## دامەزراوەی تەریقەت و سیستەمی دەرەبەگی لە کوردستان

دامەزراوەی تەریقەت بۆتە شێوەیەکی سەرەکی دروست بونی سیستەمی دەرەبەگی لە کوردستان.

لێکۆڵینەوە لە دارایی نەوەی یەکەمی شێخانی تەریقەت لە سەردەمی دەسەڵاتی راستەوخۆی عوسمانیدا لە کوردستان، کە دامەزرێنەری تەریقەتەکە بون، دەری ئەخا شێخ کەسێکی ئاسایی بوە، خاوەنی دارایی و زەویوزاری زۆر نە بوە، بەڵکو هەندێکیان مەلای سەر بە چینی ناونجی کۆمەڵگا بون. بەڵام لەگەڵ پەرەسەندنی تەریقەتەکە و دوای نەوەیەک و دوان بونەتە خاوەنی گوند و زەویوزاری فراوان و ئاش و دوکان و خانو.

شێخەکان هەندێ لەو گوندانەیان لە لایەن دەوڵەتەوە بۆ تەرخان کراوە و خۆیشیان هەندێکیان کڕیوە و هەندێکیشی وەقف بوە. بەڵام هەمو ئەمانە، سەرەنجام بونەتە موڵکی بنەماڵەی شێخ.

وەکو وەفایی ئەڵێ: هەمیشە لە چەندسەد میوان کەمتر لە خانەقادا نە بون. دیارە ژمارەیەکی زۆرە. ئەگەر هەندێ زیادەڕەویشی تێدا بێ، بەشێکی هەر راستە، پێویستی بە داهاتێکی زۆر هەبوە بۆ دابینکردنی لایەنی کەمی خواردن و خواردنەوەی ئەو هەمو خەڵکە.

شێخ وەکو لەم کتێبەدا نوسراوە، هاوینان بۆ بەسەربردنی گەرمای هاوین لەگەڵ سەدان خەلیفە و مورید و مەنسوب بارگە و بنەی بردۆتە کوێستانەکانی "بەزێرکڕدراو"ی خۆی.

دیارە هەمو خانەقاکان و هەمو شێخەکان، وەکو خانەقای نەهری نە بون. خانەقای نەهری لەچاو زۆر خانەقای تردا، یەکێ بوە لە خانەقا گەورەکان و شێخ عوبەیدوڵاش یەکێ بوە لە پیرە هەرەگەورەکانی تەریقەتی نەقشبەندی.

## دامەزراوەی تەریقەت سنوری خێڵ و ناوچەی بەزاندوە

شار لە کوردستاندا زۆر کەم بوە. زۆربەی کورد یا گوندی بون یان رەوەند. پێکهاتەی کۆمەڵایەتی پێکهاتەیەکی خێڵەکی بوە.

لەبەرئەوەی دەسەڵاتێکی ناوەندی لە کوردستان نە بوە، دانیشتوانی کوردستان یەک دین و یەک مەزەب و یەک زمان نە بوە. کوردستان، لە روی سیاسییەوە، بەشێکی لەژێر دەسەڵاتی عوسمانی و بەشێکی لەژێر دەسەڵاتی قاجاریدا بوە. دانیشتوانی کوردستان لە ناوخۆیشیدا، لە روی دینی و مەزەبی و زمانییەوە، جیاواز بوە، موسوڵمانی شیعی، سوننی، شەبەک، ئەهلی ئێزیدی و کاکەیی تیا ژیاوە.

وەفایی چەند جارێ ئاماژە بە جەنجاڵی کۆڕەکانی شێخ ئەدا و باسی سەدان کەس ئەکا. پاشناوی خەلیفەکان نیشانەن بۆ جیاوازی شوێنەکانیان. ئەوەی سەرنج را ئە کێشێ، پاشناوی خەلیفەکان بە ناوی شوێنەوەیە، نەک خێڵ و هۆز و تیرە.

دەوڵەتی عوسمانی، بە فەرمانی سوڵتان عەبدولحەمید، بایەخی زۆری داوە بە دین و پیاوانی دین.

## پرسینەوەی سکاڵای ستەملێکراوان

لە کوردستاندا دەسەڵاتی رۆم لاواز و گەندەڵ و کەمتوانا بوە، ئاسایشی گشتی پێ نە پارێزراوە. بۆ ئەوەی دەستی بگاتە هەمو شوێنێک، پشتی بە شێخانی تەریقەت و سەرۆکی عەشیرەتەکان و ئاغا و کوێخای گوندەکانی بەستوە. دامەزراوەی تەریقەت، کۆڵەکەیەکی بەهێزی دەسەڵاتی عوسمانی بوە. سەدان باندی دزی و جەردەیی، کە ئاغا و کوێخاکان دروستیان کرد بون، بڵاوبونەتەوە، کاروانیان روت کردۆتەوە. حکومەت نەی توانیوە بەریان پێ بگرێ، مافی هاووڵاتییان دابین بکا.

**بۆ نوسینی ئەم بابەتە، پشت بەستراوە بەم سەرچاوانە:**

- بیرەوەرییەکانی وەفایی "توحفة المریدین" محەمەد حەمە باقی لە فارسیەوە کردویّتی بە کوردی، چاپی پازەی پیّزیادکراوە، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، سلیّمانی، 2010.

- دیوانی وەفایی "میرزا عەبدورەحیمی سابڵاخی" لیّکۆڵینەوەی محەمەد عەلی قەرەداغی. لە چاکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد، چاپخانەی دار الحریة، چ2، 1984.

- زیّوەر، گەنجینەی مەردان و یادداشتی ڕۆژانی دەربەدەری، محەمەدی مەلا کەریم هیّناونیەتە سەر شیّوەی نوسینی نویّ و پیّشەکی و پەراویّزی بۆ نوسیون، مەحمود زیّوەر بە چاپی گەیاندون، چاپخانەی (شرکة الادیب البغدادیة)، چاپی یەکەم، بغداد، ساڵی 1985.

- دیوانی حاجی قادری کۆیی، لیّکۆڵینەوە و لیّکدانەوەی سەردار حەمید میران و کەریم شارەزا، لەسەر نوسینیّکی نویّ بە پیّی بۆچونەکانی موحەممەدی مەلا کەریم بە پیّنوسی سەعید کەرەمی، انتشارات کردستان، سنە، 1390.

ئەو ژمارانەی لە سوچی چەپی دواین بەیتەکاندا نوسراون، ئاماژەن بۆ ژمارەی لاپەڕەی ئەو سەرچاوانەی لەم لیّکۆڵینەوەیەدا بەکار هاتون.

# حەریق

# مەلا ساڵحی کوڕی مەلا نەسروڵا



(1856– 1909 ز)

**حەریق لەناو شاعیرانی نەوەی دوەمی قوتابخانەی شیعریی باباندا، یەکێکە لە پێشەنگە رچەشکێنەکانی داهێنانی شیعری کوردی، لەسەر شێوەی قوتابخانەی شیعریی بابان لە کوردستانی قاجاریدا.**

## ڕێچەڵەکی

حەریق (1856-1909 ز)، مەلا ساڵحی کوڕی مەلا نەسروڵا. لە گوندی زێویێ سەر بە ناحیەی سورداش، لە ناوچەی سلێمانی لە دایک بوە. مەلا نەسروڵا، باوکی حەریق، خەڵکی هەورامان بوە. بە فەقێیەتی بۆ خوێندن چۆتە سلێمانی و کە بۆتە مەلا، لە گوندی زێویێ گیرساوەتەوە. لەوێ دامەزراوە و ژنی هێناوە، ئیتر دابڕاوە لە ژینگەکەی پێشوی. ساڵحی کوڕی، لە لای خۆی دەستی کردوە بە خوێندن. ئەویش بە فەقێیەتی گەڕاوە بە دوای مامۆستادا، بۆ خوێندن چوە بۆ لای مەلاکانی سلێمانی، قەرەداخ، بیارە، پێنجوین، سەرەنجام گەیشتۆتە موکریان.

مەلا ساڵح شاعیر بوە. نازناوی "حەریق" و "حەریقی" بۆ خۆی هەڵبژاردوە. لەو گەشتەیدا کە بۆ خوێندن کردویەتی لە مزگەوتەکانی سلێمانیدا، ئەبێ ئاشنای شیعرەکانی نالی بو بێ. چونکە نالی لەو زەمانەدا لەناو مەلا و مزگەوت و مەدرەسەکانی سلێمانیدا بە ناوبانگ بوە.(حەریق، خاکی، ل 105-113)

## قۆناغەکانی ژیانی

هێمن، لە وتارێکدا بە ناونیشانی "وەڵامێکی دۆستانە" کە رونکردنەوەی لەسەر یەکێ لە شیعرەکانی حەریق داوە، هەندێ زانیاری دەربارەی چەند قۆناغێکی ژیانی حەریق نوسیوە، هەندێ لایەنی روناک ئە کاتەوە. (هێمن، 105-113)

### حەریق لە خانەقای بورهان

حەریق بەر لەوەی ئیجازەی مەلایەتی وەرگرێ، تەریقەتی لەسەر دەستی شێخ یوسف شەمسەدین (1246-1328 ک: 1829-1905 ز) وەرگرتوە، کە ناسراوە بە شێخی بورهان. بورهان، گوندێک بوە لە موکریان، خانەقاکەی شێخ یوسفی لێ بوە. شێخ یوسف، خەلیفەی شێخ عوسمانی سیراجەدین (1195-1283 ک: 1781-1866 ز) بوە. حەریق کە بۆتە مەلا، سەرەتا مەلایەتی نە کردوە، لە خانەقای شێخدا

بۆتە "سالیک". سالیک، وەکو هێمن نوسیوێتی، ئەو کەسانە بون کە بڕیاریان داوە ژن نە هێنن، تا مردن بە رەبەنی بمێننەوە، لە خانەقادا خزمەت بکەن. بۆ نمونە، ناوی چەند سالیکێکی هێناوە، کە تا مردن بەو جۆرە لە خانەقادا ژیاون. (هێمن. 105-113)

بە قسەی حاجی قادری کۆیی، کە وتویەتی:

**خانەقا و شێخ و تەکیەکان یەکسەر**

**پێم بڵێن، نەفعیان چیە ئاخر**

**غەیری تەعلیمی تەنبەڵی کردن**

**جەمعی ئەملاک و خەزنە کۆکردن** (حاجی قادری کۆیی. ل 188)

حەریق لەو قۆناغەی ژیانیدا، یەکێ بوە لە "تەنبەڵەکانی خانەقا"، چونکە سالیک بوە.

خانەقا دامەزراوەیەکی پیاوانە بوە، جێگەی ئافرەتی تێدا نە بوە. لەو کۆمەڵانەدا کە هەموی نێرینەن و هیچ رەگەزێکی مێیینەیان تێدا نیە، زۆرجار کەچڕەفتاری و بەدرەوشتی تێدا ئەخوڵقێ. هەر ئەو زەمانە بوە، حەریق لەو ژینگە پیاوانەیەی خانەقادا، بەرپەرچی شیعرەکەی نالی داوەتەوە کە لەسەر عەشقی مەجازی کچ دای ناوە، نالی ئەڵێ:

**عیشقت، کە مەجازی بێ، خواهیش مەکە ئیللا کچ**

**شیرین کچ و لەیلا کچ و سەلما کچ و عەذرا کچ**

**فەرقی کوڕ و کچ ڕۆشن، وەک فەرقی مەهـ و میهرە**

**ئەم فەرقی شەو و رۆژە، وەک فەرقە لە کوڕ تا کچ**

لە دوا بەیتیدا ئەڵێ:

**بابێکی هەیە دونیا بۆ عیشقی مەجازیی، بەس**

**(نالی) چییە ئەو بابە: ئادەم کوڕ و حەووا کچ** (نالی. 157–162)

حەریق لە بەرامبەردا ئەڵێ:

**عیشقت کە حەقیقی بێ، تالیب مەبە ئیللا کوڕ**

**هەم حەزرەتی لەولا کوڕ، هەم یوسفی ئەولا کوڕ**

لە دوا بەیتیدا ئەڵێ:

**هەر عەشقێ حەقیقی بێ، وەک عەشقی (حەریقی) بێ**

**مەیلی بە دەقیقی بێ، بۆ مەعریفەت اللە کوڕ** (حەریق، خاکی. ل 22-24)

قەسیدەکەی نالی دژی داڕوخانی ڕێکخراوەی بەها بەرزە کۆمەڵایەتی‌یەکان بوە، کە "خوو"ی هاوڕەگەزبازی یەکێکیان بوە و ئەو زەمانە لەناو چینی سەرەوەی کۆمەڵگای عوسمانی و قاجاری‌دا باو بوە. قەسیدەکەی حەریق پێچەوانەی ئەمەیە.

بەڵام، حەریق تاسەر بە رەبەنی دانەنیشتوە. وەکو هێمن ئەڵێ، بە نهێنی و بە دزی شێخەوە چوە ژنی هێناوە. لە سۆنگەی ئەم هاوسەرگیری‌یە نهێنی‌یەوە بو بێ، یان لەسەر هەر سەرکێشی‌یەکی تر، شێخ، حەریقی ئافەرۆز کردوە، بە یەکجاری لە خانەقاش دەر کراوە.

هێمن ئەڵێ: "سەرەتای چارە رەشی‌ی حەریق، بە تایبەتی لە باری مادی‌یەوە، لێرەوە دەس پێ دەکا، لەسەر کچ توشی کوێرەوەری و دەربەدەری هاتوە.." (هێمن، ل 110)

لە جێ‌یەکی تردا ئەڵێ: "ژیانێکی زۆر تاڵ و تفت و پڕ لە کوێرەوەری رابواردوە، لە تەواوی ژیانی‌دا ئاهی خۆشی لە دڵی نە گەڕاوە. لە ساڵەکانی دوایی تەمەنی‌دا کوێر و کۆڵەوار و گردەنشین بوە.." (هێمن، ل 106)

حەریق خۆیشی هەندێ بەیتی تێهەڵکێشی هەندێ غەزەلی کردوە، بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ، گلەیی لە باری گوزەرانی ئەکا:

**شادی بێگانەیە، خزمم غەمە، گەر مردیشم**

**ئەوە واریس لە حیسابی: حەق و گۆڕ و کەفەنم** (حەریق، خاکی، ل 40)

**.....**

**قڕانی عاشقانە، کەس نەما دەرچێت و سەر دەرکا**

**مەگەر بۆ موفلیسی وەک من، کە بێ قڕان و پەناباتم** (حەریق، خاکی، ل 30)

**.....**

**مەنوارە بە زاهیر کە بەبێ قوتم و ڕوتم**

**ڕوت، قوت و خەیاڵت غەزەلی چاکە لە بەرما** (حەریق، خاکی، ل 12)

**.....**

لە شیعرێکی تری‌دا ئاماژە بە لەدەسدانی بینایی چاوی ئەکا:

**کەسێ سالح بێ بۆ زیکر و دوعاگۆییت، بە بێ چاوی**

**هەزار چاوساغی وا دێنێ، بە چاو زیندو، بە دڵ مەیتە!** (حەریق، خاکی، ل 54)

حەریق لەدایکبوی سورداش بوە. "رەعیەت"ی عوسمانی بوە. بۆچی لە ئاوارەییدا ماوەتەوە و نە گەڕاوەتەوە زێدەکەی خۆی؟

لە کوردستانی عوسمانیدا مەلاکان، ئەگەرچی بەشی زۆریان بە هەژاری ژیاون، بەڵام هەمیشە ڕێزیان لێ گیراوە، لە مزگەوت و مەدرەسەکاندا بۆ دامەزراندنیان جێگەیان بۆ دۆزراوەتەوە، تەنانەت هەندێکیان لە لایەن دەوڵەتی عوسمانییەوە موچەیان بۆ بڕدراوەتەوە. مەلا و مزگەوت، وەکو بەشێ لە دامەزراوەی دینی، کۆڵەکەیەکی گرنگی ڕاگرتنی دەسەڵاتی عوسمانی بوە. بەڵام حەریق، لەبەر هەر هۆیەک بو بێ، لە موڵکی ڕۆم دورکەوتۆتەوە، بۆتە دانیشتوی موڵکی عەجەم. لەوێ ویستویەتی جێگەیەک بۆ خۆی دابین بکا. خۆی لە یەکێ لە شیعرەکانیدا ئاماژەی بۆ ئەم ئاڵوگۆڕە کردوە:

**ئەگەرچی ساکینی موڵکی عەجەم بوم، دور لە ڕۆم کەوتم**

**لە سایەی پەرچەمی تۆوە، رەئیسی موڵکی شاماتم** (حەریق، خاکی، ل 29)

شامات، ناوچەیەکە لە موکریان. حەریق خۆی هەڵکێشاوە، ڕەنگە لە یەکێ لە گوندەکانی ئەو ناوچەیەدا مەلای گوند بو بێ، ئەگینا نە لەوێ و نە لە هیچ جێگەیەکی تر "رەئیس" نە بوە، بەڵکو مەلایەکی تەنیا و بێ پشتیوان بوە. ئەوەندە بێ پشتیوان بوە، وەکو هێمن لەو وتارەدا باسی ئەکا، ئاغایەکی دەسەڵاتدار توانیویەتی لەسەر هۆنینەوەی شیعرێک بۆ ئەتککردن ریشی بتاشێ. (هێمن، 112)

## حەریق لە مزگەوت دا

پیشەی حەریق مەلایەتی بوە. بەدوای ئەوەدا گەڕاوە لە مزگەوتێک دا، لە کوردستانی قاجاری، بە تایبەتی لە ناوچەی موکریان، جێگەی ببێتەوە. پێ ئەچێ لە مزگەوتی چەند گوندێک دا مەلایەتی کرد بێ. ماوەیەک لە ساحێب کە گوندێکی سەقزە، مەلایەتی کردوە:

**گەر دەچمەوە ساحێب، نیە هیچ مونس و ساحێب**

**گەر دەچمە سەقز، ناری سەقەر وا لە جگەرما** (حەریق، خاکی، ل 11)

دوا مزگەوتی حەریق تا مردنی مەلایەتی تێدا کردوە، مزگەوتێ بوە لە مەهاباد. هێمن ئەڵێ: "پاش ماوەیەک دەربەدەری، پێشنوێژی مزگەوتی حاجی حەسەنیان، کە ئەو دەمی لە قەراغ شاری ساباڵخ و مزگەوتی هەژاران بوە، داوەتێ. مزگەوتی نێوبراو، چ مەلای زانای پێ رازی نە بون. ئیستاش هەر کۆلکەمەلایەکی پێشنوێژی کوێرەدێیەکی بدەنێ، پێشنوێژی ئەم مزگەوتە ناکا." (هێمن، 110)

حەریق خۆیشی باسی خراپیی هەلومەرجی ژیانی ناو مزگەوتەکەی ئەکا:

**یا وەکو من بەخت و تاڵیع، یاوەر و یارم نە بو**

**جێی موتالا و نۆرە دەرسم بو بە دەورەی نۆبە ئاش** (حەریق، خاکی، ل 28)

حەریق ساڵی 1909 ز لە مەهاباد مردوە و لە گۆڕستانی مەلا جامی بە خاک سپێردراوە. ئیستا شوێنەواری گۆڕستانەکە نەماوە، چونکە کراوە بە خانوی نیشتەجێبونی خەڵک.

## قاڵبی شیعرەکانی حەریق

جگە لە دو مەسنەوی، کە یەکێکیانی بە هەورامی هۆنیوەتەوە، غەزەل و قەسیدەکانی هەموی لەسەر شێوەی عەروز هۆنیوەتەوە. هەمویان یەکێتی قافیە بە یەکیەوە بەستونەتەوە. بەڵام زۆربەیان یەکێتی بابەتیان تێدا نیە. بەیتەکان سەربەخۆن. ئەکرێ بە ئاسانی لەناو هەمان غەزەل یا قەسیدە دا جێگۆڕکێیان پێ بکرێ، بێ ئەوەی مەعنای گشتیی شیعرەکە تێک بچێ. هەندێ لە بەیتەکانی لەنگە و کێشیان تەواو نیە. هۆی ئەمە رەنگە گوێزانەوەی بێ، لە لایەن نوسەرەوەی جیاوازەوە، لەم دەفتەر بۆ ئەو دەفتەر، نەک خودی شاعیر. لەگەڵ قەسیدە و غەزەلەکانیدا هەندێ "روباعی" و"فەرد"ی داناوە، هەر یەکەیانی بە بۆنەیەکی تایبەتییەوە وتوە.

"نەعت"ێکی بۆ محەمەدی پێغەمبەری ئیسلام داناوە، هەڵبەستێکی لاوازە. جگە لەوەی بیرۆکەکانی دوبارەن، لە جێگەی ناوی محەمەد، کە بوە بە قافیە بۆ هەمو شیعرەکە، هەر ناوێکی تری لە جێ دابنرێ، شیعرەکە گورینێکی بەسەردا نایەت:

**بەو نورە کە زاهیر بوە لەسەر ڕویی محەمەد**

**عالەم هەمو ئاشوفتە بو ، وەک مویی محەمەد**

**.....** (حەریق، ئەنیسی، ل 108)

سالم بە بۆنەی بڵاوبونەوەی هەواڵی گەڕانەوەی یەکێ لە پاشا دورخراوەکانی بابان، لە ئەستەموڵەوە بۆ کوردستان، قەسیدەیەکی درێژی هۆنیوەتەوە سەرەتاکەی بەمجۆرە دەس پێ کردوە:

**تیروەش، دەی مەهـ گوزەشت و عەهدی نیسان هاتەوە**

**بولبولی بێدڵ، لە دەوری گوڵ، بە ئەفغان هاتەوە**

**سەخت گیری کرد، ئەگەر سەرما، وەکو ئەفراسیاب**

**بادی نەورۆزی بە میسلی پوری دەستان هاتەوە**

لە کۆتاییدا ئەڵێ:

**من بە شەک دەموت: نەجاتی کەی دەبێ پاشا لە رۆم؟**

**دڵ وتی: سالم یەقینت بێ، بە قورئان هاتەوە**

**ئەهلی دانش، حاتەمی بەخشش بە ئەبجەد کەن حیساب**

**با نەڵێن: کانی کەرەم کەی بو بە بابان هاتەوە؟!** (سالم، ب2، ل 840-841)

حەریق هاوتای ئەم شیعرەی سالم، بە بۆنەی گەڕانەوەی پیرەکەی لە حەج، شیعرێکی داناوە، هاوکێش و هاوئاواز و هاوقافیەی شیعرەکەی سالمە، ئەڵێ:

**موژدە بێ، بۆ بولبولی دڵ، گوڵ لە باغان هاتەوە**

**قومری عومری خۆی سەرف کا، سەروی بوستان هاتەوە**

**شاسواری عەرسەیی مەیدانی مەردان هاتەوە**

**دڵبەری جانان لە خزمەت جانی جانان هاتەوە**

**پیری ڕەوشەن دڵ وەکو خورشیدی تابان هاتەوە**

**نائیبی عوسمانی سانی خۆش بە سامان هاتەوە**

**وا موعەتەر بو دەماغی ئەهلی نیسبەت، هەر دەڵێ**

**نیسبەتی پیراهەنی یوسف بە کەنعان هاتەو**

**.....** (حەریق، خاکی، ل 57-58)

حاجی قادری کۆیی لەو شیعرەیدا کە بۆ شاعیرانی کوردستانی تەرخان کردوە، بە ستایشەوە ناوی وەفایی هێناوە، کە هاوزەمان و هاوناوچەی حەریق بوە، بەڵام ناوی حەریقی نە بردوە.

لەگەڵ ئەوەشدا دیارە حەریق لەناو کۆڕە ئەدەبیەکانی کوردستاندا ناسراو بوە. ڕۆژنامەی "تێگەیشتنی ڕاستی" کە داگیرکەرانی ئینگلیز لە بەغداد بە زمانی کوردی دەریان کردوە، لە چەند ژمارەیەکیدا گۆشەیەکی بە ناوی "ئەدەبیاتی کوردی"یەوە نوسیوە، هەروەها هەندێ شیعری لە شاعیرانی نەوەی یەکەم و نەوەی دوەم بڵاوکردۆتەوە، لەوانە غەزەلێکی حەریق. ئەوەی ئەم گۆشەیەی نوسیوە، شارەزای ئەدەبی کوردی بوە. گومان بۆ شوکری فەزلی ئەچێ. لە ژمارە 19ی ڕۆژی 5ی ئازاری 1918 نوسیوێتی: "حەریق شاعیرێکی نوکتەسەنجی کوردە. شیعری تەڕ و خۆشە. ئەم غەزەلە هینی ئەوە." ئینجا غەزەلەکەی بڵاوکردۆتەوە کە بەمجۆرە دەستی پێ کردوە:

**هەمو کەس با بزانێ من کە سەودای زوڵفی دوتاتم**

**لە خانەی کوڵمدا کۆڵم، لە دەوری شای ڕوخت ماتم**

**.....**

ڕەنگە ئەمە کۆنترین تێکستی چاپکراوی ئەم شیعرە بێ. هەندێ جیاوازی لە نێوان ئەم تێکستە و تێکستە بڵاوکراوەکاندا هەیە.

## بابەتی شیعرەکانی حەریق

حەریق لە مەتڵەعی یەکێ لە قەسیدەکانیدا ئەڵێ:

**قەمەر کەوتۆتە میزانی خەیاڵم، موشتەری بابێ**

**لە عیقدی نەزم و نەسرم، تاڵبی عەقدی سورەیا بێ** (حەریق. خاکی، ل 70)

بە پێی ئەم شیعرەی خۆی، حەریق ئەبێ جگە لە شیعر "نەسر"یشی نوسیبێ، بەڵام تا ئیستا هەر شیعرەکانی دیارن. حەریق لە زوەوە کەوتۆتە دانانی شیعر، لە چەند بابەتی جیاوازدا شیعری داناوە. ئەشێ شیعرەکانی بکرێنە چەند بەش:

بەشی یەکەم، مەدحەکانی شێخی بورهان

بەشی دوەم، غەزەلە دڵدارییەکانی

بەشی سێیەم، رەخنەی کۆمەڵایەتی

بەشی چوارەم، بابەتی جۆراوجۆر

لە هەندێ شیعریدا هەمو بابەتەکانی تێکەڵاو کردوە.

### مەدحەکانی شەمسی بورهان

یوسف شەمسەدین (1246-1328 ک: 1829-1905 ز) شێخی تەریقەتی نەقشبەندی لە موکریان، تەریقەتی لە شێخ عوسمانی سیراجەدین (1195-1283 ک: 1781-1866 ز) وەرگرتوە. شێخی سیراجەدین تەریقەتی لە مەولانا خالید (1779-1826 ز) وەرگرتوە. دوای ئەوەی مەولانا خالید کۆچی کردوە بۆ شام و لەوێ مردوە، شێخی سیراجەدین بەهێزترین خەلیفەی بوە و خانەقاکەی لە هەورامان بەهێزترین ناوەندی بڵاوکردنەوەی تەریقەت بوە لە ناوچەکەدا.

شێخ یوسف شەمسەدین سەرەتا خانەقاکەی لە گوندی بورهان داناوە، بۆیە بە شێخی بورهان و شەمسی بورهان ناوبانگی دەر کردوە.

حەریق خۆشەویستییەکی تایبەتی هەبوە بۆ شێخی بورهان. لە چەندین شیعریدا ستایشی ئەکا. ئەو کاتەی لە خانەقادا ژیاوە و ئەو کاتەش کە لە خانەقا دەر کراوە، تا لە دنیا دەر چوە، ئاگری ئەو خۆشەویستییە نە کوژاوەتەوە. مەدحەکانی زۆرن. رەنگە هەر مەدحەی لە کاتێک و لە بۆنەیەکی جیاوازدا دانابێ، بەڵام هەمویان بۆ یەک کەسە. لە مەدحەکانیدا وا ئەزانی حەریق عاشقی شێخ شەمسەدین بوە:

**تاریکە دڵم، رەوشەنیی (کە) شەمسی هیدایەت**

**نوقتەی دڵەکەم مەبدەئی هاتۆتە نیهایەت** (حەریق، خاکی، ل 17)

.....

**قوربان! بە فیدای قاپی سەگی قاپیەکەت بم**

**وابزانە سەگم، رامگرە بۆ حیفز و حیمایەت**

**وەک تاژی لە دوی صەیدەوە، من دەبمە توفەیلی**

**بەو شەرتە کەوا پەس نیگەریت بێ بە عینایەت**

**حەیفە سەگی قاپیەکەت لە زیبانا بێ، زمانی**

**بێباکم، ئەگەرنا، لە هەزار جورم و جینایەت** (حەریق، خاکی، ل 18)

**.....**

**بورهان وەکو کەنعان و شەرەفکەند کە میسر بو**

**کردت بە مەدینەی ئەمەل و کەعبەیی غایەت**

**هەم شەمسی بە ئیسناد و هەم قوتبی بە ئیرشاد**

**ئەو خەرقە بەسە بۆ نەزەری ئەهلی کیفایەت**

**.....**

**سەد وەکو مەنسور و هەزاری وەکو شبلی**

**جاڕوکەشی دەرکەن بە هەوای دەرک و دیرایەت**

(حەریق، خاکی، ل 19)

**.....**

حەریق لە مەدحەکانی شێخی بورهاندا چەندین جار ئاماژەی بە چیرۆکی یوسف و یەعقوب کردوە. چیرۆکی یوسف یەکێکە لە چیرۆکەکانی قورئان. یەعقوب لە کەنعان ژیاوە، چەند کوڕێکی هەبوە، یوسفی لە هەمویان زیاتر خۆش ویستوە. براکانی غیرەیان لێ کردوە و پێیان ناخۆش بوە. ساڵێک باران نابارێ، گرانییەکی قورس ئەکەوێتەوە. یەعقوب کوڕەکانی ئەنێرێ بۆ کڕینی دانەوێڵە. براکان فرسەت لە یوسف ئەهێنن، ئەیخەنە بیرێکەوە و ئاگاداری باوکیان ئەکەن کە گورگ یوسفی خواردوە. یەعقوب لەتاو ئەم کۆستە چاوی کوێر ئەبێ، چەندەها ساڵ بە کوێری ئەمێنێتەوە. سەرەنجام یوسف دەر ئەکەوێتەوە. دەر ئەکەوێ کە گورگ نەی خواردوە و زیندوە. بەم هەواڵە یەعقوب دڵخۆش ئەبێ و هەر کە بۆنی کراسەکەی یوسف بە لوتی ئەگا، چاوە کوێرەکانی چاک ئەبنەوە. جا حەریق، شێخی بورهانی بە یوسف و خۆی بە یەعقوب و کەنعانی بە گوندی بورهان و شەرەفکەندی بە میسر شوبهاندوە.

شیعرێکی تری:

**لە دامێنی خەیاڵم، دامەنی گوڵ بچنە ئەی شاهید**

**بە شەرتێ شاهی شەمسەدین لە دڵما جیلوەئارا بێ**

**لە گەرمیی لوتفی مەولاوە، نیە سەردی لە مەولاوە**

**بە سەرما رۆیوە سەرما، نیە باکم بە سەرما بێ** (حەریق، خاکی، ل 71)

**.....**

**سیراجەدین، بە نوری حەق، بە هەر شەخسێ بەهای دابێ**

**بە شەمسی روی حیسامەدین وەفاکا، بێ زییا نابێ**

**بەسەر خاکی وجودی تالیبان ئیکسیری ئەلتافت**

**مسی قەلبی قەلب خالیس دەکا، گەر عەکسی تێدا بێ** (حەریق، خاکی، ل 73)

**.....**

**بە عیشقی شای سیراجەدین و شەوقی بولوەفا جانا**

**کەرەم فەرمو، وەکو دێژن نەزانستم بە زانا بێ** (حەریق، خاکی، ل 74)

**.....**

شیعرێکی تری:

**لە گۆشەی گوڵخەنی تەن، تا بەکەی ئیمانی حیسبانی**

**بە ئیمانی شهودێ بێرە نێو ئەسراری سوبحانی**

**مەڵێ تاریکە رێگەم، پەرچەمی پڕخەم دەبەستێ لەم**

**شوکور وەک رۆژی روناکە سپێدەی سوبحی پێشانی**

**دەمێکە هەروەکو بولبول لە سەرچل، سەرچڵ و شێتی**

**زەمانێکیش وەرە سەیری نەمامی باغی عوسمانی**

**خوتورت رێی حزوری بەستویی بۆ مەجلیسی باقی**

**دەترسم قەت نەبی لاقی کەوا تاقی، دڵەی فانی**

**هەتا کەی تۆ لە غەفڵەتدا دەنۆشی ژەهری خامۆشی**

**ئەگەر عەقڵت هەبێ، بەسیە زەمانی جەهل و نادانی**

**وەکو شانە هەتا جەمعە، خەیاڵت بۆ پەرێشانی**

**بە دیدارت قەسەم! ئاخر پەرێشان و پەشیمانی**

**دەبینم هەر کەسێ توحفەی خولوسیەت لەگەڵ تاعەت**

**دەبا بۆ خزمەتی مورشید بە قەلبی پاکی نورانی**

**منیش باری خەجاڵەت وا لەسەر شانم، کە ناتوانم**

**لەژێریا پێ لە بەرپێ نێم، خودا هەر تۆی کە رەحمانی**

**خەتاباتی جەدەل ئەمڕۆ یەقینە سەفسەتەی مەحزە**

**نەتیجەی ئەوەلی فکرم قیاسی کەوتە بورهانی**

**دەڵێن هاتۆتەوە شەخسێ، سەمیی ئەشرەفی عالەم**

**جەنابی سەیدی ئەکرەم، شەفیعی قاسی و دانی**

**لە کەعبەی عاریفان ئەمڕۆ لە بۆ زومرەی موریدانی**

**فیوزاتی نەسیبی عالەمی موشتاقی خۆی هانی**

**بچین بۆ خزمەتی چاکە بە ئیخلاسێکی مەردانە**

**دوعامان بۆ بکا بەڵکە لە شەڕی نەفسی زوڵمانی**

**وەکو پەروانە هەر لەحزە حەریقی شەمعی جەمعێکم**

**خودا کەی بێ مونەوەر بم بە نوری ماهی تابانی؟**

(حەریق، خاکی، ل 79-81)

شیعرێکی تری:

**بەنی ئادەم خوا وای کردوە رۆژێکی تا ماوە**

**سەراسەر عومری سەرفی سەرف و نەحوی زەرف تیا ماوە**

**.....**

**دەمێکە چاوەڕێی سورمەی غوباری مەقدەمی یارم**

**لە کۆی خوبانەوە ئەمڕۆ نەسیم تۆزێکی هێناوە**

**کتێبی عیشقی مەجنون ئایەتی روخساری لەیلایە**

**لە سورەی یوسفا دەرسی جنونی ئێمە نوسراوە**

**.....**

**کەسێ فیترەتبڵند بێ بۆ رەواجی سکەیی دینی**

**خەراجی میسری قەلبی خۆی بە حوسنی یوسفێ داوە**

**لەسەر سەودای قوماری شاهی خوبان پیری کەنعانی**

**بە چەوگانی ئیرادەت گۆی سەرم بۆ بازی داناوە**

**.....**

**بە قوربانت بم، ئەی پیری خەراباتی جیهان ئاباد**

**بە شاهید بە کەوا رۆحم لە رەهنی قوربی تۆ ناوە**

**شەهی موڵکی یەقین، شاهەنشەهی دین، پیری باتەمکین**

**رەئیسی ئەولیا رەحمێ! هەتا دڵ رێی نەبەسراوە**

**لە دارولحوزنی میحنەت ناجیە وەک پیری کەنعانی** (حەریق، خاکی، ل 60-61)

**.....**

شیعرێکی تری:

**خەوفم لە خودا چونکە لەبەر غەیری خودایە**

**ئەمنم بە درۆ، سورەتی وەک خەوف و رجایە**

**پاڵی رەحەتی داوەتەوە نەفسی خەسیسم**

**یا ئەمنی غینا، یا ئەسەری یەئس و هەوایە**

**.....**

**هەر مەزبەلە، هەر مەشعەلە، جێی پڕتەوی شەمسە**

**یەک جێگەیی فوزلە، یەکێ جێگەی فوزەلایە**

**.....**

**بورهانە لەسەر جەهلی عەدو شەمسی حەقیقەت**

**تاڵیع بو، ئەو ئەحمەقە جۆیایی چرایە**

**.....**

**پەروانەیی هەر جەمعێ نەبی، چاکە حەریقی**

**خۆت بێنەرە نێو زومرەیی ئەم شەمسی هودایە** (حەریق، خاکی، ل 65-66)

شیعرێکی تری:

**عیلاجی دەردی بێ دەرمانی من، هەر لوتفی جانانە**

**بەڵێ، ئەو خۆی حەکیمە، لوتفەکەی دەرمانی دەردانە**

**.....**

**دڵا! تاکەی بە بێ هۆشی، دەنۆشی مەی بە خامۆشی؟**

**لە گۆشەی غەم هەڵستە، وەختی سەیرانی خەیابانە!**

**عەجایەب مەدرەسەی ئێمە بە بەزم و ڕەزم و ئاهەنگە**

**ئیلاهی بەرقەراری کەی، تۆ ئەم بەزمی فەقێیانە**

**جەنابی زاتی مەولانا، فەریدی دەهرە ماشەڵڵا**

**وەحیدی عەسرە لەم عەسرە،بە عەینی عەینی نوعمانە**

**لە هەیئەتدا، لە حیکمەتدا، لە ئادابی تەریقەتدا**

**لە ئەحکامی شەریعەتدا، لە مەنتیقدا دوڕئەفشانە**

**جـەنابی ئەم زهوری بو، زەهـاوی ناویشی ون بو**

**نەزیر و شیبهی مەعدومە، میسالی غەیرەئیمکانە**

**زبانی من کلیلە بۆ کلیلی بابی ئەم مەدحە**

**ئەگەرچی فیلمەسەل فەتتاحی بابی عیلم و عیرفانە**

**"حەریقی" شیعرەکانی تۆ هەمو وەک مورغی بێ باڵن**

**لە عیشقا باڵییان سوتا بە میسلی باڵی پەروانە** (حەریق، ئەنیسی، ل 160-161)

شیعرێکی تری:

**هێندە بێزاری، کـە زانیومە بـە زاری نایەوە**

**دور لە باڵاکەت سەرینی ناهومێدیم نایەوە**

**.....**

**شەمعی خوبان پڕتەوێکی شەمسی روی تۆی لێ کەوت**

**هێند حەیا و شەرمی بە خۆیا هات، بە جارێ توایەوە**

**.....** (حەریق، خاکی، ل 59-60)

هەروەها لە شیعرێکی تریدا ئەڵێ:

**ئەی خزری ڕەهی زوڵمەتی نێو ئاوی حەیاتم**

**بێ شەمسی روخت ساکینی قەعری زوڵوماتم**

**.....**

**قوربانی سەگت بم، شەهی مەیدانی هیدایەت**

**وەک سالیکی بێمەسلەکی رێی هات و نەهاتم**

**.....**

**تۆ شەمس و منیش زەڕەیی بێجیلوە، بە قوربان**

**نیسبەت هەیە، عەیبی چیە، جۆیایی بەراتم**

(حەریق، خاکی، ل 30-32)

لە شیعرێکی تریدا کە بە هەورامی هۆنیوێتیەوە، دڵی خۆی بەوە خۆش ئەکا سەگی قافڵەکەی شێخە:

**پەی دڵوەشی وێم گاگا مەواچۆم**

**ئەر سەد رەنجەڕۆم، سەگی قافڵەی تۆم**

لە کۆتاییدا ئەڵێ:

**حەریق کافیەن پەی دنیا و دینم**

**سەگی ئاستانەی شای شەمسەدینم**

(حەریق، خاکی، ل 90-91)

**.....**

لە مێژوی مرۆڤایەتیدا خواپاندنی (تألیة) مرۆڤ و مرۆڤپەرستی، بە شێوەی جۆراوجۆر و لە کۆمەڵی جیاواز و لە قۆناغی جیاوازی ژیانی مرۆڤایەتی دا هەبوە. ئەم دیاردەیە تایبەت نە بوە بە گروپێ، یا کۆمەڵێ، یا نەتەوەیەکی دیاریکراو.

لە میسر، فیرعەونەکان خواپانراون، خۆیان بە خوا زانیوە و وەکو خوا رەفتاریان لەگەڵ خەڵک کردوە. خەڵکیش وەکو خوا گوێڕایەڵیان کردون. لە ئەوروپای سەدەکانی ناوەڕاست دا، لەناو خەڵک دا باوەڕ وابوە، شاکان راسپێردراوی خوان لەسەر ئەرز بۆ بەڕێوەبردنی خەڵک. خەڵکیش وەکو راسپێردراوی خوا گوێڕایەڵیان کردون. لە ئیسلامیش دا وا باو بوە، خەلیفەکانی ئەمەوی، عەباسی، عوسمانی، سێبەری یەزدانن لەسەر ئەرز. خەڵکیش وەکو سێبەری خوا سەیریان کردون و بە واجیبیان زانیوە گوێڕایەڵی بکرێن.

سۆفێتی کە هاتۆتە ناو ئیسلامەوە، "پیر"ی نەکردۆتە خوا، بەڵام کردویەتی بە کەسایەتیەکی ژورئاسایی، پیرۆز، نزیک لە خوا، پڕنهێنی، جیاواز لە خەڵک، کاری وای پێ ئەکرێ بە کەسی ئاسایی ناکرێ. لە نێوان پیر و موریدەکانی دا جۆرێ لە پێوەندیی رۆحی بەردەوام دروست کراوە، کە سەرەنجام

مورید پیرەکەی خۆی پەرستوە. پەرستنی کەسایەتی پیر: شێخی تەریقەت، وەکو "ڕابەری ڕۆحی"، موریدی بەرەو "ئاسودەیی خاتر"، بەرەو "ئارامیی باری سایکۆلۆجی" بردوە.

لە کۆمەڵی دواکەوتوی کوردستانی نیوەی دوەمی سەدەی نۆزدەی ژێر دەسەڵاتی عوسمانی و ژێر دەسەلاتی قاجاریدا، کە هێشتا گرێبەستی دەوڵەت- هاووڵاتی بوونی نە بوە، هێشتا چەمکی هاووڵاتیبون نە زانراوە، ڕابەری دینی و دامەزراوەی دینی بونەتە بەشێ لە دامەزراوەی فەرمانڕەوایی. داوودەزگاکانی فەرمانڕەوایی‌ش، بە هەمو شێوەکانیەوە، نەک لەو ئاستەدا نە بون "ڕەعیەت: تاک" لە ستەمی جۆراوجۆر بپارێزن، بەڵکو خۆیان زوڵمیان لێ کردون. "ڕەعیەت: تاک"یش نەی توانیوە داکۆکی لە مافەکانی خۆی بکا، خۆی بپارێزێ لە زوڵمی کاربەدەستانی حکومەت، لە زوڵمی ئاغاکانی خاوەنی نفوز و زەوی، لە زوڵمی سەرۆکی عەشیرەتەکان، لە زوڵمی بازرگانە چاوچنۆکەکانی شار. هیچ دەزگا و کەسێ نە بوە ئەم ئەرکە بەجێ بێنێ. سەرەتا ئەم بۆشاییە لە کوردستاندا "ڕابەری ڕۆحی" و دامەزراوەی تەریقەت پڕی کردۆتەوە. "تاک: ڕەعیەت"ی کوردی لە کوردستانی دواکەوتوی ئەو سەردەمە دا، بۆ ئەوەی لە روی مادیەوە خۆی بپارێزێ لە زوڵمی دەسەڵاتدارانی سەردەم و لە روی مەعنەویەوە "پیر" شفاعەتی بۆ بکا لای خوا، لە گوناهەکانی ببورێ و بی پارێزێ لە دەسدرێژی جنۆکە و لە فڕوفێڵی شەیتان، خۆی رادەستی "ڕابەری ڕۆحی" کردوە.

تەریقەتی سۆفیەتی، پێوەندیی ڕۆحی لە نێوان پیر و موریدەکەی دا دروست کردوە. ئەو پێوەندییە ئەبێ چی بو بێ لە نێوان پیر (شێخی بورهان) و موریدەکەی (مەلا ساڵحی حەریق)دا کە گەیشتۆتە ئاستێ، حەریق پلەی پیرەکەی بەرزبکاتەوە بۆ خۆر و بۆ یەکێ کە سەدان سۆفی گەورەی وەکو مەنسوری حەلاج و شبلی بەردەرگاکەی پاک بکەنەوە و خۆیشی دابەزێنی بۆ پلەی سەگی پاسەوانی؟

ڕەنگە لە عورفی سۆفیەتی کوردی دا ئەم خۆ بە "سەگ"زانینە بەرامبەر شێخی تەریقەت، شتێکی ئاسایی بو بێ. وەفایی لە هەندێ لە شیعرە فارسیەکانیدا خۆی بە "سەگی کۆی" شێخ عوبەیدوڵای شەمزینی داناوە. ئەوە شێخ ڕەزاش "خۆزگەی بە سەگی قاپیەکەی ئەحمەدی کاکی" خواستوە. تەریقەتێ کە مرۆڤ پەروەردە بکا دابەزێ بۆ ئەو ئاستە نزمە، ئەبێ کۆمەڵ بە چی بگەیەنێ؟

لە نیوەی دوەمی سەدەی نۆزدەهەمدا، بە دەیان تەکیە و خانەقا کراونەتەوە و بە دەیان شێخ لەو بارەگایانەدا ئیرشادیان کردوە و دەیان هەزار مورید و مەنسوبیان لەناو هەمو چین و توێژەکانی کۆمەڵدا هەبوە. کۆمەڵی کوردی لەوپەڕی دواکەوتن دا بوە. لە سایەی ئەم دامەزراوەیەوە، خورافات و ئەفسانەی هەڵبەستراوی دینی و باسی جنۆکە زاڵ بوە بەسەر تێگەیشتنی گشتیی خەڵک دا. کەسێ "ریاض المشتاقین"ی مەلا حامیدی بێسارانی، "کاتبی ئەسراری" شێخ عوسمانی سیراجەدین و "تحفة المریدین"ی وەفایی، "کاتبی ئەسرار"ی شێخ عوبەیدوڵای شەمزینی و "مەناقیبی کاک ئەحمەد"ی خواجە ئەفەندی و وتارەکانی "الکرد الحالیون"ی شوکری فەزڵی لە گۆڤاری "لغة العرب"دا بخوێنێتەوە، ئینجا ئەزانێ دەوری دامەزراوەی شێخایەتی تەریقەت، بە هەردو جۆری قادری و نەقشی، چی بوە لە دواخستنی کۆمەڵی کوردی لە کاروانی پێشکەوتنی مرۆڤایەتی، بە تایبەتی لە کاروانی پێشکەوتنی گەلانی دراوسێ.

کەسێکی وەکو حەریق، کە بە پێوانەی زەمانی خۆی، بە ڕۆشنبیر دا ئەنرێ، ئایا بێ ئاگا بوە، یا ئەبێ بێ دەربەست بو بێ، لەو هەمو روداوانەی لە سالانی ژیانی ئەودا لە ئێران لە پێناوی چاکسازیی سیاسی،

ئابوری، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی دا و لە پێناوی چەسپاندنی قانون و دەستور و پارلەمان و مافی هاووڵاتیبون دا قەوماوە، هەر لە تێرۆری ناسرەدین شاوە (1896 ز) تا شۆڕشی مەشروتە (1905 ز)؟

## غەزەلەکانی

یەکێ لەو غەزەلانەی کە زۆرتر حەریقی پێ ناسراوە و زۆر جار بڵاوبۆتەوە، ئەم شیعرەیە:

**چاوەکەم! دوێنێ لە گوڵشەن گوڵ بە عیشوە خۆی نواند**

**نەک نمەکگیر بم، بە مەرگی تۆ قەسەم، هەر نەم دواند** (حەریق، خاکی، ل 19)

**.....**

سەید عەلی ئەسغەری کوردستانی ئەم بەیتەی لە یەکێ لە مەقامەکانیدا تۆمار کردوە.

حەریق هەندێ غەزەلی جوانی هەڵبەستوە. یەکێ لەوانە ئەمەیە:

**حوزنی من یا حوسنی تۆ، ئیشکالە تا ئاخر نەفەس**

**چون زەکاتی حوسنی تۆ، یا حوزنی من، ناگا بە کەس**

**زاهیرەن فەرموتە: وەختی مردنی حازر دەبم**

**وا لە خۆشی مردنم دەمرم، دەسا ئینسافە بەس**

**چۆن دەکەی مەنعی دڵی من، تۆ لە شەهدی لێوی خۆت**

**لێوی تۆ وەک شەکەرستانە و دڵی من وەکی مەگەس**

**چاوەکەم لەو باغی حوسنە مەنعی چاوی من مەکە**

**لازمە بۆ پاسەوانی باغەکەت جوتێ عەسەس**

**تازە فەرموتە: لەلای کەس رازی عیشقی من مەڵێ**

**نەتدەزانی دڵ کە کون بو، دەنگی لێ دێ وەک جەڕەس؟**

**پێی بڵێن: زاهید بە خێری خۆی لە وەعزی من گەڕێ!**

**عیشقی من شوعلە و بڵێسە، وەعزی ئەو وەک خار و خەس**

**خاڵی سەوزە، داغی سەوزە، باسی ناسۆری مەکەن**

**تا زەدەی ئەو بێ "حەریقی"، قەت شیفای نایە بە کەس**

(حەریق، خاکی، ل 26-27)

یەکێ لە غەزەلەکانی حەریق کە رەنگە جیاواز بێ لە غەزەلەکانی تری  و یارییەکی جوانی بە وشە کردوە، ئەڵێ:

**کە قەتلی خوێنی من، زوڵفی کەچی کرد**

**نیە داخم ئیتر زوڵفی کە چیی کرد**

**خەیاڵم کرد لە باغی خاڵی، فەرموی:**

**هەتیو! لاچۆ، خەیاڵی خۆت لە چی کرد؟**

**لە خزمەت ئاسمانی حوسنی روی تۆ**

**سەما کەوتە سەما، گەردنکەچی کرد**

**بە تیری غەمزە جەرگت پارە کردم**

**تەماشای تیری موژگانت کە چی کرد؟**

**ئەگەر وەسفت بە "ما هذا بشر" کەم**

**پەشیمانم، دەڵێم وەسفم بە چی کرد؟**

**خەیاڵاتی شەو و رۆژم لە شام و**

**نەهار و زوڵف و روی تۆ بو، هەچی کرد**

**"حەریق" سینەی کە پڕ دوخانی خەم بو**

**لە داغی ئەحمەدی دوخانە چی کرد** (حەریق. ئەنیسی. ل 143)

یەکێکی تر لە غەزەلە جوانەکانی:

**خوا! تۆبە لە دەس شۆخێ کە وەختێ عیشوە دەنوێنێ**

**سەری تۆبەی مەلا و زاهید بە تۆبەی جیلوە دەشکێنێ**

**ستونی قامەتت راگرتەوە بۆ خێوەتی دینم**

**خودا بۆ تولی عومرت، ئەو تەناف و دارە نەپسێنێ**

**لە رەمزا حیکەمەتولعەینی ئیشارەی چاوی بیمارت**

**بە قانونی ئەدەب، ئایەی شیفا، بۆ ئێمە دەخوێنێ**

**نەخۆشی دەردی هیجرانم، ویساڵی تۆیە دەرمانم**

**شیفام نایه، مەگەر بۆنی نەسیمی پەرچەمت بێنێ**

**خەیاڵی نەوبەهار و سەیری گوڵزاری عەزیزانم**

**گەهێ بۆ روی گوڵ و گاهێ لە بۆ سەبزەی خەتم دێنێ**

**زرێی زوڵف و موژەی تیر و برۆی شمشێری راکێشا**

**لە زومرەی عاشقانی خوێن بەهای روخساری دەستێنێ**

**لە رِێی بادەی پیاڵەی چاو و شیشەی گەردنی ساقی**

**کەسێ گەر ئابڕوی بێ، رەنگە جامی عەیشی برِژێنێ**

**دەزانی بۆ تەرازوی زوڵفی سەرناکا لە هیچ لاوە؟**

**بە پارسەنگی حەیا دەستی لە میزانا دەبزوێنێ**

**حەریقی ناری هیجران و غەریقی ئەشکی حیرمانم**

**ئەگەر ئەم بێ دەخنکێنێ، ئەگەر ئەو بێ ئەسوتێنێ**

(حەریق، خاکی، ل 81-82)

غەزەلەکانی حەریق بە گشتی یەکێتی قافیەیان تێدایە، بەڵام یەکێتی بابەتیان تێدا نیە. هەمو بەیتێکی سەربەخۆیە لە بەیتەکانی تر. ئەگەر جێگۆرِکێ بە بەیتەکان بکرێ، هیچ لە واتاکانی و لە جوانی شیعرەکە ناگۆرِێ. غەزەلە دڵدارییەکانی حەریق هیچ نیشانەیەکی سۆفێتییان پێوە دیار نیە.

هێمن چەند جارێ لە وتارەکانیدا بە کورتی باسی حەریق و پلەی ئەدەبیی حەریقی کردوە، بێ ئەوەی بۆ سەلماندنی بۆچونەکانی هیچ بەڵگەیەکی هێنابێتەوە. لە یەکێ لەو وتارانەدا بەمجۆرە حەریقی هەڵسەنگاندوە: "حەریق نەک هەر باشترین شاگردی نالی بوە، بەڵکو قوتابخانەی نالی بردۆتە موکریان و شاگردی باشی لەو مەڵبەندەی کوردستان پێگەیاندون، ئەدەب، سەید رەشید، عەلی بەگی حەیدەری و سەیفی قازی کە خۆی خاوەنی قوتابخانەی شیعریە، هەمو شاگردی حەریق بون." (هێمن، ل 107)

حەریق ئاگاداری بەرهەمی شاعیرانی نەوەی یەکەم بوە. لە شیعرێکیدا ئەڵێ:

**لە لای خۆم تەبعی عالیم بو، لە لای خۆم فکری "نالی"م بو**

**ئەمێستا شیعری بێ مەعنان، دەڵێی وەک جیسمی بێ جانە**

(حەریق، ئەنیسی، ل 160)

لە هەندێ شیعری دا ویستویەتی لاسایی نالی بکاتەوە و لە شیعرێکی دا بەرپەرچی داوەتەوە. شیعرەکانی حەریق، نە لە شێوە و نە لە ناوەرۆک دا، هەرگیز نەگەیشتونەتە ئاستی نالی. نەگەیشتونەتە ئاستی شیعرەکانی شاعیرانی نەوەی یەکەمی قوتابخانەی بابان.

لەو سەردەمە دا ئەدەبی فارسی لە گەشانەوەیەکی زۆردا بوە. "سەبکی بازگەشتی ئەدەبی" گیانێکی نوێی کردۆتەوە بە بەر شیعری فارسیدا و لە هەمان کات دا شێوەی نوسینی نەسری فارسی لە سادەیی نزیک بۆتەوە و نوسینی رۆمان داهاتوە. لەگەڵ سەرهەڵدانی بزوتنەوەی مەشروتە، ئەم بزوتنەوە ئەدەبییە کۆتایی هاتوە و قۆناغێکی تری ئەدەبی دەستی پێ کردوە، ناوەرۆکێکی سیاسیی شۆڕشگێرانەی هەبوە. لەو سەردەمە دا سەدان رۆژنامە و گۆڤار و شەونامە لە تاران و تەورێز و شارەکانی ئێران دا دەرچون، بەڵام پێ ناچێ هیچ گۆڤار یا رۆژنامەیەک بە زمانی کوردی لە ئێران دەرچو بێ. کوردستان دابڕاو بوە لە پێشکەوتنی فەرهەنگیی ئێرانی. پێناچێ، نە سەبکی بازگەشتی ئەدەبی و نە سەبکی شۆڕشگێڕانەی مەشروتەخوازان لە کوردستانی قاجاری دا دەنگدانەوەی هەبو بێ. رەنگە هەندێکیان، لەوانە حەریق، ئەسڵەن ئاگایان لێ نەبو بێ.

## بابەتی جۆراوجۆر

### سیغار و چا

چاندنی توتن کەی هاتۆتە کوردستان و هەڵمژینی دوکەڵەکەی کەی بوە بە "خوو"، هێشتا نازانرێ. بەڵام چا لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمەوە بوە بە باو. حەریق باسی هەردوکی کردون و پێ ئەچێ هەم دوکەڵی کرد بێ، هەم حەزی لە چاخواردنەوە بو بێ. پێش ئەوەی "سیغار" دابهێنرێ، کێشانی دوکەڵی توتن بە "قەننە" و "سەبیل" بوە. حەریق لێرەدا هەرسێکی کۆ کردونەتەوە، باسی چا و قاوەشی کردوە. چا و قاوە، لە دیوەخانەکاندا، خواردنەوەی دەوڵەمەندەکان بون:

**تەعاروف بە سیغارە، شیعاری ئەهلی کیبار**

**سەبیلی عادەتی مەسدودە بۆ رەواجی سیغار**

**لە قاوەی قاوەچی هەرکەس کە مەشرەبی چا بێ**

**بە دودی قەننە قەناعەت دەکا فەقیر و هەژار** (حەریق، خاکی، ل 25)

**.....**

لە شیعرێکی تری دا ئەڵێ:

**"حەریق" سینەی کە پڕ دوخانی غەم بو**

**لە داغی ئەحمەدی دوخانە چی کرد** (حەریق، خاکی، ل 143)

دیارە لەو سەردەمە دا چایی بۆتە بابەتێکی گەرم. حەریق بابەتی چای تێهەڵکێشی هەندێ لە غەزەلەکانی کردوە. بەڵام ویستویەتی جۆرێ لە رەوانبێژی تێدا بەکاربهێنێ، وشەی "چا"ی لە بەرامبەر "چاک"دا بەکار هێناوە.

**گەلێ کەس دەستی چا دەڕوا، وەکو چا ئابڕوی رۆیی**

**بەڵام بۆ دین وەکو دونیا بە دەست و بردی نابینم**

**....** (حەریق، خاکی، ل 43)

**نەفەس دەم، دیدە پڕ ئاب و سەماوەر سینە، جەرگ ئاتەش**

**کەلامم قەندە، گەر ساتێ لەگەڵ من ئارەزوی چا بێ**

**.....** (حەریق، خاکی، ل 71)

**بە زوخاڵی جگەر و دودکەشی ئاهت و سینەت**

**هەر بە جۆشێ ئەبو چا، بە نیو دەمی کێشا بێ**

**.....** (حەریق، خاکی، ل 74)

**تاڵ و شیرین پێکەوە نەم دیوە، چا بێ، چا نەبێ**

**هەر کەسێکی هەمنشینی چا نەبێ، پێت چا نەبێ!** (حەریق، خاکی، ل 8)

### مەکتەبی روشدیە

ئەحمەد پاشای بابان، دوا پاشای میرایەتی بابان، هێزێکی نیزامی لەسەر شێوەی سپای هاوچەرخ، پێک هێناوە. بەو بۆنەیەوە نالی لە ستایشی ئەو هێزە دا ئەڵێ:

**ئەم تاقمە مومتازە کەوا خاسەیی شاهن**

**ئاشوبی دڵی مەملەکەت و قەلبی سوپاهن** (نالی، ل 340)

دوای ئەوە بە دەیان ساڵ لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم دا، دەوڵەتی عوسمانی لە سلێمانی خوێندنگایەکی، بە پێی سیستەمی خوێندنی تورکی‌ی هاوچەرخ، بە ناوی "روشدیە"وە کردۆتەوە. سیستەمی خوێندن و بەرنامە و مامۆستاکانی روشدیە جیاواز بون، لە سیستەمی خوێندنی دینی‌ی مزگەوت و مەلاکان. لەم خوێندنگایەدا دەیان زانا و رۆشنبیری کورد پێ گەیشتون، لەوانە: محەمەدئەمین زەکی، تۆفیق وەهبی، مستەفا پاشای یامولکی.. تاد.

حەریق، هاوتای شیعرەکەی نالی کە بۆ ستایشی هێزە نیزامی‌یەکەی میری بابانی داناوە، شیعرێکی بۆ ستایشی خوێندکارانی ئەم خوێندنگایە داناوە:

**ئەم تاقمە شیرینە لە مەکتەب کە دیارن**

**جەللادی دڵی عالەم و ئاشوبی دیارن**

**.....**

**مومتازی جیهانن، هەمو مونتەخەبی شار**

**ئاغالەر و بەگزادە و ئەسناف و کیبارن**

**.....**

**هەر خەریکی ئەحمەد و مەحمودە خەیاڵی شەو و ڕۆژم**

**لەم مەکتەبی روشدیە کەوا پڕ لە نیگارن** (حەریق، خاکی، ل 48-49)

ئەوەی لێرەدا سەرنج را ئەکێشێ، دو تێبینین:

**یەکەم:**

ئەم خوێندنگایە، خوێندنگایەکی "عەلمانی" بوە، دەرسەکانی جیاواز بون لە دەرسەکانی مەدرەسە دینیەکان، مونافەسەی قوتابخانەی مزگەوت و مەدرەسە دینیەکانی کردوە. حەریق وەکو مەلایەک پێشوازی لەم خوێندنگایە کردوە. ئەمە نیشانەی کرانەوە بوە لە بیرکردنەوەی حەریق دا.

**دوەم:**

ئەم خوێندنگایە لە سلێمانی کراوەتەوە. ئەو سەردەمە لەژێر دەستی دەوڵەتی عوسمانی دا بوە. حەریق دانیشتوی سەقز یا سابڵاخی ژێر دەستی دەوڵەتی ئێران بوە. ئایا حەریق لە کاتی کردنەوەی ئەم خوێندنگایە، لە سلێمانی بوە، یان هەر لە ئێران بوە و بەو بۆنەیەوە لەوێ شیعرەکەی داناوە؟

## نامە بە شیعر

لە قەسیدەیەکی تری دا، کە وەکو نامەیەکی شیعری وایە بۆ یەکێ لە دۆستەکانی نوسیبێ، باس لە نالەباری باری گوزەرانی و سکاڵا لەدەس کەساسی و بێ کەسی خۆی ئەکا، ئەڵێ:

**هەوری خەفەتە، بەفری غەمی داوە بە سەرما**

**یا سەرسەری دوریتە کە لێی کردومە سەرما**

**گاهێ بە شەرارەی غەم و گەهـ سەرسەری هیجران**

**خۆشی نەبو بۆ من، نە بە گەرما، نە بە سەرما**

**کەوتۆتە سەرم ئەشک و غوباری ئەلەمی دڵ**

**یەعنی: کە قوڕی میحنەتە کردومە بە سەرما** (حەریق. خاکی. ل 10)

حەریق چەند سالێ مەلای گوندی ساحێب بوە. ساحێب گوندێ بوە سەر بە سەقز. سەقزیش شارێ بوە سەر بە سنە. گلەیی ئەکا لەوەی لەناو دانیشتوانی ساحێب دا هاورێ و هاودەمی نە بوە، ببنە هاوڕازی و پشتیان پێ ببەستێ. کە ساحێب بەجێ بێڵێ بڕوا بۆ سەقز، لەوێش نەک ناحەسێتەوە، بەڵکو ئەوەندە هەراسانە، ئاگری جەهەننەم لە جگەریدا هەڵ ئەگیرسێ. شاعیر، هەستی بەزەیی لە وەرگردا ئە بزوێنێ، کە باسی کەساسیی خۆی ئەکا:

**گەر دەچمەوە ساحێب، نیە هیچ مونس و ساحێب**

**گەر دەچمە سەقز، ناری سەقەر وا لە جگەرما**

**شاهیدمە حەواسم، کەسەکەم، چەندە کەساسم**

**بە خودا نیە غیرەت لە خەیاڵ و لە نەزەرما**

ئینجا رو ئەکاتە دۆستەکەی و ئەڵێ:

**هەرچەندە بە جیسمانی کە دورم لە حوزورت**

**روحانیەتت سەبتە لە نێو دیدەی تەڕما**

**تۆفانی سروشکم کە چوە سەر جودی وجودم**

**کەشتی تەنی نوقوم کرد و نە نوح و نە ئەسەر ما**

**لەوساوە کە تۆ رۆییت، دڵم رۆیی بە دوتا**

**هێلانەیی تەن هەروەکو مەئوای سەقەر ما**

**بێ فەوجی وەفاکەت کە جەفایە، وەرە ئەمشەو**

**ئەم لەشکری ئاهی منە بێ فەتح و زەفەر ما**

**لەم قەسوەتەدا دانەکەوێ پەردەیی زوڵمەت**

**بەرچاوی دڵم بگرێ، دەسا بێ بە گوزەرما**

**ئاوێنەیی دڵ ژەنگی قەساوەت روخی پۆشی**

**خاکستەری دڵسوختەیی بێنە بە سەرما**

**.....** (حەریق. خاکی. ل 11)

## حەریق و رەخنەی کۆمەڵایەتی

حەریق دائەنرێ بە یەکێک لەو سێ پێشەنگەی: حەریق (1856-1909 ز)، وەفایی (1844- 1902 ز)، ئەدەب (1859-1916 ز)، کە دانانی شیعریان بە زمانی کوردی و بە شێوەی قوتابخانەی بابان، لە کوردستانی قاجاری‌دا داهێناوە و رۆڵیان هەبوە لە پەرەپێدان و بڵاو کردنەوەی دا. سەرەڕای ئەمانە، ئەگەر بە وردی گەشتێ بەناو شیعرەکانی حەریق دا بکرێ، روباعیەک و هەندێ شیعریان تێدایە، جیاوازن لە هەمو شیعرەکانی تری، نە مەدحی پیری تەریقەت و نە غەزەلی دڵداری و نە باسی توتن و چان، بەڵکو ئەچنە خانەی "رەخنەی کۆمەڵایەتی"یەوە. شیعرەکان بە ژمارە کەمن، بە زمان ناڕەوانن، بە شێوە داخراون، بەڵام بە ناوەرۆک و مەبەست دەوڵەمەن و گرنگن.

موکریان، ناوچەی ژیانی ساڵانێکی زۆری تەمەنی حەریق، لە روی کارگێڕی‌یەوە سەر بە ئیالەتی ئازەربایجان بوە. ئازەربایجان بارەگای "وەلیعەهد"ی ئێران بوە. کورد لەو ناوچەیەدا لەژێر باری چەوسانەوەی ئابوری و مەزەبی دا ژیانی تاڵ بوە. سەرەڕای ئەمانە، لە ساڵانی ژیانی حەریق دا دو روداوی گەورە لەو ناوچەیەدا قەوماون، کە هەردوکیان کاریگەریی زۆریان لەسەر ژیانی خەڵک هەبوە: یەکێکیان، شۆڕشەکەی شێخ عوبەیدوڵای شەمزینی (1880 ز)، پیری گەورەی تەریقەتی نەقشبەندی، کە لەشکرەکەی سەرەتا بەشێکی ناوچەی موکریان، لەوانە سابڵاخی، رزگارکردوە، سەرەنجام شۆڕشەکە بە تێشکانێکی سەخت کۆتایی هاتوە، لەپای ئەمە ناسرەدین شای قاجار (1831-1896 ز) کارەساتێکی گەورەی بەسەر هەمو ناوچەکەدا هێناوە؛ هەزاران کەس کوژراون و دەیان هەزار ئاوارە بون و سەدان گوند وێران کراون. ئەوی تریان، ئینقیلابی مەشروتەیە (1905-1908 ز)، کە تەورێزی پایتەختی ئازەربایجان یەکێ لە ناوەندە هەرە چالاکەکانی بوە.

حەریق لە "روباعی"یەکەدا بەوپەڕی ئازایەتی‌یەوە بە ئاشکرا ئەچێتە مەیدانی رەخنەی کۆمەڵایەتی‌یەوە، ئەمیش وەکو شێخ رەزای تاڵەبانی بە رەشبینی‌یەوە لە خەڵکی زەمانەکەی ئەڕوانێ، تابلۆیەک بە شیعر سازئەکا کە چۆن خراپە بەسەر کۆمەڵدا زاڵ بوە. دیارە کۆمەڵ ئەوسا لەژێر دەسەڵاتی شاکانی قاجار و وەکیل و دەوستوپێوەندەکانیاندا بوە. حەریق ئەڵێ:

**چومە جەرگەی "ئەهلی دڵ"، جەرگێکی بێداغم نەدی**

**ناڵەیی بولبول لە باغا، بێ قڕەی زاغم نەدی**

**عالەمێکی پڕ لە ناساغ و یەکێکی ساغم نەدی**

**دور لە مەردانی خودا غەیری قوڕمساغم نەدی**

(حەریق، خاکی، ل 92)

شێخ رەزاش زیاتر ئەڕوا و ئەڵێ:

**ساغ لە دنیادا نەماوە، گەر قسەی ساغت دەوێ**

**بێ هەزارت پێ نیشان دەم، گەر قوڕمساغت دەوێ!** (شێخ رەزا، ل 116)

یەکێ لە شیعرەکانی حەریق، کە ئەچێتە خانەی "ڕەخنەی کۆمەڵایەتی"یەوە، ئەو شیعرەیەتی کە بەمجۆرە دەس پێ ئەکا:

**عالەمێکە پڕ شەڕوشۆڕ و نیزاع و ئیرتیهاش...**

کە جێگەی چەندین سەرنجە:

**یەکەم:**

ئەم شیعرە "یەکێتی بابەتی" تێدایە. هەمو بابەتەکەی تەرخان کردوە بۆ رەخنە لە دۆخی خراپی داوودەزگای حوکمڕانی. ئەگەر جێگۆڕکێ بە بەیتەکانیشی بکرێ، شتێ لە مەعنای گشتی شیعرەکە ناگۆڕێ.

**دوەم:**

شیعرەکە تا ئەندازەیەک داخراوە. بە رونی مەبەست نادا بە دەستەوە. سەرەتا کۆمەڵێ وشەی نائاشنای عەرەبی: ئیرتیهاش، ئیغتیشاش، ئیفتیراشی کردۆتە قافیەی شیعرەکانی، رەنگە ئەوەشی بە ئەنقەست کرد بێ. ویستبێتی مەبەستی راستەقینەی خۆی لە پشتی ئەم وشانەوە بشارێتەوە.

**سێیەم:**

باسی ئاڵۆزانی هەلومەرجی وڵات و تێکچونی پێوانەکانی "باش" و "خراپ"ی لە لای کۆمەڵ کردوە، باسی نەمانی ئاسایشی سەر و سامانی خەڵکی کردوە و "عالەمەکە" بە جۆرێ نائارام بوە، هیچ کەس نەی توانیوە شەو بە ئاسودەیی سەر بکاتە سەر سەرین:

**عالەمێکە پڕ شەڕوشۆڕ و نیزاع و ئیرتیهاش**

**رۆژگارێکە سەراسەر میحنەت و پڕ ئیغتیشاش**

**کەس نیە بۆ ئیستیراحەت سەر بنێتە سەر سەرین**

**کەس نیە ئاسودە بێ پاڵوی لە خاری ئیفتیراش** (حەریق، خاکی، ل 27)

بەڵام دیار نیە ئەو "عالەم"ەی حەریق باسی ئەکا، کە "پڕبوە لە شەڕوشۆڕ و نیزاع و ئیرتیهاش"، کوێ بوە و کێ کردویەتی و لە ئەنجامی چیدا بوە؟ ئاخۆ ئەو زوڵمە کۆمەڵایەتی‌یە بوە کە بە درێژایی زەمان دەسەڵاتی قاجار کردویەتی، یان یەکێ لەو روداوانەی سەردەم بوە؟ بۆنەی هۆنینەوەی شیعرەکە و کاتی دانانی دیار نیە.

**چوارەم:**

پاشماوەی غەزەلەکەی بۆ باسی خراپی داوودەزگای حوکمڕانی‌یە. دەزگای دینیش وەکو بەشێکی.

"ئەهلی دڵ"، پیاوچاکەکانی کۆمەڵ، ئەوانەی زانا و شارەزای بەڕێوەبردنی کاروباری وڵاتن، لەتاو زوڵم و ستەمکاری، لەبەر بێدەسەڵاتی خۆیان، بەرامبەر ئەو بارە نالەبارە، کشاونەتە دواوە، سەریان کزکردوە، لە نائومێدی دا ئەژنۆیان گرتۆتە باوەش و خەم ئەخۆن.

ئەوانەش کە هەڵپەیانە، بۆ سەر کەلاکی دنیا و بەدوای نانی بەلاشەوەن، گوێ نادەنە بەهای بەرزی دینی و ئەخلاقی، گوێ نادەنە ئەوەی چییان پێ ئەوترێ، بونەتە خاوەنی موڵک و سامان:

**تاڵبی ئیمساکی دەرخست، روبەڕو هاتۆتە پێش**

**ساحێبی عیرفان و دانش، سەربەزانو چۆتە پاش**

**بۆ سلوکی ڕێی مەعاریف، پاڵەوانیش ناتەوان**

**بۆ تەریقی جەزبی جیفە، وەک یەکە ورد و هەراش**

**نان و ئاوی "ئەهلی دڵ"، هەر غوسەیە و خوێنی جگەر**

**دەستی بەرداوە لە عورزە تاڵبی نانی بەلاش**

**هەر کەسێ دانگێ شعوری بێ، شەعیرێکی هەیە**

**ئەبلە بێدەنگ بۆتە ساحێب موڵکی شەش دانگ و مەعاش**

ئینجا ئەڵێ:

**گەر بە تێلا و زۆر نەبێ، رۆزی وەدەس کەس ناکەوێ**

**شاهیدە بۆ مودەعایە حوکمی قازی و کێری جاش**

(حەریق، خاکی، ل 27-28)

حەریق لێرەدا ئاماژەی بە بابەتێکی کۆمەڵایەتی ئاڵۆز و ناشیرین کردوە، کە ئەویش "مارە بە جاش" بوە. هەندێ مەلا و قازی کوردستان بۆ ئاشتکردنەوەی ژن و مێردی لە یەک ترازاو، بە تایبەتی بۆ ئەوانەی هەژار و نەدار بون، پێڕەوی ئەم حوکمەیان کردوە. بەڵام ئەم حوکمە "کەرامەتی مرۆڤانە"ی ژن و مێردەکەیان تێک شکاندوە. حەریق ئەم بەیتەی تێهەڵکێشی غەزەلەکەی کردوە، رەنگە ئاماژە بێ بۆ هەواڵی روداوێکی ئەو کاتە کە لەناو خەڵک دا بڵاو بوە. لە هەمان کات دا ئاماژەیە بۆ دابەزینی ئاستی دادگا و دادوەری، بە تایبەتی دادگای شەرعی.

حەریق، وەکو تێکچونی پێوانەی زانایی و لێهاتویی لەناو کۆمەڵ دا، باسی گەندەڵی بەشێ لە دامەزراوەی دینیی ئەکا بە هەردو جۆرەکەیەوە: قازی و مەلای دامەزراوەی مزگەوت، مورشید و خەلیفەی دامەزراوەی خانەقا و تەکیە و ناتۆرەی خراپ ئەداتە پاڵ هەر چواریان. لە راستیدا بۆ ئەو زەمانە کەسێ دەستی بۆ بابەتێکی وا هەستیار برد بێ، بە ئازایەتییەکی زۆر دائەنرێ، بە تایبەتی کە حەریق خۆی مەلا بوە و لە هەمان کات دا سەر بە یەکێ لە خانەقاکانی سۆفیێتی بوە.

لە کۆتاییدا باسی تەنیایی خۆی کردوە و وتویەتی: ئەگەر وەک ئەرستۆ زانا بێ و وەک ئەسکەندەر جیهانگیر، لەم هەلومەرجە شێواوەدا، هێشتا کەسێکی دەس ناکەوێ، هاوباوەڕێکی باش بێ، ئیتر لەبەر بڵاو بونەوەی خراپی بێ یا لە ترسان، بیکاتە هاوڕێی خۆی. رەنگە هەر لەبەرئەوەش بو بێ لە دوابەیتی ئەم غەزەلەدا ناوی خۆی نەهێناوە.

**دین بە زایع چو ، مەگەر بۆی ڕێکەوێ پیاو ، ناگەهان**

**وەک کەلیمولڵا خودا کردیە دەلیلی سەنگتەراش**

**نەک وەکو قازی زەروری و وەک مەلای ناخوێندەوار**

**یا خەلیفەی کۆڵەتاش و مورشیدی خۆهەڵتراش**

**یا وەکو من بەخت و تاڵیع یاوەر و یارم نە بو**

**جێی موتالا و نۆرە دەرسم بو بە دەورەی نۆرە ئاش**

**وەک ئەرەستو بم، جیهانگیر سکەندەر بێ، نیە**

**جارێ بابایە رەفیقم بێ وەکو وێڵداشی باش**

(حەریق. خاکی. ل 28)

لە شیعرێکی تریدا کە ئەویش دیسان ئەچێتە خانەی "رەخنەی کۆمەڵایەتی"یەوە، ئەگەر سەرنجێکی وردی لێ بدرێ، بە قوڵی باسی داڕمانی ڕێکخراوەی بەها بەرزە کۆمەڵایەتی‌یەکانی ناو کۆمەڵی ئەو زەمانەی دەوروپشتی خۆی کردوە.

کۆمەڵێ دەستەواژە و چەمکی رەفتاری کۆمەڵایەتی کە پێچەوانەی یەکترین لە بەرامبەر یەکتریدا ریز کردون، لەگەڵ یەک بەراوردی کردون: مەردی لە بەرامبەر نامەردی دا، روسپیی لە بەرامبەر روسوری دا، درۆ لە بەرامبەر راستی دا، وردی لە بەرامبەر درشتی دا، برۆیش لە بەرامبەر دەقیقی ئاردا، دنیا لە بەرامبەر دین دا، زاهید لە بەرامبەر عارف دا، بێ هاودەردی لە بەرامبەر هاودەردی دا..

لە مەسرەعی یەکەمی بەیتی یەکەمی شیعرەکەیدا: "بەشی ناسینی نامەردی لە کەس دا مەردی نابینم." کلیلی تێگەیشتنی هەمو شیعرەکەی بە دەستەوە داوە.

لەم شیعرەدا نەک هەر رەخنەی گرتوە، بەڵکو زۆر رۆشنتر لە شیعرەکەی پێشوی، هێرشی کردۆتە سەر هەمو کۆمەڵ، تەنانەت "ئەهلی دڵ" و پیرەکەی خۆی و دەستوپێوەندەکانی و دامەزراوەی خانەقایشی لێ دەر نە هێناوە. خۆیشی لە گەڕانی ناو ئەو دنیایە دا، بە دوای بینینی مەردی و روسوری و راستی دا، بە تەنها و بێ هاودەرد بینیوەتەوە:

**بەشی ناسینی نامەردی، لە کەسدا مەردی نابینم**

**لە لایەکی کە روگەرمی نەبێ، دڵسەردی نابینم**

**چ روسپیەک، بە روسوری، لە بۆتەی ئیمتیحان دەرچو**

**درۆناکەم، بە وەجهی راستی، روزەردی نابینم**

**لە کەند و رەندی عالەم قەت مەپرسە، گەر خیرەدمەندی**

**خودا هەڵناگرێ رەندم نەدیوە، کەندی نابینم**

**لە کەس وردیم نە دیوە، تا درشتی پێ نمایان بێ**

**کەسێ بڕوێش دەکا و لافی دەقیقە، وردی نابینم**

**گەلێ کەس دەستی چا دەڕوا، وەکو چا ئابڕوی ڕۆیی،**

**بەڵام بۆ دین، وەکو دونیا، بە دەستوبردی نابینم**

**ئەوەی عارف بو دەی زانی ئەمن چم دەکوت و لام باشە**

**دەڵێم: زاهید بە داراچێ، ئەمن وەک بەردی نابینم**

لە دوا بەیتیدا ئەڵێ:

**"حەریق" دەردی گرانە، دەردی بێ هـاودەردیـەتـی وا،**

**لە هاودەردێ گەڕاوم، حەیفێ هیچ هاودەردێ نابینم**

(حەریق، خاکی، ل 43)

***

**"کە باسی نەوەی یەکەم و نەوەی دوەم و نەوەی سێیەم ئەکەین لەمە تەنیا..."** (*)

---

(*) **"کە باسی نەوەی یەکەم و نەوەی دوەمی و نەوەی سێیەم ئەکەین، لەمە تەنیا..."** ئەمە دواهەمین رستەی تەواو نەکراوی ئەم لێکۆڵینەوەیەی نەوەی دوەمی شاعیرانی قوتابخانەی بابانە و نیشانەی ئەوەیە کە بابەتەکە تەواو نەکراوە. بەڵام وادیارە بەتەما بوە لە کۆتاییەکانی ژیانیدا لەسەر شیعر و تایبەتمەندیی یەک بە یەکی ناوە دیارەکانی نەک هەر نەوەی دوەم، بەڵکو نەوەی سێیەمی ئەو قوتابخانە شیعرییەش بنوسێ. بەڵام بە داخەوە مەرگ مەودای نەدا و ئەم پرۆژەی نوسینەی بە تەواو نە کراوی بەجێ هێشت.

**بۆ نوسینی ئەم بابەتە، پشت بەستراوە بەم سەرچاوانە:**

- دیوانی حەریق- بەسەرهاتی حەریق، لەسەر ئەرکی مەحمود خاکی لە چاپ دراوە، چاپخانەی الجمهوریة لە کەرکوک، چاپی دوەم، 1969.

- دیوانی حەریق، لێکۆڵینەوەی سەید نەجمەدینی ئەنیسی، بەهاری 1368ی هەتاوی- مەهاباد.

- پاشەرۆکی مامۆستا هێمن، چاپەمەنی سەیدیان، مەهاباد، خاکەلێوەی 1326، چ1.

- دیوانی حاجی قادری کۆیی، لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی: سەردار حەمید میران و کەریم مستەفا شارەزا، لەسەر نوسینێکی نوێ بە پێی بۆچوونەکانی موحەمەدی مەلا کەریم، بە پێنوسی سەعید کەرەمی. چ2، سنندج، انتشارات کردستان.

دیوانی نالی، لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی: مەلا عەبدالکریمی مدرس و فاتح عەبدالکریم، پیاچونەوەی: محمدی مەلا کریم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد- بەغدا، زنجیرە5، 1976.

- دیوانی سالم، ساغ کردنەوە و لێکدانەوەی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس و فاتیح عەبدولکەریم و محەمەدی مەلا کەریم، ئامادەکردنی سدیق سالح، بنکەی ژین، چ1، ب2.

- دیوانی شێخ رەزای تاڵەبانی، کۆکردنەوە و ساغکردنەوەی شێخ محەمەدی خاڵ و ئومێد ئاشنا، بڵاوکراوەی ئاراس ژمارە 223، هەولێر 2003، چ1.

ئەو ژمارانەی لە سوچی چەپی دواین بەیتەکاندا نوسراون، ئاماژەن بۆ ژمارەی لاپەڕەی ئەو سەرچاوانەی لەم لێکۆڵینەوەیەدا بەکار هاتون.

# Picking Flowers Along the Way

## The Second Generation of the Baban School of Poets

**Nawshirwan Mustafa Amin**

**Volume 1**
**Book 3**

ISBN: 978-9922-20-381-2
9789922203812

بەرگ تێگرتن : پیرەمێرد

www.nawshirwanmustafa.org